# عاشقة

**خەڵاتی گنکوری ساڵی 1984 پێدراوە**

**لە لایەن نووسەرەوە پێشکەش کراوە بە برونو نویتن**

**ناوی کتێب: عاشقەکە**

**نووسینی: مارگرێت دۆراس**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: قاسم روبین**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: شاهۆ حەسەنپور**

**بابەت: ڕۆمان**

**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج**

**پیت چنین: نەسرین شەهرەوان**

**تیراژ: 1000 دانە**

**نرخ: 2000دینار**

**ژمارەی سپاردن: 90 ی 2007**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپی : یەکەم ساڵی 2007**

**کوردستان -سلێمانی**

**www.sardamco.com**

مارگرێت دۆراس

# عاشقەکە

ڕۆمان

وەرگێڕانی

**شاهۆ حەسەنپور**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (418)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی





# مارگرێت دۆراس (1914-1996)

مارگرێت دۆراس بەهاری 1914 لە شاری جیادین لە نزیك شاری سایگۆن لە ڤیتنام (هیندووچینی) پێشوو کە کۆلۆنی فەرانسە بوو، لە بنەماڵەیەکی فەرانسی لە دایك بوو. دۆراس هەتا تەمەنی هەژدە ساڵی لە ڤیتنام دەژی پاشان دەگەڕێتەوە فەرانسە و پاشماوەی ژیانی لەوێ بەسەر دەبا. لە بواری خوێندندا دۆراس پلەی باکالۆریۆسی ماف وەردەگرێ، هەروها لە ژێر جەختی دایکیدا بیرکاری دەخوێنێ کە خۆی حەزی لێ نەبووە.

یەکەم چالاکی دۆراس لە بواری سیاسیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1943 کە دەچێتە پاڵ جوڵانەوەی بەرگریی فەرانسەوە و، ساڵێك دواتر دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە و بۆ ماوەی 10ساڵ ئەندامی ئەم حیزبە دەبێ. مارگرێت دۆراس دژی شەڕی جەزایر بووە. ئەو لە ساڵی 1968 دا ئەنجومەنی "خوێندکاران-نووسەران" ی دامەزراند.

یەکەم نووسینی ئەدەبی دۆراس ساڵی 1941 بڵاو دبێتەوە و لە ماوەی ژیانیدا کۆمەڵێك رۆمان و ژمارەیەکی زۆر فیلمنامە و وتاری جۆراوجۆری نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە.

مارگرێت دۆراس لە تەمەنی هەشتاو دوو ساڵی لە رێکەوتی 3 مارشی 1996 لە پاریس ماڵئاوایی لە دنیا کرد و لە گۆرستانی مۆنپارناس بە خاك سپێردراوە.

ئەدیبە فەرانسییەکان وەك داهێنەرێك لەبواری رۆماندا سەیری مارگرێت دۆراس دەکەن. ژیان لە ڤیتنام و هەروها بەشداری کردنی مارگرێت دۆراس لە بزووتنەوە سیاسی و رووناکبیرییەکاندا کاریگەریان لەسەر دۆراس هەبووە، بەو چەشنەی دۆراس واز لە سیاسەت دێنێ و پشت لەهەر جۆرە ئیدیۆلۆژییەك دەکا. لە هەمان کاتدا شەری دووهەمی جیهانی کاریگەرییەکی تەواوی لە سەر رۆمانەکانی دۆراس هەیە. دیارە ئەمە نەك هەر ئاساییە بەڵکو هیچ نووسەرێك ناتوانێ خۆیی لێ قووتار بکا. لە بواری ئەدەبیشەوە مارگرێت دۆراس خۆی سەر بە هیچ رێبازێکی ئەدەبی نازانێ. لەم بارەوە ئەو بروای بە هیچ سنوورێك نیە. دۆراس دەڵێ: "گشت رێگەکان کراوەن". ئەو زۆرتر گرینگی دەدا بە باری دەروونی کەساییەتییەکانی لە رۆمانەکانیدا. تەنیایی و دارمان لە تایبەتمەنییەکانی ئەدەبی دۆراسن. رامینی جیهانبیگلوو لە کتێبی مۆدێرنەکاندا ئاوا لەسەر دۆراس دەنوسێ:

"تەنیاییەك كە دۆراس باسی دەكا، یەكێك لە توخمە پێكهێنەرەكانی هوونەری رۆماننووسی ئەوە. لە راستیدا دەبێ بڵێین كە تەنیایی لە روانگەی مارگرێت دۆراسەوە جۆرێكە لە نووسین. تەنیایی نووسەر، تەنیایی نوسراوەكەشە و تەنیایی نوسراوە بە وتەی دۆراس " تەنیاییەكە كە بێ ئەو هیچ شتێ بەرهەم نایەت". كەواتە لە روانگەی دۆراسەوە تەنیایی دۆخێكی رووحییە كە بەهۆی نووسینەوە بەرهەم دێ، واتە نووسەر بەهۆی نوسینەوە جۆرێك لە تەنیایی دادێنێ كە رەنگدانەوەی بیری ئەوە".

لە رۆمانی عاشقەكە دا دۆراس باسی تەنیایی كچێكی پازدە شازدە ساڵە دەكا، ئەو كچەی بنەماڵەكەی و كۆمەڵگا بە دژی ئەون. لەم رۆمانەدا نووسەر باسی پێوەندی ئینسانەكان دەكا. باسی جیاوازی نۆرمەكان دەكا لە نێو كولتورە جیاوازەكاندا. ئەو باسی خۆشەویستی، باسی قەیرانی كەسایەتی مرۆڤ دەكا لە سەردەمی شەڕ دا. كەسایەتی سەرەكی لەم رۆمانەدا دۆراس خۆیەتی. كچێكی پازدە ساڵانە كە تووشی خۆشەویستی دەبێ بۆ یەكەم جار لە ژیانیدا لەگەڵ پیاوێكی چینی كە دوازدە ساڵ لە خۆی بە تەمەنترە.

رووداوەكانی ژیانی دۆراس هەوێنی رۆمانی عاشقەكە یە، بە جۆرێك كە نووسەر لە رووداوە سادەكانی ژیانیەوە كە لە فۆرمی ئۆتۆبایوگرافی دان دەچێتە دنیایی فانتازیا و، لەوێوە باسی خۆشەویستی، ژیان، شەڕ و برسییەتی و گشت دیاردەكانی نێو كۆمەڵگا دەكا و، بەم جۆرە وێنەیەكمان لە دۆخێكی دیاریكراو لە سەردەمێكی دیاریكراو پێشاندەدا. لای نووسەر ئەم نووسراوەیە

بە جۆرێك جیاوازە لە وانی دیکەی. لەم ڕۆمانەدا دۆراس چیدیکە پابەندی مۆراڵ نیە. ئەو لەم ڕۆمانەدا پەردە لە سەر لایەنە نادیارەکانی ژیانی هەڵدەداتەوە کە ئەمە وای کردوە وەك بوێر ناوی بهێندرێ. ئەوەش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی سەرکەوتویە.

نامەوێ زیاتر بچمە نێو ڕۆمانەکەوە و ئەم کارە بۆ خوێنەر بەجێ دێڵم. ئەم ڕۆمانەی کە لە بەر دەستی ئێوەدایە بە زیاتر لە چل زمان وەرگێردراوەتە و، هەتا ئێستا زیاتر لە دوو ملیۆن نوسخەی لێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

شاهۆ حەسنپوور

سوئێد 05-01-2005

رۆژێك ، کە ئیتر رۆژگارێك بە سەر تەمەنمدا تێ پەریبوو، لەبەر دەرگای گالێری شوێنێکی گشتی پیاوێك بەرەو لام هات و پاش خۆ ناساندنی وتی: لە مێژە ناوبانگم بیستووی، خەڵك دەڵێن لە سەردەمی لاویدا گەلێ جوان بووی. بەڵام من هاتوومە ئێرە پێت بڵێم کە روخساری ئێستات فرە جوانترە لەسەردەمی لاویت ، ئەم روخسارە تێك شکاوە لای من گەلێ جوانترە لە روخساری سەردەمی لاویت.

زۆرتر بیر لەو وێنایە دەکەمەوەکە تەنیاخۆم بەدی دەکەم و، هەتا ئێستاش باسم نە کردوەو، گشت ساتێکیش لە بەر چاوانمە، بەو بێ دەنگییە هەمیشەیی و سەر سوور هێنەرەیەوە. لە نێو گشت وێنەکانمدا ئەم دانەیانم لاپەسندە، خۆمی تێدا دەناسمەوە، بەبینینی دەگەشێمەوە.

له ژیانم دا زۆر زوو درەنگ بوو، له تەمەنی هەژده ساڵیدا ئیدی درەنگ بووبوو. له نێوان تە مەنی هەژدەو بیست‌وپێنج ساڵیدا رووخسارم رێگەیەکی چاوەڕواننەکراوی تێپەڕکرد. له تەمەنی هەژده ساڵیدا مرۆڤێکی بەساڵداچوو بووم. لەوانەیه بۆ هەموو کەس وابێ، نازانم له کەسم نەپرسیوه. ئەوەندەی لەبیرم بێ گەلێ کەس له سەر تێپەرینی ساتەکانی تەمەن بەخێرایی لەگەڵم دواون، جاری واشه ئینسان داخوکەسەران دەخوا، هەر چۆنێکی بێ ساڵەکان بەرێ دەکەین، باشترین ساڵەکانی تەمەنی‌لاوی، درەوشاوەترین ساڵانی تەمەن. بەساڵاچوونێکی له پڕ بوو. دەمدی چوونه نێو تەمەن خەت‌وخاڵی روخسارمی تێکدابووو، شێوەیەکی لێبڕاوانەی دابووه روخسارم. گنجەکانی نێوچاوانم قووڵ بووبوون. روخساری به تەمەنداچووم تووشی وەحشەتی نەکردبووم، به پێچەوانەوه بۆم سرنج راکێشیش بوو، دەتووت پەرتووکێکه به خێرایی دەخوێندەوه. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ ئەوەی له هەڵەدابووبم دەمزانی ئەم رەوته رۆژێکی سەبر دەبێتەوه و، رێگەی سروشتی خۆی دەدۆزێتەوه.

که چوومەوه فەرانسه ئەوانەی لەتەمەنی حەڤدەساڵیدا بینیبوویانم، دووساڵ دواتر کاتی له نۆزدەساڵیدا منیان بینییەوه سەریان سووڕما. ئەم روخساره نوێیه روخساری خۆم بوو پاراستبووم. دیاره روخسارم پیرتر دیاری دەدا بەڵام ئەوەندەکه دەبوو ببێ. دموچاوم چرچولۆچی تێکەوتوون، لۆچی وشك و قووڵ له سەر پێستێکی تێك چڕژاو. به پێچەوانەی ئەو روخسارانەی چرچی وردیان تێدەکەوێ وگۆشتەکەیان دادەچۆرێ، پێستی روخسارم توورتەو

دانەچۆراوەو، خڕیەکەی نەگۆڕاوە. بەڵام مایەکەی تێك چووە، روخسارم لە کەڵك کەوتوە.

بەڵێ بۆتان بگێڕمەوە پانزدە ساڵونیوم، کاتی تێپەرین بە رووباری مێکۆنگ دا بە سواری کەشتی. وێنەی رووبارەکە لە کاتی تێپەرین دا لە زەینم دا دەمێنێتەوە.

پانزدە ساڵونیومو دانیشتووی وڵاتێکم بێ وەرز. لێرە گشت وەرزەکان وەك یەك گەرمن. ئێمە لە ناوچەیەکی گەرموبەرینی ئەم دنیایە ژیان بەسەر دەبەین، لە ناوچەیەکی بێ بەهار بێ نوێبوونەوە.

لەبەشێکی نێوخۆیی کچان کە سەر بە دەوڵەتە لە سایگۆن دەژیم. خواردنوخەویشم هەر لێرەیە، بەڵام قووتابخانەکە لە دەرەوەی بەشی نێوخۆییەکەیە. دەچمە قووتابخانەی فەرانسەوییەکان. دایکم ماموەستایەو ئاواتی ئەوەیە کچەکەی

قۆناخی ناوەندی تەواو بکا :"ناوەندیت کە تەواو کرد بەسە. "وایە بۆ ئەو بەسە ، بەڵام بۆ ئەم کچە نا. کۆتایی خوولی ناوەندی...دیپلۆمێکی بیرکاری. لە یەکەمین ساڵانی چوونە قووتابخانەوە بەردەوام گوێم لەم قسەیە دەبوو. بە بیرم دا نەدەهات رۆژێکی لە رۆژان بتوانم خۆم لە دەستی دیپلۆمی بیرکاری قوتار بکەم. لە گەڵ ئەوەشدا شاد بووم لەوەی توانیبووم هیواداری بکەم. دەمدی دایکم دایمە لەبیری دوارۆژی خۆیو مندالەکانیدایە. بەڵام ئاخرەکەی لەدۆخی جاراندانەما بتوانێ وەك جاران بەرێك وپێکی بەکورەکانی رابگا.

جۆری پێ ڕاگەیشتن بە کورەکانی گۆڕا. دایکم دەیوت نابێ لەدەرس خوێندن غافڵ بن. برا چکۆلەکەم هەرگیز لە چەند ڕۆژان زیاتر خۆی ڕانەگرت. کەچوینە ناوچەیەکی تر قوتابخانەی نێونەتەوەیش وەلانرا. برا چکۆلەکەم لەم قوتابخانەیەش گیرنەبوو. دایکم ماندوونەبوو و دەساڵ خۆی ڕاگرت، بەڵام بێ ئاکام بوو. ئاخرەکەی براچکۆڵەکەم لە سایگۆن بوو بە فەرمانبەرێکی سادە. دەبوو براگەورەکەمان بۆ خوێندن ناردبایە قووتابخانەی *قیۆلە* لە فەرانسە چونکە لە وڵاتێکی کۆلۆنی دا قووتابخانەی وای لێ نەبوو. ئەو بەمەبەستی درێژەدانی خوێندن لەم قووتابخانەیەدا چەند ساڵێکی لە فەرانسە دەمێنێتەوە، بەڵام دەرس ناخوێنێ. دایکم لەم پێوەندییەدا فریوی نەخواردبوو، دیارە هیچیشی لە دەست نەدەهات. لەوانەیە پێویست بوو ئەم کورەیان لە دوو منداڵەکەی تری بە جیا بژی. چەند ساڵێك بێ هەواڵ بوو، دەتوت هەرگیز ئەندامی ئەم بنەماڵەیەنەبووە. لە نەبوونی ویدا دایکم توانی لە گەڕەکی کۆلۆنی دا عەرزێکی بکڕێ. ئەمەش بۆ خۆی موسیبەتێك بوو. بەڵام بوونی قاتڵی منداڵەکان لە شەودا زیانبارتر لە گشت شتێ بوو، زیانبارتر لە شەوی ڕاوچی[1] .

زۆرتر وایان بۆ باس دەکردم کە ڕووداوی براکەم هۆکەی گەرمای تاقەت پڕوکێنی ئەو سەردەمە بووە. بەڵام من بڕوام نەدەکرد. هێندێك کەسیش هۆکەی بۆ ئەو نەهامەتیە دەگێڕنەوە کە تووشی منداڵان بوو بوو. کەچی من

---

[1] **ئاماذةية بة فيلمي شةوي راوضي لة دةرهيَناني ضارلز فؤنتن1955 ز.**

پێم وایە ئەم شتانە نەبوون. دیارە دەزانم نەخۆشی ناوچەیی ئەم ناوچانە چۆنەو دەزانم برسییەتی چۆن منداڵان پیردەكا. بەڵام ئێمە وانەبووین. برسی نەبووین، لە منداڵە سپی پێستەكان بووین، جار جاریش شەرمەزاریش دەبووین. كەلوپەلەكانمان دەفرۆشت، بەڵام برسییەتیمان نەدەچێشت. كارەكەرمان هەبوو. جارجارەش پیس خۆریمان دەكرد، بەڵێ خواردنی بۆگەنی وەك، مراویو سوسمارمان دەخوارد. ئەم خواردنە ناخۆشانە لە لایەن كارەكەرەكەمانەوە ساز دەكران. جاری وابوو خۆمان لە خواردنیان دەپاراست، ئەم ئیزنەمان بە بەخۆمان ئەدا بە نەخواردنی ئەم خۆراكانە خۆمان قورسوگران بكەین. ئەمانە گشتیان لە جێی خۆیان كاتێ لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بووم نەهامەتییەك بەرۆكی گرتم هەتا ئەم روخسارە خۆی دەرخا. رووداوەكە، ئەگەر هەڵەم نەكردبێ، لە شەودا روویدا. دەترسام هەم لەخۆم هەم لە خودا. كە رۆژبووەوە ترسەكەم كەمتر ببۆوە، لە هەیبەتی مەرگیش كەمتر ببۆوە، بەڵام هێشتا بەری نەدابووم. حەزم دەكرد خوێنی برێژم، دەمویست برا گەورەكەم بكوژم. ئەم جارەیان بڕیارم دابوو ئەوی بە سزای تاوانەكانی بگەیەنم. گەرەكم بوو شاهیدی مەرگی بم. بەتەمای ئەوە بووم ئەو خۆشەویستە تاقانەیەی دایكم، لە سەر ڕێگای دایكم وەلابەم. بەم كارەم لە دایكیشم دەگەیاند زیادە لە حەد كوڕەكەی خۆشویستوەو لە هەڵەدابووە. گرینگتر لە هەمووشتێك - كە بیرم لێ كردبووەوە- ڕزگار كردنی برا چكۆلەكەم بوو. ئەو خۆشەویستەی كە ڕابواردنی برا گەورەكەم قوورسایی خستبووە سەر ژیانی، وەك پەردەیەكی ڕەش

پێش خۆری گرتبوو. بەم یاساو حوکمانەی کە بۆ مرۆڤێکی دادەنان، ئەویاسا سەرەتاییانەی کە هەر سات‌و ڕۆژێ ژیانی برا چکۆلەکەم سەرتاپێ بوو بووە ترس وخۆف، ترسێك کە لە ئاکام دا هەتا سەر دڵی ڕۆچووە خوار و بوو بە هۆی مەرگی.

لە مەڕ ئەندامانی بنەماڵەکەم گەلێکم نووسیووە، کاتێ نووسینم دەست پێ‌کرد ئەوان هێشتا زیندوو بوون. دایك و براکانم زیندووبوون. نووسراوەکانم زۆرترلە چوارچێوەی وان دابوون. لە بارەی ئەو شتانەی هیچ کاتێك بە وردی لێیانەوە نەدواوم.

ژیانم بێ سەربردەیە، سەربردەی تێ دانیە. هەرگیز لە ژیانما هەستم بە گەرمییەك نەکرد، ژیانێکی بێ ئاسۆ، بێ ڕێگە. بەڵام جار جار پانتایی وئاسۆی وا هەیە وا دەکا مرۆ بیر بکاتەوە نەکا کەسێك لە ئارادا بووبێ، بەڵام لە راستی دا وا نەبووە. بەسەرهاتی سەردەمێکی کورتی لاویم پێش ئەم بەسەرهاتم هەتا رادەیەك نووسیوەتەوە. دەمەوێ بەدوور لە هەر تێگەیشتنێك، راست باسی ئەم سەردەمە بکەم، باسی سەردەمی رابووردن بەرووباردا. ئەمەی ئێستا دەینوسم جیاو لە هەمان کات داوەك ئەو نووسراوانەی پێشوومە. پێشتر لەبەشێك لە قۆناغەکانی ژیانم دوابووم، باسی سەردەمە پڕشنگدارەکانی ژیانم کردبوو. لەم نووسراوەیەدا باسی لایەنە نادیارەکانی تافی لاویم دەکەم، باسی ئەو پەردەپۆشی وبێدەنگی لێ کردنانەی کە لەوانەیە لە بەر کۆمەڵێك هۆ و هەست و رووداو لام رەوا بووبن. لە دۆخێکدا دەستم بە نووسین کرد کە بە

خێرایی بەرەو داوێن پاکی پاڵی پێوە دەنام. نووسین لە روانگەی وانەوە هێشتا مەقولەیەکی ئەخلاقی بوو. لەم سەردەمەی ئێمەدا زۆرتر وا وێدەچێ کە دەکرێ نووسین هیچ بێ. هۆکەشی دەزانم، کاتێ هەموو شتێك لە گرێژنە چووە، لەخۆوە نووسین و خۆ سپاردنە دەستی ئاو نوسین نیە، بێهوودەیە. دەزانم ئەگەرهەموو جارێ نووسراوەکان تێکەڵ پێکەڵ بووبن و ئاماژە بە شتێکی یەکگرتوو بدەن و لەبنەرەتیشەوە بێ پێز بن، ئیتر ئەوە نووسراوەنین، شتێکن لە رادەی پروپاگەندەدان. دیارە هەموو کاتێ لە سەر ئەم بڕوایەنیم. بەڕای من گشت ڕێگەکان کراوەن. ڕێگەیەك لەگۆڕێ دانیە، نووسراوە ناتوانێ لە پشتی شتەکانەوە خۆی حەشار بدا و نەخوێندرێتەوە. نا سروشتی بوونی دەرونی نوسراوە وانیە وەبەرچاو نەگیرێ. دیارە من گەرەکم نیە زیاتر لەمەو لەپێشەوە بیر لەم بابەتە بکەمەوە.

ئێستا دەبینین روخسارم لە هەڕەتی لاوی دا، لەهەژدە ساڵێدا، بگرە لە پانزدە ساڵیدا، هەواڵی ئەم روخسارە بووکەدواتر، بە هۆی ئالکۆڵ، لە ساڵانی نێونجی تەمەنم بە نەسیبم بوو، ئەوەی ئالکۆڵ بە سەری هێنام خوداش بە سەری نەهێنام، گەرەکی بوو بمکوژێ، کوشتن. ئەم روخسارەی تێکەڵ بە ئالکۆڵ، پێش لە ئالکۆڵیش لێم وەدیار کەوتبوو، بەڵام ئالکۆڵ جێگری کرد. ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەم ئامادەگییە لە مندا هەبوو، منیش وەك خەڵکی تر هەستم کردبوو، سەیر ئەوە بوو پێشبینیشم کردبوو. دیارە حەزیشم تێدابوو. لە پانزدە ساڵیدا روخسارم لێواو لێو بوو لە خۆشی و چێژ، بەڵام من لەگەڵ چێژ ئاشنا

نەبووم. ئەم شتانە بەئاشکرا لە رووخسارم دا دیار بوون. تەنانەت دایکیشم ئەمەی دەدی، براکانیشم دەیاندی، گشت شتێ بەم روخسارەوە دەستی پێ کرد، بەم روخسارە لەبەرچاوانەیە، ماندوویە، و ئەو چاوانەی چەندە زووتر لەوەی دەبوو بن بە قووڵدا چووبوون.

پازدە ساڵ ونیو، سەردەمی تێ پەرین بە روباردا. گەرانەوە لە سایگۆن بۆمن وەك سەفەرە، بە تایبەتی کاتی سواری پاس دەبم. ئەو بەیانییە لە گەرەکی سادکەوە، سواری پاس بووم. دیکم لەو ناوچەیە بەرێوەبەری قوتابخانەی کچان بوو. پشووی قووتابخانەکان کۆتایی هاتبوو، ڕاست لە بیرم نیە چ ساڵێك بوو. بەڵام لە بیرمە بۆ بە سەر بردنی پشوی خۆێندن چوو بوومە لای دایکم لەشوێنی کارەکەی. هەر ئەم ڕۆژە گەڕامەوە سایگۆن، بۆ بەشی نێوخۆیی. پاسەکە پاش سوارکردنی خەڵکی ناوچەکە وەڕێکەوت. دایکم وەك هەردەم دەگەڵم هات وسپاردمییە دەستی لێخورەکە. هەمیشە دەیسپاردمە لێخوری پاسەکانی سایگۆن، هەتا بۆ وێنە لە دەستی رووداو پێشهات ، دەست درێژکەرانەسەر، یان پەلاماری ڕێگرەکان، یان ڕاوەستانی بە هەڵکەوت و زیانباری کەشتییەکان لە ئەمان دابم. لێخوڕەکەش وەك هەموو جارێ لە کورسی پێشەوە لای دەستی خۆی دایدەنام. ئەم کورسیە تایبەت بوو بە موسافیرە سپی پێستەکان.

هەر لەم سەفەرەدابوو ئەم وێنایە جیابووەوە و لە تاقمەکەی جێما. ئەم وێنایەی لەوانەیە وێنەیەك بووە کە گیرابێ، چەشنی وێنەکانی تر، لەشوێنی ترو

لە دۆخی تردا. بەڵام ئەم وێنایە تەنیا یەك دانە وێنە نەبوو. کرۆکی باسەکە لەوە بێبایەختر بوو بتوانێ هاندەرێك دروست بکا. بەبیری کێدا داهات؟ئەو وێنەیە لە کاتێدا وەدەردەکەوێ کە مرۆ توانیبای گرنگی ئەو روداوە، گرنگی تێپەڕین بە رووباردا لە ژیانی من تێبگا. تەنیا خودا ئەمەی دەزانی. هەر بەم هۆیەوە دەبێ بلێین کە وێنەیەکی وا نیەو، ناتوانی لایەنی تریشی هەبێ. وێنەیەکی لەبیرکراو وفەرامۆشکراو. لە ڕاستی دا نە دابڕاوەو نە لە تاقم دواکەوتووە. گرنگی ئەو وێنەیە لە نەهاویژرانی دا بزرە. گرنگی یەك کە دەربڕی رووداوێکی رەهایە، هۆی بوونی وێنەشە.

کەواتە وێنا پیوەندی بە سەردەمی تێپەرینە بە لقێك لە رووبارەکانی مێکۆنگ دا، بە سواری کەشتی، لەنێوان وینەلۆنگوسادکدا، لە مێرگی داپۆشراو بە گوڵو کێڵگەی برینجی باکووری *کوشین شین* مێرگی باڵندەکان.

لەغورفۆکەی کەشتییکە دێمە خوارو بەرەو بەشی پێشەوەی کەشتییەکە دەچم، سەیری روبارەکەدەکەم. دایکم دەڵێ لە گشت ژیانما رووبارێکی وا جوان نابینمەوە. رووبارە گەورەو پانانەکان، مکونگو لقی رووبارەدابڕاوەکانی کە بەرەو دەریا شۆر دەبنەوە، ئەو ئاوە باریکانەی کە لە قووڵایی دەریادا ون دەبن. رووبارەکان لە پانتایی بێ سنووری ئاسۆ، بە توندی دێنەخوارو وەها دێنەخوار دەڵێی زەوی سەرەو لێژە.

وەك هەمیشە کاتێ پاسەکە دەگاتە کەشتی یەکە زوو دادەبەزم، شەوانەش، هۆیەکەشی ئەو ترسەیە هەمیشە دەگەڵمە. دەترسم نەوەك گوریسەکان بە

پچڕنو ئاو گشتیمان ڕاداو بمانبا، له قوولایی ئەم ئاوه پڕ خۆفەدا، چاوەدێری دواین ساتەکانی ژیانین. ئاوەکە زۆر بە توندی دەڕوا، گشت شتێکی دەگەڵ خۆی دەبا، بەردەکان، کلیسەکانو بگرە شاریش. لە دڵی ڕووباردا، گەردەلول لووره لووریەتیو "با" تەمای شەڕیەتی.

کراسێك کە لە ئاوریشمی سروشتیە دەبەرمدایە، کۆنەیەو بڕێکیش ناشیرنە. جاران دایکم دەبەری دەکرد، پاشان لە بەری نەکرد، دەیوت ڕەنگی فرە رووناکە، پاشانیش دای بە من. کراسێکی بێ قۆڵەو ملیوانەکەی گەورەیە. چۆتەوه سەر هەمان ئەو ڕەنگە ئاوریشمی خالیسی کار کردو کە هەیبووه. ئەو کراسەم باش لە یاد ماوه. وابزانم لێم دەهات. قایشێکی چەرمیشم لە سەر دەبەست. پێدەچوو قایشی یەکێك لە براکانم بوو. باش لە یادم نیە ئەو ساڵانە چ پێڵاوێکم دەپێ دابوو. تەنیا کراسەکانم لەیادماون. ئەو سەردەمە زۆرتر پێڵاوی کەتانیم دەپێ دەکرد، بەبێ گۆری. ئەم شتانە دەگەڕێنەوه بۆ ساڵەکانی پێش ژیانی بەشی نێوخۆیم لە سایگۆن دا. لەو کاتە بەدواوه هەموودەمێ پێڵاوم دەپێ دەکرد. ئەو ڕۆژانەش هەر ئەم پێڵاوه پاژنە بەرزە قەراخ زەردانەم دەپێ دابوون. دایکم لە هەڕاجی کڕیبوونی. بۆ قووتابخانەش هەر ئەم پێڵاوانەم دەپێ دەکەم، هەر ئەم پێڵاوانە تایبەتی دانیشتنەکانی شەوانەمن، بە وردەگوڵی بریقەدارەکانیانەوه. وا حەز دەکەم. تاقەتی پێڵاوی ترم نیە. ئێستاش دڵم لای وانە، ئەو پێڵاوه پاژنە بەرزانە باشترین پێڵاوی ژیانی منن. گەلێ جوانن گشت پێڵاوەکانی تریان لە یاد بردوومەوه. ئەوانەی بۆ ڕاکردن و وەرزش بەکارم دێنان ژێریان تەخت بوو، پێڵاوی کەتانی سپی.

ئەو شتەی ئەو  کاتە لەو کیژەدا سەیر دەینواند ئەو پێڵاوانە نەبوون، نا باو ئەو کڵاوە شاپۆیە پیاوانەیە بوو کیژەکە لە سەری دەنا، کڵاوێك لە ماهوتی نەرم، چێرەیی و نەواری پانی خۆڵەمێشی بەدەوریەوە بوو.

جیاوازی حاشا هەڵنەگری وێناکە لەم شاپۆیەدا شاردرابووەوە. باش لە یادم نیە ئەو کڵاوەم چلۆن دەست کەوتبوو، بە گومانم دایکم بۆی کڕیبووم، بەڵێ وا بوو، پێم وتبوو لە تەنزیلات کڵاوم بۆ بکرێ. قسەی تێدا نیە لە هەڕاجییەکان بۆی کڕیبووم. چۆن باسی ئەم کڕینە بکەم؟هیچ ژنێك، هیچ کچێکی جوانکیلە لەو ناوچەی کۆلۆنی نشینەدا شاپۆی ماهۆتی پیاوانەی لەو کاتەدا لە سەر نەدەکرد، تەنانەت ژنەکانی خەڵکی وێندەرێش ئەگەر باش لە بیرم مابێ، شاپۆی ماهوەتیم تەنیا بۆ تاقی کردنەوەو گاڵتەو گەپ لە سەر نابوو. کە لە ئاوێنەی دووکانەکەدا سەیری خۆم دەکرد لاوازی لەشو لاری کزم، ئەو کەم و کوورییەی سەردەمی منداڵیم گۆڕابوو، ئەو گیان لەبەرە بزێوو درووستکراوەی دەستی سروشت بە تەواوی گۆرابوو،  بووبووە شتێکی جیاواز لەوەی پێشتر هەبوو ئێستاش نموونەی رووح سوکی بوو، پاشانیش یەکسەر داواکار پەیدا بوون. لە ناکاو خۆم وەك کەسێکی تر هەست کرد. وەك ئەوەی کەسێکی تر لە دەرەوەی خۆم، لە ئاوێنەدا دەدی، گیانلەبەرێك دەکەوتە بەر چاوی گشت لایەك،  لە دەرەوەی ماڵێ لە شەقامەکانداو لەبەردەم حەزا. شاپۆم لێ دێ، قەتی لە خۆم دانابڕم، هەر ئەوەم هەیە، ئەم شاپۆیە بە تەواوی دەمکا بەهی خۆی و منیش هیچ کاتێ وەلای نانێم. لەمەڕ پێڵاوەکانیش شتەکە بەم

جۆرەیە، دیارە بەقەدرا شاپۆکە نا. ئەم جوتە پێڵاوەم دەگەڵ شاپۆکە نایەنەوە، شاپۆکەش لەگەڵ ئەم ئەندامە لاوازە نایەتەوە، هەر چۆنێکی بێ پێڵاوی دڵخوازمەن. ئەم پێڵاوانەش وەلا نانێم، کە دەچمە دەرەوە، هەر شوێنێکی بێ، بەم شاپۆو پێڵاوانەوە دەچم. کات وبێ کات هەر هەڵکەوێ سەرێکی شار دەدەم.

وێنەی بیست ساڵانەی کورەکەم دەدۆزمەوە. کوڕەکەم لە کالیفۆرنیایە، لە گەڵ هاوڕێکانی ***ئیریکا***و ***ئیلزابێت*** و ***لانار***. کورەکەم گەلێ کزو باریکەڵەیە. ئەوەندە دەڵێی سپی پێستێکی ئۆگاندایيە. پێم وایە پێکەنینەکەی لە خۆ بایی بوونی پێوە دیار بوو لە هەمان کاتیشدا روخسارێکی غەمین. دەیەوێ وێنەی لاوێك دەرخاکە تووشی سەر لێ شێواوییە، بەمەش دڵخۆش دەبێ. کوریژگەیەکی داماو، روخسارێکی داماو، هەڵس‌وکەتێکی بێتام لە لاوێکی کزو لاوازدا. وێنەی کوڕەکەم زۆر چەشنی وێنەی کیژۆڵەی سواری کەشتی یەکەیە، دیارە ئەگەر ئەم کچە وێنەیەکی هەبایە.

ئەو کەسەی شاپۆی چێرەیی لێوار پانی، کە نەوارێکی ڕەشی لە دەورە، کڕی هەر ئەو ژنەیە. ئەو ژنەی دایکی منە. لەم وێنەیەی دا باشتر لە وێنەکانی ئەم دواییانەیدا دێتەوە یادم. وێنەیەکە لە حەوشی ماڵەکەمان گیراوە، لە دوورگەیەکی بچوکی هانوویی. گشتمان لە وێنەکەدا هەین، ئەو و ئێمە، ئێمە منداڵەکانی. من چوار ساڵانم، دایکم لە نێوەڕاستمان دا راوەستاوە. دیارە ئەوەندە بە سەر خۆیدا زاڵ نیە، مەیلی پێکەنینیشی نیە. چاوەڕوانە وێنەکە

خێرا باویژرێ. لە چرچ و لۆچی درێژەوەبووی روخساری، لە بەرگی ناڕێکیو لە خەوالّووبوونی نیگایا هەست دەکەم لە کاتی هاویژرانی وێنەکەدا هەوا گەرم بووە. روخساری ماندوییو ئازاری پێوە دیارە. لە جۆری دەبەر کردنی جلوبەرگی ئێمەی منداڵەوە کە هەژارانەیە، هەست دەکەم کە جار هەبووە دایکم کەوتۆتە دۆخێکی چاوەڕواننەکراوەوە، دۆخێك کە لەو کاتەدا، تەنانەت لەو تەمەنەی دا کە بوومان، هۆکانمان دەزانینو دەمانزانی دایکم تەنانەت جاری وا هەبووە نەیتوانیوە دراوی خۆشۆردنو جلو بەرگمان دابین بکاو جاری واش هەبووە توانای نەبووە زگمان تێر بکا. دایکم بە بەردەوامی دەگەڵ ئەو دڵ ساردییەی ڕۆژانە لە رووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ ژیان دا داوێنگیری بووبوو دەژیاو ئەم دلّساردییە جاری وابوو درێژەی دەکێشاو جاری وابوو دەگەڵ شەودا بزر دەبوو. قەدەرم لەوەدابوو دایکێکی داماوو خەمبارم هەبێ. داماویەکەی دایکم ئەوەندە بێ خەوش بووکە بەختەوەری ژیانیشم، بە گشت تواناو شادیەکەیەوە وزەی ئەوەی نەبوو لە نێوی بەرێ. ئەوەی کە هەمیشە بە نادیاری لام دەمێنێتەوە جۆری ئەو رووداوە هەست پێکراوانە بوون کە گشت ساتێ هانی ئەدا هەرچۆنێکی بێ جێمان بێڵێ. ئەو جارەش گەر لە هەڵەدانەبم کارێکی شێتانەی لێ روودابوو، لەم ماوەیەدا ماڵێکی کڕیبوو، ئەو ماڵەی لە وێنەکەدا هەیە. دیارە ئێمە پێویستییەکمان بەو ماڵەنەبوو، ئەویش لە کاتێکدا باوکم بە توندی نەخۆش بوو و چەند مانگێکی پتر مەودا دەگەڵ مەرگ دا نەمابوو. دایکم ئەوکارەی بۆیە کردبوو لەوانەیە پێی وابوو نەخۆشەو تووشی هەمان

نەخۆشی بووە قەرار بوو تامی مەرگ بە باوکم بچێژێ . ڕێکەوتی ڕۆژەکان دەگەڵ یەکتری نایەنەوە . ئەو شتەی من لێی بێ ئاگابووم و لەوانەیە دایکیشم لێی غافڵ بوو نێوەڕۆکی ڕووداوە داخراوەکان بوو کە بۆ دایکم هاتبووە بەرەوە و بوو بووە هۆی ئەوەی هەتا ئەو بێ ئومێدییە داوێنی بگرێ. تۆ بڵێی هۆکەی مەرگی بەم زووانەی باوکم بوو کە هێشتا زیندوو بوو، یان دارِمانی زەمانە بوو؟یان پەژیوانی لە پێك هێنانی ژیانی هاوسەرییان؟یان لە مێردەکی؟یان لەم منداڵانە؟یان گرنگتر لە گشتیان لەم خاوەندارییەتییانە.

ئەم ئاکارە گشت ڕۆژێ بەردەوام بوو، لەمە دڵنیام. بە هەموو شتێ تووڕەبوو. گشت ڕۆژێ لە کاتێکی دیاری کراو دا ئەم بێ هیواییە ڕۆچنەی دەکردە ناخییەوە و لە ئاکام دا چارە کردنی هەر کێشەیەك وا دەهاتە بەر چاو ڕێ چارەی نەبێ. پاشانیش خەوو داهێزران هاتە بەرەوە، جاری وابوو ئارام بوو جاری وابوو بە پێچەوانەوە، یان کڕینی خانووەکانو ڕاگواستنی کەلوپەلو هەمان تووندو تیژیو هەمان داماوی. جاری وابوو ئەگەر شتێکمان لێ دەپرسی یان شتێکمان بۆ دەبرد، سەر لە نوێ ئەو مەلەکەیەی خانووی سازکراوی قەراغ گۆلی بچووك ، بێ هۆ تووڕەدەبوو ولەخۆیەوە هەڵدەچوو. لە سەر مەرگی باوك دا ئەم شاپۆیە دەردی سەر باری دەردانبوو، هەر ئەم شاپۆیە کە کچەکە دڵی گرتبووی، بەو پێڵاوە قەراخ زەردانەشەوە. کەواتە یان خەو و مەرگ یان هیچ.

هەتا ئەو کاتەش فیلمم لە سەر سوورپێستەکان نەدیبوو، هەر ئەو فیلمانەی کە تێیاندا، ژنەکان کڵاوی لێوار پان لەسەر دەنێنوقژی هۆنیویانەتەوە

بەردەدەنەوە سەر سینگیان. ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی دیکە کە قژم لە پشتەوەوە دەبەست، هۆنیبوومەوە، دیارە ئیستا قژم وەك خۆی نەماوە. پەلکە درێژەکانی قژم دەخەمە سەر سینگم وەك ئەو ژنانەی لە فیلمەکاندا هەن کە لەوە پێش نەمدیبوون. پەلکەی قژم وەك هی منداڵانە، لەوەتەی ئەم شاپۆیەم بە نەسیب بووە، بۆ ئەوەی بەچاکی لەسەری بنێم، ئیدی قژم کۆناکەمەوە. پرچی کەدەکەویٚوسافە زۆرتر لام پەسندە قژی ساف کەمتر دیارە. هەموو شەوی قژم شانە دەکەم و پێش خەوتن وەك ئەم جۆرە پرچەی دایکم فێری کردووم دەیانهۆنمەوە. پرچە زۆرەکانم نەرمن، مەحزونیش وەك مسی بادراو دەچن درێژیان دەگاتە سەر پشتێن. زۆرتر پێم دەڵێن جوانترین شت کە هەمە ئەم پرچەیەو ئەمە بم مانایەیە کە جوان نیم. ئەم قژە سەرنج ڕاکێشەم دواتر، پێنج ساڵ پاش بەجێهێشتنی دایکم، ئەو کاتەی بووبوومە بیستوسیٚ ساڵ لە پاریس کورت کردەوە. بە ئارایشگەرەکەم وت:کورتی کەوە. ئەویش بیٚ دواکەوتن کورتی کردەوە. لە کاتی برینی موەکانی پشت گویٚوگەردنم، مەقەستی سارد پێستی ملی ڕوشاندم. موەکان کەوتبوونە سەر عەرزی. پێی وتم ئەگەر بمهەویٚ دەتوانیٚ بۆم کۆبکاتەوە و، بیانخاتە پاکەتەوە، وتم نا. پاشان گویٚ بیستی کەس نەبووم پێم بڵیٚ قژت جوانە، یان باشترە بڵێم، ئیتر وەك جاران کەس لەم بارەوە دەگەڵم نەدوا. دواتر زۆرتر دەیانووت:چەنە جوانە، پێکەنینەکەشی جوانە.

لە سەر کەشتی، دەبینن، ئێستاش ئەو قژەم هەیە. پانزە ساڵ و نیوم. ئەم ماوەیە ئارایشم کردوە. کرێمی توکالۆن بە کار دێنم بۆ ئەوەی لەکە

قاوەییەکانی سەر گۆناو پەڵەکانی ژێرچاوانم داپۆشم. ئەو گەردەی کە لە ژێر کرێمەکەی دەدەم لە ڕەنگی پێستە دەگەڵ "لەزگەی هۆبیگان". ئەو گەردە هەر ئەوەیە کە دایکم کاتێ دەچێ بۆ شەونشینەگەورەکان بە کاری دێنێ. ئەو ڕۆژە ماتیکیشم لێ دابوو، سووری تێر یان بڵێین ئاڵوباڵویی. لە یادم نیە لە کوێ دەستم کەوتبوو. پێم وایە هێلن لاگونل لە دایکی قاچاندبوو، نازانم. بۆن بە کار ناهێنم، دایکیشم تەنیا ئۆدکۆلۆنوسابونی پالمولیو بە کار دێنێ.

لە نێو ماشێنەکەدا لە نێوان سەندەڵی پێشەوەو دواوە هێشتاش جامی کەشەوی دادەنێن و هەروها کورسی کە دەگوێزرێنەوە هەر وا باون. گەورەی ماشێنەکان هێندەی هۆدەیەکە.

لە نێو ماشێنی لیموزین دا، پیاوێکی ڕێك وپێك دیارە کە سەیری من دەکا، سپی پێست نیە. بەرگی مۆدی ئوورووپاییەکانی دەبەر کردوە، کۆتێکی ئاوریشمی ڕووناکی دەبەردایە، وەك بانکدارەکانی سایگۆن، سەیرم دەکا. ئیستا بە چاولێکردنی خەڵکی ڕاهاتووم. لەو وڵاتە کۆلونییەکاندا زۆر سەیری ژنە سپی پێستەکان دەکەن. تەنانەت کچە دوازدە ساڵە سپی پێستەکانیش. سێ ساڵیش دەبێ پیاوە سپی پێستەکانیش سەیرم دەکەن، ناسیاوەکانی دایکم زۆر بە ئەدەبەوە بۆ ماڵەوەیان بانگ هێشتنم دەکەن، بۆ خواردنەوەی شتێك، ئەویش لەو کاتانەدا کە ژنەکانیان بۆ یاری تێنیس چوونە یاریگا.

دوورنیە کە ئەو شتانە منیش بگرێتەوە، وا هەست دەکەم وەك شەنگە ژن و ژنە دڵڕفێنەکان جوانم، چونکە بە ڕاستی زۆرم سەیر دەکەن. دڵنیام بابەتی

جوانی لە گۆڕێ دانیە، شتێکی ترە، چوزانم، شتێك پەیوەندی بە روح‌ودەروونەوە هەیە. چۆنی حەزم لی بی بە خۆم دادێم‌و خۆم جوان دەکەم، گەلێ جوان، لە وانەیە هەر ئەوەشم لێ چاوەڕوان بکەن، لە بەر دڵان بوون یان جوان بوون بۆ وێنە. جوانیەکەم تەنیا بۆ بنەماڵەیە، بۆ بنەماڵەو هیچی تر. دەتوانم هەر ئەوە بم چاوەڕوانیان لێمە، بۆخۆشم بڕوای پێ بکەم، بێمە سەر ئەو قەناعەتە دڵ ڕفێنم. هەر ئەوەندە بەسە بڕوا بە خۆ بێنم، پاشانیش بۆ ئەو کەسەی سەیر دەکا راستی دەنوێنێ‌و دەبمە ئەو کەسەی بینەر گەرەکیەتی، ئەوەم لێ روونە. لێم روونە دەتوانم دڵ بەرم، وا دادەنێم بیرو هۆشم ئەوەبێ چۆن تامی مەرگ بە براکەم بچێژم لە بابەت مەرگەوە تەنیا هاوکارێك بەسە:دایکم. منیش وشەی دڵ رفێن بە کار دێنم، ئەو وشەیەی دەوروبەوبیەکانم بە کاری دەبەن، ئەوانەی لە دەوروبەرمانن منداڵەکان.

ئێستا دەرك بە هەنێ شت دەکەم، لە هەنێ شت ئەگەم. دەزانم ئەوەی کەم‌و زۆر ژنان جوان پێشان ئەدا نە جل‌و بەرگە نە خۆ جوان کردن، نە سووراو سپیاو، نە زێڕو زێوو نە تەنانەت نایاب بوون. دەزانم شتێکی ترە، چ شتێك نازانم. بەڵام دەزانم هەر ئەو شتە نیە  ژنان پێیان وایە. لە گەرەکەکانی سایگۆن دا، لە ناوچەی کۆلۆنی نشینی لای دارستان دا، سەیری ژنان دەکەم، هەنێکیان گەلێ نیانن، پێستێکی سپی ناسکیان هەیە. لێرە ژنەکان بە وردی پارێزگاری لە جوانییەکانیان دەکەن. بە تایبەتی لە ناوچەی کۆلۆنی نشینی لای دارستان دا. هیچیش ناکەن بەس بە دەوری خۆیان دادێن‌و دەچن. خۆیان بۆ ئوورووپا

هەڵدەگرن، بۆ دڵبەرەکانیان بۆ پشوو لە ئیتالیا بۆ ئەو شەش مانگە پشوەی سێ ساڵ جارێك بۆیان هەڵدەکەوێ، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لێرە روویانداوە لەوێ بیگێڕنەوە، بۆ ئەوەی باسی ژیانی تایبەتی کۆڵۆنی بکەن، باس لە میوانداری خەڵكو خزمەتکارە دەستەو سینەکان بکەن، باسی بانگهێشتنەکان بکەن ، لە کۆری سەماو ئەو ویلا گەورانەی ئینسان تێیاندا ون دەبێ بدوێن، ئەو ویلایانەی کاربەدەستانی ناوچە دوورەکان لێی نیشتەجێن. ژنەکان چاوەڕوان دەمێنەوە، بەرگی نوێیان دەبەرکردووە، بێ هۆ. ژنەکان سەیری یەکتری دەکەن لە ژێر سێبەری ویلاکاندا چاوەدێری یەکتری دەکەن ، بۆ دواتری. ئەم ژنانە خۆیان بە کارەکتەرەکانی رۆمانەکان دادەنێن. سندوقی جلوبەرگەکانیان پڕەو نازانن چ لەو جلو بەرگانە بکەن. کۆمەڵێك جلو بەرگ وەك کۆمەڵێك لە زەمەن وەك بەردەوامیەکی بێ کۆتایی لە رۆژەکانی چاوەڕوانی. هەنێ لەم ژنانە شێت دەبن هەنێکی تریش وەك خزمەتکارانی لاوی بێ دەنگ بەرهەڵا کراون. ئەم بەرهەڵاکرانە زیانی پێ گەیاندوون، دەنگۆی لە گشت شوێنێ دەبیسرێ زرینگەی زللەیە لە بنان گوێمان. هەنێ لەو ژنانە خۆ دەکوژن.

ئەم دوورە پەرێزیو ناکامی ژنان بەرای من هەڵەیەك بوو خۆیان لێی بەرپرسیار بوون.

هیچی هەست بزوێن لە ئارادا نەبوو. حەزو هەست یان لەو دوورە پەرێزییەدا بزر بوو، یان هەر نەبوو. حەز یان لە هەمان نیگای یەکەمدا بزر بوو

یان هەرگیز بوونی نەبوو. حەز یان تێگەیشتنی بێواسیتەی پێوەندی بوو، یان هەر هیچ نەبوو. هەرچۆنێکی بێ ئەمە بەر لەم ئەزموونە تێگەیشتم.

هێلێن لانگۆل بەو پاشکەوتوویی سەردەمی منداڵییەوەیی تەنیا کەسێك بوو ئەم یاسایە نەیدەگرتەوە.

ماوەیەکی زۆر کراسێکم نەبوو هی خۆم بێ، پڕبە بەرم بێ. گشت کراسەکانم لە توورەکە دەچوون، کراسە کۆنەکانی دایکمیان بۆ چووکە کردبوومەوە. جیا لەو کراسەی دواتر **دوو**لە سەر داوای دایکم بۆی درووبووم، ئەوانی تر وەك توورەکە بوون. **دوو** لەلە مان بوو، هەرگیز دایکمی جێ نەهێشت، تەنانەت زۆر دواتر ئەو کاتەی دایکم گەڕایەوە پاریس، یان ئەو کاتەی براکەم لە ماڵەکەی گەڕەکی سادك تەمای بوو دەست درێژی بکاتە سەر، هەروەها ئەو کاتەی ڕۆژکارەکەیان لێ بڕی. **دوو** لەبەر دەستی ڕاهیبەدا گەورە بووەو، کاری چنینێ دەکا، داوێنی کراسان تێدەگرێ، درومانی دەکا، دیارە ئەم کارە بەدەست گەلێ ساڵە باوی نەماوە ئەویش بە دەرزی باریکی وەك موو. چونکی چنینێ دەزانێ لە سەر داوای دایکم مەلافەکان گوڵ دۆزی دەکا. دەزانێ چینانیش لێ نێ، کەواتە بە ڕاسپاردەی دایکم کراسی چین دار دەدروێ، بەرگی وەك دامەنی گووشادو هەڵمساو. منیش دەبەریان دەکەم، عەزیەی وەك توورەکەو منداڵانە، دوو ڕیز چینی لە پشتەوە هەیە، ئیخەیەکی پان داوێنی پارچەیەکی باریکی لێ درواوەو گووشادەو "موغەزی" پێوە هەڵواسراون هەتا بە قسەی خۆی درومانەکەی جوان بنوێنێ. من ئەم بەرگە توورەکەییانە دەبەر

دەکەم، کەمەر بەندیشیان هەیە، دیارە بەمە ناشیرن دەبن، لە ڕاستی دا ئەم کراسانە ئەبەدی دەنوێنن.

پانزەساڵونیو، لەشولارێکی باریکوئاماڵ کز، ئەندامێکی هێشتا منداڵانە، داودەرمانکردن، چێرەیی کاڵ، ماتیکی سوور، پاشانیش ئەم قەڵافەتەو ئەو جلوبەرگەی پێم وابوو دەبێتە هۆی پێکەنینی خەڵکی، بەڵام کەس پێی پێنەدەکەنی، دەتوانم بڵێم کەموکورییەکم نیە. بەلام هێشتا هیچ رووی نەداوە. ئەمە لە نیگای خەڵکی دا دەبینم. نیگای وان دەربڕی گشت شتێکە. حەز دەکەم بنووسم، ئەمەم پێشتریش بە دایکم وتبوو:ئەوەی گەرەکمە هەر ئەوەیە، نووسین، لە پێش دا وەڵامی نەدامەوە. بەڵام پاشان پرسی:نووسینی چ شتێك؟کتێب، بۆ وێنە رۆمان، زۆر بەڕووگرژیو ناخۆشی وەڵامی دامەوە:پاش دەرچوون لە دیپلۆمی بیرکاری، ئەگەر حەزت کرد دەتوانی بنووسی، هیچ پەیوەندییکی بە منەوە نیە. دایکم ئەمەی پێ خۆش نیە، دەڵێ نووسین شتێکی بێ نرخە. نووسین کار نیە، درۆوگاڵتە جارییە، دواجاریش لەمەڕ نووسین دەڵێ:بیرێکی منداڵانەیە.

کیژەکە کلاوێکی ماهوتی لە سەر، کە لە بەرتیشکی هەتاوی زەردی رووبارە، تەنیا لە سەرکۆی کەشتیەکەیەو ئەنیشکی وە ئاسنەکانی قەراخ کەشتییەکە داوە. ئەم شاپۆ پیاوانەیە بە تەواوی دیمەنەکەی چێرەیی کردوە، ئەم ڕەنگە تەنیا ڕەنگە. لە هەتاوی تەماوی رووباردا، لەم هەتاوە گەرمەدا، قەراخەکانی رووبار نابینرێن، دڵی رووبار دەگەڵ پانتایی ئاسۆ تێکەڵ بووە.

ڕووبارەکە لە سەر خۆ دەڕوا، بە بێ دەنگی. خوێنی ناو جەستەیە دەڕوا. "با" لە ڕووی ڕووباردا نایە، تەنیا دەنگ لەم دیمەنەدا دەنگی مۆتۆری کەشتیەکەیە. پرتە پرتی مۆتۆری کۆنی کەشتییەکە. وەخت وناوەخت لە پشت هەڵکردنی شنەیەکی ئارامەوە، دەنگی هەراوهەنگامەیەك بە گوێ دەگا، پاشان دەنگی وەڕینی سەگەکان و دەنگی دیکە لە هەر لایەکەوە، لەودیو تەمەکەوە، لە لای لادێکانەوە دێن. کچەکە کەشتیوانەکە لە منداڵیەوە دەناسێ. ئەو بزەی دێتێو هەواڵی خانمی بەڕێوەبەری لێ دەپرسێ، دەڵێ زۆربەی شەوان دایکی کاتی دەچێتە بەشی کۆچبەرانی کامبۆجی دەیبینێ. کچەکە دەڵێ دایکی باشە. ئاوی دەریا هەتا قەراخ لێواری کەشتییەکە هاتوە، ئاوی ڕووبار بە پەنا ئاوە وەستاوەکانی قەراخ کێڵگەکانی برینج دا تێدەپەڕێ، بێئەوەی تێکەڵی دەریابێ. ڕووبارەکە لە *تون لزاپەوە*، لە دارستانی کامبۆجەوە هەتا ئێرە هەرچی لەسەر ڕێی بووە وە پێشخۆیداوە. ئەوەی بۆ هێنان دەشێ دەگەڵخۆی هێناویەتی: کۆلیتی پووشودار، پاش ماوەی ئاگرەبەربەست کراوەکان، باڵندە مردووەکان، سەگەسەقەت کراوەکان، بەوروگامێشە خنکاوەکان، ئینسانە خنکاوەکان، تەڵەکان، کۆمەڵێك زۆر قەوزەی لێك ئاڵاوو شتی تریش کە بەرەو زەریای ئارام لە ڕێدان. ، هیچ کام لەم شتانە ماوەی نقووم بوونیان نەبووە. گشت شتێ دیلی گێژاووشەپۆلە تووندو سەر گێژکەرەکانی ئاوە، گشت شتێ لە گێژەنی ڕووبار دا مەلە دەکا.

بە دایکم وت لە گشت شتێ زۆرتر خولیای نووسین بووم، جیا لە نووسین داواکاری چی دیکە نەبووم، هیچ شتێك، دایکم ژنێکی تووڕەوتۆسنە. وەڵامم ناداتەوە، پاش کورتە نیگایەك ، شانی لەسەرەخۆ هەڵدەتەکێنێ کە قەت لە یادم ناچێتەوە. دواتر یەکەمین کەس کە رووی لە ماڵێ هەڵدەگێرێتەوە من بووم، هێشتا چەند ساڵێکی ماوە کە من، ئەم کیژۆڵێە لە کیست بچێ. لەمەر کوران جێگەی نیگەرانی نیە. بەڵام دەزانن ڕۆژێکی ئەم کچە جێیان دێڵێ، ڕوژێکی دەگاتە ئەو ئاکامەی ماڵێ تەرك بکا. کچەکە لەوانەی زەمانی فەرانسی دا پلەی یەکەمی هێناوەتەوە. رێزدار بەرێوەبەر دەڵێ:خانم کچەکەتان لە زمانی فەراسی دا پلەی یەکەمی هێناوەتەوە. دایکە چ ناڵێ. هیچ شتێك، دڵ خۆشیش نابێ، چونکە ئەو کەسەی پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە منم، نەك کوڕەکانی. ئەم دەعەجانییە پیسە، ئەو دایکەی خۆشەویستمە، ئەیژێ:لەبیرکاری دا چۆنە؟پێی دەڵێن :جارێ زوویە، دواتر دایکم دەپرسێ:دواتر کەی؟ دەڵێین:هەر کاتێك کچەکەتان ئامادەیی دەربڕی، خانم.

دایکم، خۆشەویستم، بەو فیزو ئیفادەیەی جێی بڕوا نیەوئەو گۆرەوییە بەنانەی دوو بۆی پینە کردبووەوە، لەم گەرمێنەدا هێشتاش وادەزانێ یەکێك لە پێویسنیەکانی خانمی بەرێوەبەر گۆرەوی دەپێ کردنە. بەو کراسە جێی بەزەیی و لە کەڵك کەوتوانەیەوە کە دوو پینەی کردوون، دەڵێ هەر ئێستا لە کێڵگەی باکووری فەرانسەوە، لەلای خاڵۆپورەکانیەوە راست هاتۆتە ئێرە. هەتا بەبەریانەوە مابێ، کەڵك لە پێڵاووبەرگەکانی وەردەگرێ. هیچ تووڕنادا. بڕوای

وایە دەبێ قەدری گشت شتێ بزانرێ. پاژنەی سواوی پێڵاوەکانی لە ڕۆیشتن دا بەلایەك دا دەکەون، دەڵێی سەگی شەلە. قژی توند لە پشتەوە کۆکردۆتەوە، وەك چینییەکان کردویە بەتۆپ، بۆتە جێی شەرمەزاری ئێمە، لەشەقام لەبەردەم قووتابخانە شەرم دەمگرێ، بەڵام ئەو هەست بەم شتانە ناکا. دایکم لایەنگری زیندانو تەنبێو سەرکۆنەیە. سەیرم دەکا، دەڵێ:خەیاڵی ڕۆیشتنت لە سەردایە. شەوو ڕۆژ بیروهۆشی هەر ئەمەیە. بۆم گرنگ نیە بگەمە جێگەیەك، گرنگ ئەوەیە لەوجێگەیەی هەم بڕۆم.

هەر کە دایکم تەندروستی باشتر دەبێتەوەو ناهۆمێدی لێی دەتەکێتەوە، شاپۆی پیاوانەو پێڵاوە قەراخ زەردەکان دەدۆزێتەوە، پێم دەڵێ ئەمانە ئیتر چین. دەڵێم چ نین. سەیرم دەکا، سەرنجی ڕاکێشاوە پێدەکەنێ. دەڵێ:شتێکی خراپ نین، پێدەچێ لێت بێن، دەتگۆڕن. ئیتر پرسیار ناکا. خۆشی دەزانێ تەنیا توانای کڕینی ئەوجۆرە شتانەی هەیە. دەزانی هەندێ جار، وەك ئەو نمونەی بۆم باس کردن، هەرچی گەرەکمان بێ جێ بە جێی دەکا، بە گوێمان دەکا. پێی دەڵێم:نیگران مەبە نرخی گران نیە. دەڵێ لە کوێ دیوتە. دەڵێم لە شەقامی کاتینا، دەگەڵ کەلوپەلی هەراجی بوو. بەدڵسۆزیەوە سەیرم دەکا. لەوانەیە ئەو جۆرە لەداهێنانی جل دەبەرکردنەی بەخۆپێ زلی خەیاڵەکانی کچە بزانێ. ئەو بێوەژنە تەنیایە، بەو بەرگە ڕەشانەیەوە کە قەلافەتی ژنی ئەوپەری دنیای پێ بەخشیوە، نەك تەنیا قژی ئالۆزوسەیرمی لاپەسندە، بەڵکو پێی دڵخۆشیش دەبێ.

ڕۆژ ڕەشی بەم شاپۆ پیاوانەشەوە گرێدراوە. دەبێ پارە بگاتە ئەم بنەماڵەیە، لە هەر ڕێگەیەکی بێ گرنگ نیە، ماڵەکەمان لە نزیك کەویرە، کورەکانیش کەویرین، خۆ لە هیچ کارێکی ناگەیەنن، عەرزەکانیش شۆرەکاتن. پارە بەفیڕۆ دەڕوا. ئاخرەکەی ئەم رەوتە کۆتایی دێ. تەنیا ئەم کیژە دەمێنێتەوە، ئەویش گەورە دەبێ‌وپاشان ڕۆژێکی فێر دەبێ چۆن دەبێ پارە بۆ ماڵەوە پەیدا بکا. هەر لەبەر ئەمەشە، دیارە دڵنیا نیە، دایکی ئیزنی دەدا بۆ ئەوەی کچەکەی بەم سەرەوزعەی دەڵێی گیای ڕزیوە بچێتە دەرێ. لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆیەبێ بەم زوانە دەزانێ چی بکا، دەزانێ نیگای ئەو خەڵکەی ئاراستەی دەبن، چۆن بەرەو پارە پاڵ نێ. ئەمەش شتێکە بزە دەخاتە سەر لێوی دایکە.

کاتێ ئەم کارە بۆ مەبەستی پارە دەبێ، دایکە، ڕێگرییەك لە خۆی نیشان نادا. کیژەکە ڕۆژێکی لە ڕۆژان بە دایکی دەڵێ:داوام لە *دوو* کرد بۆ گەرانەوەم بۆ فەرانسە پێنج سەد پیاسترام داتێ. دایکی دەڵێ کارێکی باشت کرد، بۆ مانەوەت لە پاریس ئەم پارەیەت پێویستە. کچەکە دەڵێ بە پێنج سەد پیاسترا کارەکان جێ بەجێ دەبن. بە گومانی وی ڕێگەیەکی گرتبوویە بەر لەوانەیە هەر ئەو ڕێگەیە بێ کە دایکە بۆی خستبووەبەرەوە، بەڵام خۆزیا کچەکە ئەو لە خۆبردوویيە و وزەیەی بۆ ئەم کارە دەبوو، بریا ئازاری رووحی کە بەردەوام ئازاری دەدا، بڕستی لێ نەدەبڕی.

ئێستا لە یادم نیە ئەو ریوایەتانەی لە کتێبەکانما گێڕاومنەوەو هی سەردەمی منداڵیمن، دانم بە وتنی چ داناوە، یان تەنانەت چم وتوە. پێم وایە باسی ئەو خۆشەویستییەم کردوە کە بۆ دایکمان بوومە ، بەلاّم لە یادم نیە باسی ئەو رقەم کردوە کە بەرامبەر بەوی بومانە، یان ئەو خۆشەویستیەی هەر یەکەمان بەرامبەر بەیەکتری بوومان. بە تایبەتی باسی رِق، رقێکی وەحشەتناك کە تێکەڵ بە سەربردەیەکی هاوبەش لە وێرانیومەرگ کە سەربردەی ئەم بنەماڵەیە بوو، سەربردەیەکی هاوبەشی گشت شتیّ، لە خۆشەویستی لە رق. ئەم شتانە ئێستاش لە توانای تێگەیشتنی من بەدوورن، ئێستاش ناتوانم پەسندیان بکەم، شتێکی ونە لە قولاّی بوونم دا، کوێر چەشنی کۆرپەیەکی دەمی لە دایك بوون. رِق هەردەم بە بیّ دەنگی دەست پیّ دەکا، و لە بان رقەوە لە راستی دا هەر ئەم بیّ دەنگیەیە، بیّ دەنگی ئەم جولاّنە سەبرەی گشت ژیانم. هێشتا لێرەم، لێرە لە بەردەم ئەم منداڵە فریو خواردوانەدا، بە پاراستنی هەمان دورییەیی دەگەڵ ڕازو نهێنی دا هەمە. هەرگیز نەمونووسیوە، پێم وابووە نووسیومە، قەت حەزم نەکردوە، پێم وابووە کردومە. چم نەکردوە جیا لە چاوەروانی، چاوەڕوانی بەرامبەر بە دەرگەیەکی داخراو. سەردەمی سواری کەشتی بوونەکانم لە مێکۆنگ، سەردەمی لیموزینی رەش، دایکم هێشتاش زەویەکانی پشتی بەنداوی مابوون. هێشتاش هەنیّ جار وەك ڕابردوو، شەوانە دەچێنە گەڕان، هەرسێکمان بەیەکەوە دەچین، جاری وایە چەند ڕۆژان دەخایەنیّ. لە هەیوانی خانووی یەك قات دادەنیشتین، بەرامبەر بە

چیاکانی *سیام*. پاشان دەگەڕێینەوە. دایکم لەوێ کارێکی نیە، سەرەرای ئەمەش دێ. من و برا چکۆڵەکەم لە لای دادەنیشین، لە بەر هەیوان ڕووەودارستان. ئێستا ئیتر گەورە بووین، چیتر خۆمان لە تەشت دا ناشۆین، چیتر لە گۆماوی قەراخ رووبارەکان راوی پڵنگی رەش ناکەین، ئیتر نەدەچینە دارستان نە ئەو لادێیانەی بیبەریان لێ دەچاندن. هاوالەکانیشمان گەورە بوون، مندالی لێ نین، نە بەسەر پشتی گامێشەکانەوە، نە لە هیچ کوێیەك. ئەو دۆخە نامۆیە بۆ ئێمەش گواسترایەوە، ئەو سستی و لاوازییەی دایکم تووشی بووبوو بەرۆکی ئێمەشی گرت. چمان نەسیب نەبوو جیا لە سەیر کردنی دارستان، چاوەروانی و فرمێسك هەڵوەراندن. زەوییەکانی بەرەوە چی وایان لێ نەمایەوەو، زەوییەکانی سەرەوەش، خزمەتکارەکان بەرازیان لێ پەروەدەدەکردن. کێڵگەکانی برینجیش درواونەتە ئەم خزمەت کارانە، بەبێ حەق دەست، شەوانەش لەو کۆلیتانە دا دەمێننەوە کە دایکم دروستی کردوون. ئەوان وەك کەس و کاری خۆیان حیسابمان بۆ دەکەن و خۆشیان دەوێین. ئەوان وا دەردەخەن ئاگایان لە کۆلیتەکانە دیارە واشە. قاپو قاچاخی چێشت خانە کەلکیان لێ وەرگیراوە بەلام کەموکەسریان نیە. میچی کۆلیتەکان بە باران رزیوەو گلۆوخۆلیان لێ هەلدەوەرێ، لە سەریەك باش ماون. نمای کۆلیتەکان ساکارە لە سەر جادەرا وەك قەلەمێك دەچن. دەرگەکانیان رۆژانە کراونەوە بۆ ئەوەی دارەکانی بایان لێبدا و کزر ببنەوە، بەلام شەوانە لە ترسی سەگە بەرەلاو رێگرانی چیا، دەرگەکان لەسەرەخۆ گالە دەدەن.

کەواتە، تێبینی دەکەن شوێنی ئاشنایم دەگەڵ ئەو پیاوە دەوڵەمەندەی خاوەنی لیموزینی رەشە، بە پێچەوانەی ئەوەی پێشتر نووسیبووم، لە میوانخانەی "*رێئا*"نەبوو، بەڵکو گەلێ دواتر، پاش ئەوەی زەویەکانمان نەما، دووساڵ دواتر، لە کەشتی دا یەکترمان ناسی. هەنووکەباسی ئەو رۆژە دەکەم، ئەو رۆژەو تیشکی تێکەڵاوی گەرما و تەم.

ساڵ و نیوێك پاش ئەم دیدارەمان بوو کە دایکم دەگەڵ ئێمە گەڕایەوە فەرانسە. گشت کەل و پەلەکانی دەفرۆشێ پاشانیش بۆ دوا جار دەچێتە سەردانی دەربەند. لە هەیوان بەرامبەر ئاوابوونی ڕۆژ دادەنیشێ، سەر لە نوێ، بۆ دواجار سەیرێکی چیای سیام دەکاتەوە. پاشان هەرگیز نەگەرایەوە وێ، تەنانەت ئەو دەمەی دوبارە لە فەرانسەوە دەگەرێتەوە. هەر ئەو کاتەی بۆچوونی دەگۆرێ و دوبارە دەگەرێتەوە هیندو چین، لە بەر ئەوەی ماوەی خانەنشینییەکەی لەسایگۆندا بە سەر بەرێ، ئێتر نەچووەوە ئەو چیایە و نە بەرامبەر پانتایی زەردی سەرو دارستان راوەستایەوە.

بەڵێ دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم ئەو زۆر دواتر، لە کۆتایی تەمەنی دا، دەستی بە کارەکەی کردەوە. قوتابخانەی فێرکردنی زمانی فەرانسی کردەوە، *قوتابخانەی نوێی فەرانسی*. ئەم کارەی دایکم هەلی وەی بۆ رەخساند خەرجی خوێندنی من بدا و هەتاوەکو ژیا ژیانی کورە گەورەکەشی دابین بکا.

برای چکۆلە سێ رۆژ پاش تووش بوونی نەخۆشی "زات لریە"دەمرێ. دڵی توانای خۆراگری نەبووە. من دایکمم هەر لەو سەردەمەدا، سەردەمی داگیر

کردنی ژاپۆنییەکان، جیٚ هێشت. لەو کاتە بە دواوە گشت شتیٚ کۆتایی هات. هەرگیز سەبارەت بە منداڵیمان و هەروها سەبارەت بە خۆشی پرسیارم لیٚ نەکرد. پێم وایە هۆی مەرگی دایکم مەرگی برا چکۆلە بوو و، هەروەها ژیانی برا گەورەکەم. قەت نەمتوانی بە سەر ئەو ترسەی دا ئەوان هۆکاری بوون زاڵ بم. ئەوان هیچ نرخێکیان لای من نیە. لەو ڕۆژەوە لێیان ئاگادار نیم. ئێستاش نەمزانی دایکم چلۆن توانی قەرزەکانی ماڵی *شیتی* بداتەوە. ماوەیەکی درێژ لێیان بیٚ هەواڵ بووم. هەنووکە لە پێش چاوانمن لە تالاری چکۆڵەی ماڵەکەمان لەسادك دانیشتوون. جل و بەرگی سپیان دەبەر دایە. قسان ناکەن. مانگ و ساڵەکان لەویٚ دانیشتوون. گوێم لە دەنگی دایکمە. فرمێسکان هەڵدەوەرێنیٚ و جنێویان پیٚ دەدا. چۆتە هۆدەکەی و نایەتە دەریٚ، هاوار دەکا وازی لیٚ بێنن، بەڵام ئەوان دەلێی کەڕن، بە بیٚ دەنگی و بزەیان لە سەر لێو لەویٚ دانیشتوون، ئاخرەکەی ڕۆژێك گشت شتیٚ کۆتایی پیٚ هات. هەنووکە گشتیان مردوون، دایك و براکانم مردوون. لە بیرەوەرییەکانیشم دا کۆن بوون. ئیتر هەست بە هیچ ئۆگرییەك لە خۆما ناکەم بەرامبەریەوان ، لەوانەیە هەرگیز خۆشم نەویستبن. دەستم لیٚ شتبوون. بۆنی ئەندامی دایکم لە زەینم دانەماوە، رەنگی چاوەکانیشیم بیر چۆتەوە، دەنگیشم لە یاد بردۆتەوە، لە دەنگی تەنیا جارناجار سۆزی تێکەڵ بە ماندووی شەوانە لە یادما زیندوو دەبێتەوە. چی تر گویٚ بیستی پێکەنینەکەی نابم، نە پێکەنین و نە هاوارەکانی. چم بیر ناکەوێتەوە هەموو شتیٚ کۆتایی هات. هەر بەم هۆیەشە لە مەڕ ئەو ژنە ئاوا بە سانایی

دەتوانم بنووسم، ئەوەندە دوورو درێژو بەرین، ژنێك هەنووکە بۆتە کلێشەی نووسراوەیەکی باو.

دایکم ناچار بوو لە ساڵی 1932 هەتا ساڵی 1949 لە سایگۆن بمێنێتەوە. لە سیپتامبری 1942 برا چکۆڵەکەم ماڵ ئاوایی لە دنیای روون دەکا. ئەو ژنە ئیتر توانای نەبوو بۆ هیچ کوێ بچێ، هیچ شوێنێك. هەر لەوێ مایەوە، بە قسەی خۆی پێی لە سەر لێواری گۆر بوو. دواتر بڕیاری دا بگەڕێتەوە فەرانسە. ئەو کاتەی سەر لە نوێ یەکترمان بینییەوە کورەکەم دوو ساڵانە بوو. ئەو بۆ ژیان و مەرگ چووە گەرەکی ***لوئار ئە شەر*** لە خانوویەکی چەشنی کۆشکی لوویی چواردەهەم نیشتەجێ بوو. لەوێ دەگەڵ ***دوو*** ژیاوە. هێشتاش ترسەکەی هەر دەگەڵ بووە بۆیە تفەنگێکی کڕیبوو. ***دووش*** لە قاتی سەرەوە لە هۆدەی ژێر شیروانی کێشك دەدا. هەروەها زەوییەکی بۆ کورە گەورەکەی لە ***ئامبوئاز*** کڕیبوو. دارەکانی ئەو زەویە بە فەرمانی کورە گەورەکەی لەبن را دەبڕن. پاشان کورە گەورەکەی یەکسەرە بە پارەی دارە فرۆشراوەکان دەچێتە قوومارخانەی ***باکارای*** پاریس و، لە وێ قووماری دەکا. پارەی دارەکانی بە شەوێکی دەدۆڕێنێ. بەر چاوانم لێڵ بوو کاتێ زانیم پارەی دارەکانیشی ئاودیو کردوە. براکەم فرمێسکی دەچاوان چرژاندم. ئەوەندەی لە یادم ماوە، بە خەوتوویی دەنێوماشین دا لە گەرەکی مونپارناس لە بەردەم قاوەخانە دۆزیبوویانەوە. خەریك بوو بمرێ. نازانم پاشان چی بە سەر هات. ئەو، هەمان دایکم، لە کۆشکەکەی دا کارێکی کردبوو هەر مەزانە، گشت ئەم

کارانەی لە بەر کوورە گەورەکەی دەکرد بۆ ئەو کوریژگە پەنجا ساڵەییەی نەیدەزانی خۆی بژێنیٚ. دایکە چەند دانە ئامێری جووجەڵەی کارەبایی دەکڕیٚ و لە تالاری قاتی خوارەوە دایان دەنیٚ. بە جارێکی دەبێتە خاوەنی شەش سەد جووجەڵە، چل میتری چوار گۆشەی پڕ لە جووجەڵە. لەبەکارهێنانی تیشکی سەرو وەنەوش تووشی هەڵە بوو بوو. پاشان هەست دەکا هیچ کام لە جووجوڵەکان دان ناخۆن. گشت جووجەڵەکان دەنووکیان کراوەتەوەو گشتیان لەبرسان مندار دەبنەوە. ئەویش هەرگیز دەستی بۆ ئەم کارە نەبردەوە. کە چوومە ماڵی کۆشکی ئاغایانەی دایکم ، جووجەڵەکان تازە لە هێلکە هاتبوونەدەر، حەشر بوو مەپرسە، بۆنی جووجەڵی مندار‌بوو بۆنی دانەکەیان ئەوەندە توووند بوو کە نان خواردن لە لای دایکم هێڵنجی بەدواوە بوو.

ئەو ژنە لەلای ***دوو*** و، ئەو پیاوەی ئەو بە کوری خۆی بانگی دەهێشت، لە هۆدەی گەورەی قاتی یەکەم، ئەو هۆدەیەی مەڕی تێدا دەبەستەوە، تەواو بوو. لە وەرزی سەهۆڵ بەندان دا، لەزستان دا، تەنانەت هەتا دوایین زستان، چوارو هێندیٚ جار شەش سەر مەڕی هەبوون.

هەر لەویٚ لە ماڵەکەی ***لوئاردا*** پاش ئەوەی دەربەدەرییە بیٚ وەستانەکانی کۆتاییان دیٚ. پاش کۆتایی بەسەرهاتەکانی ئەم بنەماڵەیە، بۆ یەکەم جار شێتی تێدا هەست پیٚ دەکەم. هەست دەکەم دایکم بە تەواوی شێت بووە، ***دوو*** و براکەم تەنیا کەسانێکن ئەم نهێنییەیان پاراستبوو، بەڵام من نا. قەت وام نەدیبوو، شێت بوونی دایکم نەدیبوو. ئەو وابوو، شێت بوو هەر لە سەرەتای لە

دایك بوونیەوە. شێتی لە خوێنی دابوو. ئەو نەخۆشی شێتی نەبوو، شێتی وەك تەندروستی ژیابوو، لای *دوو* کوڕە گەورەکەی. جیا لەم دووانە دەگەڵ کەس ڕێك نەدەکەوت، لە کۆنەوە گەلێ هاورێ و دۆستی بوون. پێوەندی هاوڕێیەتی پاراست بوو. هاورێی نوێشی بوون کە زۆربەیان گەنج بوون کە ئەم دواییانە هاتبوونە ناوچەی کۆلۆنی نشینی دەڤەری دارستان. دواتریش هەنێ دۆستی لە خەڵك *تورنی* فەرانسە پەیدا کردبوو کە هێندێکیان خانە نشینەکانی کۆلۆنییەکانی فەرانسە بوون. خەڵکێکی زۆری بە تەمەنی جۆراو جۆرەوە لە خۆ کۆدەکردنەوە، هۆکەشی، دیارە بە قسەی وان، لێواو لێو بوو لە نەزانین، خۆش دوێی و هەڵسووکەوتی تایبەت و سروشتییەکەی هیچ کاتێ ماندوو وەڕەزی نەکردون.

ئەو وێنەیەی چیرۆکی نائومێدی دەگێرێتەوە نازانم کێ گرتوویەتی، وێنەی حەوشەی ماڵی سایگۆن. لەوانەیە دوایین وێنەبووە باوکم گرتوویەتی و پاشان چەند مانگ دواتر، بە هۆی بێ تاقەتی دەگەڕێتەوە بۆ فەرانسە. پێشتر شوێنی کاری گۆریبوو و نێردرابووە *پنوپن*. لە چەند حەوتوو زیاتر تاقەت ناهێنێ و دەگەڕێتەوە. پاشانیش ساڵێکی پێ ناچێ دەمرێ، دایکم لە چوونی بۆ فەرانسە خۆ دەپارێزێ، دەگەڵی ناچێ، لە کوێ بووە هەر لەوێ دەمێنێتەوە، لە پنوپن جێی خۆش دەکا، لەو خانووە خۆش و ڕازاوەیەی بە سەر رووباری مێکۆنگ دا دەنوارێ، لە کۆشکی دێرینی پاشای کامبۆج، لە نێوەندی دەیان هێکتار باخی ترسناك دا نیشتەجێ دەبێ. چوار کەسین گشتمان لە سەر تەخت دەخەوین.

دەڵێ لە شەو دەترسێ. ، دواتر هەر لەو شوێنە لە مەرگی باوکیشم ئاگادار دەکرێینەوە. پێش گەیشتنی تێلگرام ئاگادار کرابووەوە. شەوی پێش مەرگ، ئەویش تەنیا بەهۆی هێمایەکەوەکە تەنیا خۆی توانیبووی بیبینێ و گوێی لێ بێ. بە هۆی ئەو باڵندەیەی لە دڵی شەوا خوێندبووی، باڵندەیەکی حەیران و ون بوو لە هۆدەی گۆشەی باشووری خانووەکە، لە هەمان هۆدەی شوێنی کاری باوکم. سەر لەنوێ هەمان هۆدە، دایکم چەند ڕۆژ پاش مەرگی مێردەکەی، هەروا لە شەوا، خۆی لە بەرامبەر وێنەی باوکی دا دیوە، بەڵێ باوکی خۆی. ژنەکە چراکە دادەگیرسێنێ، پیاوەکە دەبینێ، لەوێ ڕاوەستاوە لە لای مێزدەکەی لە تالاری هەشت لای گەورەی بیناکەدا کە سەیری ژنەکە دەکا. ئەو هاوارەم لە بیرە، بانگی یەکێکی دەکرد. دایکم لە خەوی هەڵستاندین و ڕووداوەکەی بۆ گێراینەوە. باسی ئەو پیاوەی بۆ کردین کە لە خەونەکەیدا دیبووی ، باسی هەڵسوکەوتی بۆ گێراینەوە و ئەو بەرگانەی دەبەری دابوون کە هی ڕۆژی پشوو دان بوون، بەرگی ڕەش. وتی چاوی لە چاوی ژنەکەوە بریبوون. دایکم دەڵێ:"نەترساوە و بەرەو وێنەکە رای کردوەو وێنەکە لە بەر چاوانی بزر بووە. "هەردوکیان لە وەرزی باڵندەکاندا مردوون، لە وەرزی خەیاڵ. لەم پەیوەندییەدا سەبارەت بە زیرەکی دایکمان لە گشت بوارێکا تەنانەت بواری مەرگیش، سەری ڕێزمان دانواندووە وملی کەچ بووین.

پیاوە قۆزەکە لە لیموزینەکە دابەزیوە. جگەرەی بەرگ دەکێشێ. چاوی لە کچێکی لاوە شاپۆی پیاوانەی لەسەرەو پێڵاوی قەراخ زەردی لە پێیە. پیاوەکە

بە ئارامی بەرەو کچەکە دێ. بە ئاشکرایی ترسی پێوە دیارە، بێ ئەوەی بزەی بێتێ، جگەرەیەك بۆ کچەکە ڕادەگرێ. دەستی دەلەرزن. لە ڕەگەزێکی جیاوازە، سپی پێست نیە، ئەم جیاوازییە دەزانی هەر بۆیە دەلەرزێ، کچەکە سوپاسی دەکاو دەڵێ جگەرە ناکێشێ. هیچی تر ناڵێ. ناڵێ وازم لێ بێنە. لە شێواوی پیاوەکە کەم دەبێتەوە. پاشان بە کچەکە دەڵێ ئەم چاو پێکەوتنەی وەك خەون دێتە بەرچاوی. کچەکە وەڵام ناداتەوە، هیچی نیە بۆ وەڵام دانەوەی. چ بڵێ؟چاوەڕوان دەبێ. پیاوەکە دەپرسێ:ئیوە خەڵکی کوێن؟کچە دەڵێ دایکی هەر ئەو ژنەیە کە بەرێوەبەری قوتابخانەی سادکە. پیاوەکە ماوەیەك لە بیرەوە ڕادەچێ وپاشان دەڵێ ناوی ئەم خانمەی، ناوی دایکی بیستوە و، تەنانەت ئاگاداری بێ شانسییەکەشیانە، بێ شانسی لە مەرِ ئەو ملکەی لە کامبۆج تەمای بووە بیکرێ. وانیە؟ بەڵێ وایە.

پیاوەکە دەڵێ بە دیتنی کچەکەی سەر سەکۆی کەشتییەکە سەر سوڕماو بووە. بەیانییەکی زوو، کچێکی جوانکیلەی وەك وی، بزانن چەندە لە چاوەروانیی بە دوورە ...کچێکی جوان و سپی پێست لە پاسی هاووڵاتیانی وێندەرێ دا.

پیاوەکە پێی دەڵێ شاپۆکەی زۆر لێ دێ، شتێکی نوێیە. شاپۆیەکی پیاوانە، چی تیا بەستەیە؟کچێکی وا جوان، چی پێخۆش بێ دەتوانێ بیکا.

کچە لاوەکە سەیری پیاوەکە دەکا و، داوای لێ دەکا باسی خۆی بۆ بکا. پیاوەکە دەڵێ ئەوەندە نیە لە پاریسەوە گەراوەتەوە، لەوێ دەیخوێند و

هەنووکەش وەك ئەو نیشتەجێی سادکە. لەو خانووە گەورەیەی کە بە سەر رووباردا دەڕوانێ و هەیوانی گەورەی هەن و، بەردەکانی سیرامیکی شینن دەژی. کچەکە لە پیاوەکە دەپرسێ خەڵی کوێیە، پیاوەکە دەڵێ چینییە بنەماڵەکەی خەڵکی چینی باکوورن، خەڵکی *فوشوئن*. پاشان بە کچەکەی دەڵێ ئیزنم بدەن دەتوانم هەتا سایگۆن لەگەڵتان بێم. کچەکە رازی دەبێ. پیاوەکە بە لێخوڕەکەی دەڵێ ساکەکانی کچەکە لە پاسەکە بنێێ و بیانخاتە ماشێنە ڕەشەکەوە.

پیاوەکە چینی یە، لە یەکەم دەوڵەمەندەکانی چین و خاوەنی ڕیزێك بینایی ناوچەی کۆلۆنی نشینە. هەمان ئەو پیاوەیە کە ئەو رۆژە بە رووباری مێکۆنگ دا تێدەپەڕی بەرەو سایگۆن.

کچەکە سواری ماشێنە ڕەشەکە بووە، دەرگەکەدادەخرێ. دڵە خوورپە کەمە و لەپڕە و تێکەڵە بە داهێزران و هەندێکیش ون بوون، لە بەر تیشکی ئەو هەتاوەی سەر رووبار کەبە لەسەرەخۆیی بەرەو تاریکی دەچێ، وڵات تەم دایگرتووە.

لەو رۆژەوە ئیدی بە پاسی ناوچەکە هاتوچۆم نەکرد. لەوەبەدواوە بۆ چوونە قوتابخانە سواری لیمۆزین دەبووم و بۆ خواردنی شەوانەش دەچوومە رازاوەترین رێستورانەکانی شار. هەتا ئەبەد ئەو پەشیمانیەم دەگەڵ دەبێ، پەشیمانی ئەوەی دەیکەم. لەوەی لە پاشم بەجێ دەمێنێ، لەوەی چاك یان خراپ وەدەستی دێنم، لە پاس دا، لە قسەو گاڵتەو گەپ لەگەڵ لێخورەکە لە قسەو

قسەلۆکی پیرێژنە چەنەوەڕەکانی کورسیەکانی پشتەوەی پاس، لەو مندالآنەی سواری باروبنەی سەر ماشێنن، لە بنەماڵەی سادك، نەفرەت لە بنەماڵەی سادك و، ئەم بێ دەنگیە ئەفسوونکەرەیان.

پیاوەکە دەیگێرایەوە، دەیوت لە پاریس ماندوو و، بێتاقەت بووە و، ژنانی پاریس شایانی پێداهەڵگوتنن. باسی رێورەسمی زەماوەندەکانیشی کرد، باسی بۆمبەکانیش. سەیرە باسی کافەی ***کوپەڵ*** و ***رووتووندی*** شی کرد، وتی رووتوندی لا باشترە، باسی قاوەخانەکانی بەشی نێوخۆیی و باسی ئەو دووساڵە سەیرەی لەوێ ژیابوو بۆ کردم. کچەکە بە وردی گوێی رادەگرت، لە ئاخاوتنی پیاوەکە هەندێ شتی بۆ دەرکەوتن، ئەو قسانەی باسی سەروەتیان تێدابوو، ئەو قسانەی هەواڵی کەسێکی چەند میلێونی دەدا. پاشانیش لە درێژەی قسەکانی دا وتی دایکی نەماوەو تاقانەشە. تەنیا باوکی ماوە، باوکێك بەم گشتە ماڵ وسەروەتەوە، دەزانن پاشان چی بە سەر دێ. پیرە پیاوەکە وافوری بەدەستەوەیە، لە قەراخ رووباردا. . .دەساڵی ڕیەقی ئاوا تێپەڕ کردوە، لە سەر تەختی سەفەری پاڵی لێداوەتەوە و، بە سەروەت و ماڵەکەی ڕاگەیشتوە. کچە دەڵێ تێدەگەم.

باوکی رازی نەبووە کورەکەی دەگەل کچێکی سپی پێست کە کەس نازانێ خەلکی کوێیە و ئێستا لە گەرەکی سادك دەژی، پەیمانی هاوسەریەتی ببەستێ.

ئەم وێنە خەیالییە پێش ئەوەی پیاوەکە بەرەو کچە سپی پێستەکەی نێوەکەشی بچێ دروست دەبێ، ئەوکاتەی لە لیمۆزینی ڕەش دابەزیبوو وبەرەو کچە هەنگاوی نابوون. کچەکە زانیبووی پیاوەکە پەشۆکاوە.

کچەکە ئەم شتانەلە یەکەم ساتەکاندا دەزانێ. دەیزانی پیاوەکە گاڵتەجاڕی دەستیەتی، هەروەها ئەگەر شتێکی لەم بابەتە هاتبا پێش پیاوی تریش دەبوونە گاڵتەجاڕی دەستی. ئاگاداری شتی تریش هەیە، لێی روونە گەیشتۆتە تەمەنێك ناتوانێ هەندێ پێویستی لە مەرخۆی پشت گوێ بخا. بە تایبەتی دایکە نابێ هەست بەمە بکا، هەروەها براکانیشی. ئەوەی ئەو کاتەش دەزانی. هەرکە سواری ماشێنی رەش بوو بوو ئەوەی هەست پێ کردبوو. بۆ یەکەم جار هەستی کرد بوو کە لەم بنەماڵەیە جیایە. لەمەو بەدوا براکانی نابێ بزانن چ بە سەر ئەو کچە هاتووە، نابێ بزان خووشکەکەکەیان لە چنگ دەرهێناونو، بریندار و عەیبداریان کردوە. بەڵێ نابێ هەست بەم شتانە بکەن، نە دایکی نە براکانی. لەمە بەدوا بەشیان بێئاگاییە. گریانیش لە ماشێنی ڕەشدا هەر لەبەر ئەوەیە.

ئیتر ئەم کچە دەگەڵ ئەم پیاوە پێوەندی و هەڵسوکەوتی هەیە. یەکەمین پیاوە، هەر ئەو پیاوەی لەسەر سەحنی کەشتی خۆی ناساندوە.

ئەو ڕۆژە، ئەو پێنج شەمۆی کە قەرارمان دانابوو، زوو هات. گشت رۆژێ سەردانی کچەکەی دەکرد و لە قوتابخانەوە دەیگەیاندەوە بەشینێوخۆیی. ئەو ڕۆژەش دێ، پاش نیوەڕۆی ئەو پێنج شەمۆیە. کچەکە سواری ماشێنە ڕەشەکە دەکا.

شولین ئێرەیە، دەڕوانێ بەسەر ئەو شەقامانەی داریان لێدراوە وشارە چینی یەکە بە نێوەندی سایگۆن دەگەیەنن. جادەی پان، کەکەلێنیان تێدایە بۆ

ترامواى بە شێوەى ئەمریکایی، ئەو کەلێنانەى بە داشقەى دەستی وپاسەکان دروست بوون. دەمی نیوەڕۆییە کچەکە خۆی لەسەیرانی بەکۆمەلی هاوپۆلییەکانی دزیوەتەوە.

ئێرە شوێنێکی ناوچەی باکوری شارە. خانووەکانی تازە دروست کراون، کەل وپەل ومێزی ئەمرۆیی تێدایە. پیاوەکە دەڵێ:مێزو سەندەڵییەکان هەڵبژێردراوی ئەو نین. رووناکی هۆدەکە کەمە. کچەکە لە پیاوەکەی ناوێ پەردەی کەرکەری پەنجەرەکە لادا، نە هەستێکی تایبەتی هەیە نە رق ونەفرەتیش. تەنیا هۆی ئەمەش دەبێ حەز پێ کردن بێ و کچەش بێ ئاگایە لە حەز. دوێنێ ئێوارە بانگ هێشتنەکەی قەبووڵ کردبوو، ئێستا لەو شوێنەیە کە قەراریان بوو، هاتۆتە ئێرە. هەست بە ترس دەکا، ترسەکە بە ڕواڵەت پەیوەندی بەو شتەوە هەیە چاوەڕوانی دەکا، ڕووداوێکە قەرارە رووبدا. زەینی تەنیا بۆ شتەکانی دەرەوەی هۆدەکە ڕادەکێشرێ، بۆ لای رووناکی و دەنگە دەنگی شار، ئەو دەنگەی هۆدەکەی ئاخنیوە. پیاوەکە دەترسێ، لە کچەکە ڕاماوە، دەڵێی چاوەڕێیە کچە شتێ بڵێ. کچە هیچ نالێ. پیاوەکە هەروا بێ جووڵەیە. دەڵێ شێتانە کچەی خۆش دەوێ ئەمەی زۆر بە سەبری دەڵێ، پاشان بێ دەنگ دەبێ. کچە وەڵام ناداتەوە، دەیتوانی بیژێ خۆشی گەرەك نیە، بەڵام چ نایژێ. لەناکاو، بۆ ساتێك هەست دەکا پیاوەکە نایناسێ، قەت نەیناسیوە، لە راستی دا ناتوانێ هەست بەم چارەڕەشییە بکاو بۆ دەست پێڕاگەیشتنی وی ڕێگەیەکی وا پڕلە هەورازو نشێو ببرێ، هەرگیز توانای کارێکی وای نیە. بەڵام کچە

زیرەکی تێگەیشتنی ئەم شتانەی هەیە. بە هەست کردن بەوە کە پیاوەکە لەمانە تیّ ناگا، هەست دەکا، لەهەمان یەکەمین دیداریان دا لە سەکۆی کەشتی یەکەدا، پێی خۆش بووە، هەنووکەش پێی خۆشە، ئەم بابەتەش تەنیا پێوەندی بەوەوە هەبووە، بە کچەکەوە.

بە پیاوەکە دەڵێ:بریا خۆشت نەویستبام، تەنانەت ئەگەر منیشت خۆش دەویّ، حەز دەکەم هەمان هەڵس و کەوتم دەگەڵا بکەی، کە عادەتی هەمیشەییتانە. پیاوەکە بە پەشۆکاییەوە سەیری دەکا، لێی دەپرسیّ:توا حەز دەکەی؟کچە دەڵێ بەڵێ. پیاوەکە لێرە لەم هۆدەیە، بۆیەکەمین جار دەڕەنجیّ. ریای ناکا. بەکچەکە دەڵێ پێشتریش دەیزانی کچەکە خۆشی گەرەك نەبووە. کچەکە وازی لیّ دێنیّ قسە بکا. لە پێش دا دەڵێ نازانیّ، پاشان لێی دەگەریّ بدویّ.

پیاوەکە باسی تەنیایی خۆی دەکا. تەنیایی ترسناکی و ئۆگری لەڕادەبەدەری بەوەوە، بە کچەکەوە، کچە دەڵێ ئەویش تەنیایە، بەڵام باسی خۆشەویستی ناکا. پیاوەکە دەڵێ ئەتۆ دەگەڵ من هاتوویە ئێرە، هەروەك چۆن دەتوانی دەگەڵ پیاوێکی تریش بۆ شوێنێکی تر بچی. کچە دەڵێ ئەم شتانە نازانیّ. دەڵێ هەتا ئێستا بە مەبەستی وا پێی دەماڵی کەس نەناوە، پاشان دەڵێ، حەز ناکا پیاوەکە قسە بکا، تەنیا داواکاری ئەوەیە هەمان رەفتاری دەگەڵدا بکا کە دەگەڵ ژنانی تریشا دەیکا. پیاوەکە کراسی کچەکە بە پەلە لە بەر دادەدڕیّ پاشان شاڵوارە سپییە تەنکەکەشی ئەوجار کچە بەروتی رادەکێشێتە سەر تەختەکە.

پیاوەکە پشتی تێدەکا و دەگری. کچەکە ئارام و لە سەر خۆ پیاوەکە دەکێشێتە ناو جێگەکە و جلەکانی لەبەر دادەنێ. پیاوەکە بە سەبری دەخزێتە ناو جێگەکە دەڵێی نەیەوێ وەخەبەری.

کابرا پێستی گەلێ نەرمە، ئەندامێکی باریك، کزو بێ ماسوولکە، دەڵێی توشی نەخۆشییەکی توونید بووە، یان بێ نوێژە. پێستێکی ساف و ناسك و بێ موو. ماڵی ئەم دنیایەی هەر ئەمەیە. نەناسیاوی نوێ. دەڵێی تووشی نەخۆشییەکی بەژان بووە. کچەکە سەیری روخساری پیاوەکە ناکا، سەیری ناکا. تەنیا بەخۆیەوە دەگوشێ و نەرمی سێکسەکەی دەگرێ. پیاوەکە دەگری.

و گریان و تێکەڵ بوون. سەرەتا ژان پاشان ژان دەبێتە شتێکی تر، وردە وردە نامێنێ.

نووقمی خۆشی دەبێ.

دەریا، تەنیا دەریا، بێ روخساری بێ هاوتایە.

هەر لەو کاتەشەوە، لە سەر هەیوانی کەشتی، وێناکە تێکەڵی ئەم ساتانە بوو بوو.

وێنای ئەو ژنەی گۆرەوی پینەکراوی دەپێ دابوون پانی هۆدەکەی دەپێوی. سەرەنجام وێنای ژنەکە وەك کچێکی کەم تەمەن خۆدەردەخا. هەر دوو برا کە پێشتر ئەم بابەتەیان دەزانی، بەڵام کچە هێشتا هیچی نەدەزانی. دواتریش کەبەیەکەوە بوون، قەت باسی دایکیان نەدەکرد، ئەوەی لەبارەیەوە دەیانزانی،

ئەوەی هۆی جیابوونەوەیان لەو ژنە بوو، لێیەوە نەدەدوان، ئەمەی دەیانزانی و، لێی دڵنیا بوون پێوەندی بە منداڵی دایکەوە هەبوو.

دایکەش نەیدەزانی چێژ و خۆشی چیە.

(...)

دەمشوات. سەیری دەکەم، دەمشوات. وردە وردە دێتە بەردەلان، پاشان زۆرتر. نازانم چۆن ئەو لەمپەرەی دایکم پێکی هێناوە تێك دەشکێندرێ. ئەویش بەو ئارامی و لێبراوییەوە. ئەوە کە چۆن توانیم"هەودای خەیاڵ هەتا کۆتایی بەرم"نازانم چۆن بوو. سەیری یەکتری دەکەین. . . لێم دەپرسێ چۆن بوو هاتمە ئێرە، دەڵێم پێویست بوو.

ئەوە یەکەمین جارە بەیەکەوە قسان دەکەین. باسی دوو براکەمی بۆ دەکەم پاشانیش پێی دەڵێم دەست کورتین، براکەم دەناسێ لە خانەی تریاك کێشانی ناوچەکانی کۆلۆنیدا دیتویەتی. پێی دەڵێم ئەو برایەم بۆ دابینکردنی پارەی تریاك، پارەی بەدەست دایکمەوە نەهێشتوە، سەرەرای ئەوەش پارەی خزمەتکارەکەشمان دەدزێ. خاوەنەکانی خانەی تریاك کێشان ، پارەی تریاکی براکەم لە دایکم دەخوازن. باسی زەوییەکانی پشتی دەربەندی بۆ دەکەم. پێی دەڵێم دایکم پێی لە سەر لێوی گۆرە، ئەم دۆخە ئەوەندە بەرداوام نابێ. دەڵێم مەرگی بەم زوانەی دایکم بێ شك پێوەندی بەم رووداوەی ئەمرۆ بۆم هاتۆتە پێش دەبێ.

هەست بە ئۆگریك لە خۆمدا دەکەم سەبارەت بەم پیاوە.

دڵی بۆم دەسووتێ، دەڵێم شایانی دڵسۆزی نیم و کەسیش شایانی نیە جیا لە دایکم. دەڵێ:چونکە دەوڵەمەندم دەگەڵمدای. پێی دەڵێم ئەو چۆنە وام گەرەکە، بەم سەروەتەوە. دەڵێم یەکەم جار کە بینیم بەم ماشێن و سەروەتەوە بینیم. ناش زانم ئەگەر کەسێکی تر بوایە بەرامبەری چۆن دەبووم. دەڵێ:حەز دەکەم لەلام بی دەگەڵت بم، دەڵێم هێشتاش ناتوانم دایکم جێ بێڵم، بێ من لە مەراقان دەمرێ. دەڵێ قسەی تێدا نیە لەوە کە دەگەڵ منە بەختی نەسیب نەبووە. بەڵام ئامادەیە هەر کاتێ پارەم گەرەك بوو پێم بدا. دەڵێ نیگەرانیش نەبم. پاڵ کەوتۆتەوە، بێدەنگ دەبینەوە.

دەنگە دەنگی شارەکە فرەیە، بە دەنگی فیلم دەچێ کە لەیاددا مابێتەوە، دەنەگی بەرزی فیلم، دەنگێکی کەڕکەر. هۆدەکەم باش لە یادە، هۆدەیەکی تاریك. قسان ناکەین. هەراو هەڵای کۆڵان و سەر شەقام هۆدەکەی پڕ کردوە. شار گمەی دێ، غەڵبە غەڵبە لە شەمەندەفەری شاردا لە گشت شوێننێکا. پەنجەرەکان جامیان نیە، پەردەی هەڵواسراوەو کەڕ کەڕەی دارینیان هەیە کە پێش لە هاتنی هەتاو دەگرن. لەپشتی پەردەکەوە سێبەری ئەو خەڵکەی کە بەبەر هەتاوی شۆستەدا لە هاتوچۆدان دیارە. حەشامەتێکی زۆرە. سێبەری ڕێبوارن بە هۆی کەلێنی ئەستوونی کەڕ کەڕەکە بەرێکی لەت لەت بووە. دەنگی پێڵاوی دارین لە گوێدا دەزرینگێتەوە. دەنگەکان کەڕت دەکەن. چینی زمانێکە لە جیکە جیك دەچێ، هەر ئەوەی لە زمانی لادێیەکان لەزەینم داماوە، زمانێکی گەلێ غەریب.

لە دەرەوەی ئەم هۆدەیە، ڕۆژ کۆتایی هاتووە. بە دەنگی خەڵکەکەدا دیارە، لە دەنگەدەنگی ئەو هاتوچۆیەی زۆرتر بووەو ئاڵۆزترە. ئێرە شاری خۆشی و چێژە چێژێك لە شەوا دەگاتە لوتکە. ئەمەش داکشانی خۆرو دەست پێ کردنی شەو.

کەڕ کەڕەی دارینو ئەم پەردە کەتانییە، تەختی خەوەکەیان لە شار جیا کردۆتەوە، ئەوەی ئێمەی لەم خەڵکەی سەر شەقام جیا کردۆتەوە توانای خۆراگری ئێمە نیە. ئەوان لە بوونی ئێمە بێ ئاگان. بەڵام ئێمە هەست بە بوونی هەنێ شت دەکەین، دەنگە دەنگیان هاتووچۆیان. ئەو دەنگانەی وەك دەنگی پچر پچری شەمەندەفەر دەچن، دەنگدانەوەیەکی شکاو. کپ و غەمین.

بۆنی کارامێل هۆدەکەی داگرتوە، بۆنی پستەی شامی، شۆربای چینی، گۆشتی سوورکراوە، سەوزی، بۆنی گوڵی یاس، بۆنی تەپوتۆز، بۆنی کۆندەر، دوکەڵی ڕەژی. لەم وڵاتە ڕەژی لە سەوەتەیەکی دەکەن و بە کۆڵانانذا دەیگێڕن و دەیفرۆشن. بۆنی شار لە بۆنی لادێ کۆلۆنییەکانی دەڤەری شار دەچێ. وەکو بۆنی جەنگەڵە. کە چاوم هەڵێنا بینیم، بەرگی ڕەشی دەبەر دابوو، دانیشتبوو و ویسکی دەخواردەوەو جگەرەی دەکێشا. وتی کاتێ کە ئەو خۆی دەشوت من خەوم لێ کەوتبوو. نازانم کەی خەوم لێ کەوت. چرای سەر مێزە نەویەکەی هەڵکردوە.

پیاوەکە هەندێ تایبەت مەندی هەن کە هۆشم بۆ لای خۆی رادەکێشێ، زۆربەی کات دێتە ئەم هۆدەیە. بە ڕواڵەت دەبێ مرۆڤێك بێ هەڵس وکەوتی

کۆمەڵایەتی باش بێ. پیاوەکە ترسی لە دڵ دایە، لەوانەیە ئەم هەڵس و کەوتەی بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئەم ترسەی کە هەیەتی بێ. پێی دەڵێم دەگەڵ پێم باشە هاتوچۆی دەگەڵ زۆران هەبێ، ئەگەر چی بۆچوونێکی وا چەوتە. سەیری یەکتری دەکەین. لە مەیەستم دەگا. لە پڕ نیگای سارد و ساختە دێتە بەرچاو، نیگایەکی شووم و، مەرگ ئاسا.

داوای لێدەکەم بێتە لام.

دێ. جگەرەی ئینگلیزی بۆن خۆشە، بۆنی هەنگوینی هەیە. لەشی بۆنی توونی ئاوریشمی گرتووە. بۆنی ئاوریشمی خاو، بۆنی زێرو زێو. مرۆڤێکی لە سەر دلانە. پێی دەلێم بۆنەکەی شادم دەکا. دەڵێ ئۆقرەم هەبێ. دەدوێ، دەڵێ هەر لەسەرەتاوە، لەکاتی تێپەڕین بە رووباردا زانیویەتی من وادەبم، سوجدە بۆ ئەوین دەبەم. دەڵێ لەوە پێشیش دەیزانی من فریوی دەدەم. لە گەڵ ئەو یان یەکێکی تریش بام هەر فریوم دەدا. باسی خۆشی دەکا، دەڵێ هۆی چارە ڕەشییەکانی خۆیەتی. لەوە کە دانی بە گشت شتێ داناوە شادم. ئەمەشی پێ دەلێم. هەڵدەچێت، هەستی بریندار دەبێ. لەلای ئەم منداڵە، هاوار دەکا جنێوان ئەدا. لە خۆشیان چاوان لەسەر یەك دادەنێم. بیر دەکەمەوە:ئەو عادەتیەتی، ئەوەی لە ژیان دا دەیکا هەر ئەوەیە، تەنیا ئەمە...بەئەزموون، شایانی پێ هەڵگووتن و بێ کەم و کوری. مرۆڤێکی خۆش شانسم، قسەی تێدانیە. ئەو وەك وەی کاری گشت سات و ڕۆژێکی بێ، بەم جۆرە ئەوەی دەبێ بیلێ دەیلێ. پێم دەڵێ. ساویلکە، دەبەنگ. دەڵێ تەنیا خۆشەویشتی منم،

ئەوەی دەبێ بیڵێ هەر ئەوەیە. هەر ئەم شتانە دەوترێن. ئەگەر لێ گەڕێن زمان سەربەست بێ ئەگەر لێ گەڕێین کردار سەربەست بێ...گشت شتێ باش دەچێتە بەرەوە، کەم و کوریش لە ئارا دانیە، کەم وکورییەکان دەشاردرێنەوە گشت شتێ دیلی شەپۆلی بە تاو و زەبوونی هێزی حەزە.

دەنگە دەنگ و هەرای شار زۆر نزیکە، نزیکتر لە پارچەکانی کەڕ کەڕەدارینەکە هەست پێ دەکرێ. دەنگەکان وان دەڵێی ڕێبوارەکان بە نێوەراستی هۆدەکەدا تێدەپەرن و لە پەنا ئەم دەنگە دەنگەو لە پشتی ڕێگەکانی هات وچۆ...

دەریا، ئەم پانتاییە گەورەییەی پاڵی وێك داوە، دوور دەبێتەوەو، دەگەرێتەوە.

لە راستی دا شتێ بوو لە روح کێشان دەچوو، شایانی ئەوەش بوو گیانی بۆ بەخت بکەی.

جگەرەیەکی داگیرساند، دایە دەستم، پاشانیش روخساری لێ نزیك کردمەوە و بە ئەسپایی دوا.

دەگەڵی دەدوام، بە ئەسپایی.

چونکە ناتوانێ لە مەڕ خۆیەوە بۆم بدوێ، من دەدوێم، لە بری ئەو دەدوێم، چونکە خۆشی نازانێ جۆرە ڕێزێکی ئایینی تێدایە، ئەمەشی پێ دەڵێم.

شەو داهاتووە. بەقسەی وی، بیرەوەری ئەم دوانیوەڕۆیەم هەتا ماوم لەیاد ناکەم، تەنانەت ئەگەر ڕۆژێکی روخسارو ناویشیم لە یاد کرد. دەڵێم خۆزیا هەر

نەبیٚ ماڵەکەم لە یاد دەمایەوە. دەڵیٚ باش سەیری ماڵەکە بکەم. سەیری دەکەم. پێی دەڵێم گشت شوێنێك هەر وەك یەکە. دەڵیٚ راستە، هەردەم ئاواهی بووە.

هەنووکە شێوەیم دێتەوە بەر چاوان، ناویشم دێتەوە یاد، هێشتاش دیوارە دۆغاو لێدراوەکانم لەبەر چاوانە، پەردە کەتانییەکەی کە لەپێش چێشت خانەکە هەڵواسرابوو، دەرگەکەی تر کە مانگێکی شێوە داسی لەسەر درابوو و، دەچووە هۆدەیەکی تر، هەروەها ئەو باخەی سەوزاییەکەی بە تینی هەتاو سیس بوو بوو وچوار دەوری باخەکەش نەردی شینی لیٚ درابوو، ئەو هەیوانانەی بە سەر مکونگ دا دەیانڕوانی وەك ویلا گەورەکانی سادك.

ئێرە شوێنێکی وێران وپڕ لە کوێرەوەرییە. داوام لیٚ دەکا لە بیری چی دام بۆی باس بکەم. پێی دەڵێم لە بیری دایکم دام، بە دوور نیە بمکوژیٚ، هەوڵ دەدا قسان بکا. دەڵێی لە هەستی دایکم دەگا. دەڵیٚ ئەم کارە ریسوایی بە دواوە و ئەگەر ئەم شتە ببیٚ بە هۆی ژیانی هاوسەری ناتوانیٚ تەحەموولی بکا. سەیری دەکەم. ئەویش سەیرم دەکا و پاشان بە خۆپیٚ گەورەییەوە، داوای لێبووردن دەکا. دەڵیٚ من چینیم. پێدەکەنین، پێی دەڵێم ئەوەندە دێنیٚ وا غەمبار بین. دەڵیٚ لە رۆژدا...لەو پەری گەرمادا. دەڵیٚ پاشانی لە دوای دا داهێزرانی بەدواوە. پێدەکەنیٚ:خۆشەویشتی لە گۆری دابیٚ یان لە گۆری دانەبیٚ. دەڵیٚ دەگەڵ هاتنی شەو هەر کە تاریك بوو کۆتایی دیٚ. دەڵێم شتەکە تەنیا پەیوەندی بە رۆژ و گەرماوە نیەو ئەو لە هەڵەدایە. تووشی خەمێك بووم

چاوەڕێم دەکرد. خەمێك ڕەگەکەی لە خۆم دایە. لە ڕاستی دا هەمیشە خەمبار بووم. ئەم خەمبارییەی لە وێنەکانی سەردەمی منداڵیشدا دیارن. ئەم خەمبارییە، ئەم هاوڕێیەم، لەگەڵ دا بووە. خەمباری ئەوەندە لەمن دەچێ دەتوانم وەك ناس ناو هەڵی بژێرم. پاشان پێی دەڵێم خەمباری بۆ من جۆرێك ئارامی دەگەڵ خۆی دێنێ. ئارامی گلان لەوچارەرەشییەی کە دایکم کاتێ لە چۆڵەوانی ژیانیا دەیگۆراند، گشت ساتێك بیرم دەهاتەوە. پێی دەڵێم: بە باشی لە مەبەستی دایکم ناگەم، بەڵام دەزانم ئەو هۆدەیە ئەو شتەیە کە چاوەڕوانیم دەکرد. قسان دەکەم، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامێکی لێ بکەم. دەڵێم دایکم هاواری دەکرد. باوەڕی لە مەڕ نێردراوەکانی یەزدان دەردەبری. بەدەم هاوار کردنەوە دەیوت نابێ چاوەڕوانیمان هەبێ، هەرگیز، نە لەکەسێك، نە لەحکومەتێك و نە لە هیچ پەروەردگارێك. قسان دەکەم ئەویش سەیرم دەکا، بۆ ساتێکیش چاوی لێم ناگوێزێتەوە. کە قسان دەکەم سەیری دەم و لێوم دەکا. دەملاوێنێتەوە، لەوانەیە سەرنجی قسەکانم نادا، نازانم. دەڵێم من نەبوومە هۆی چارەرەشی خۆم کە لایەنی شەخسی هۆکەی بێ. بۆی باس دەکەم کە گشت شتێکی سادەی وەك خواردن وجل و بەرگ و دواجار ژیانی ڕۆژانەشمان گەلێ دژوار بووە، تەنیا شتێکی هەمان بوو موچەی دایکم بوو. دوانم لەم بارییەوە گەلێك بۆ سەختە. پرسیار دەکا:چۆن ژیانت بە سەر دەبەی؟دەڵێم ژیانمان لە دەرەوەی ماڵ بە سەر دەچوو. بێ دەرەتانی وهەژاری شوورەی بنەماڵەی دارڕماندبوو. گشتمان لە حەوشی ماڵەوە فڕێ درابووینەدەرەوە. چیمان حەز لێبا

دەمانکرد. بەرەلاَبووین، هەر بۆیە ئێستا لێرەم، لێرە لە لای تۆ. پاشان بێدەنگ دەبین. لە نێو هەراو ژاوەژاوی شارێك دا کە هەروا لە دەرەوەی ئێمەیە بێدەنگین، دەگەلّ چریکەیەکی هێور.

ژاوەژاوی شار هەروا بە گوێمان دەگا. پاش ماوەیەك گوێمان لە هیچ نابێ.

ماچی ئەندام، گریان دەگەلّ خۆی دێنێ. لە وانەیە ئارامیشی بەدواوەبێ. بەلاّم بنەمالّەی ئێمە لە گریان بێبەرین. ئەمرۆ لێرەکانە، فرمێسکەکان مەرهەمی رابردوو و، داهاتوومن. پێی دەلّێم رۆژێکی دایکم بەجێدێلّم، رۆژێکی ئۆگریم بۆی نامێنێ. فرمێسك هەلّدەوەرێنم. سەر وەسەر شانم دەکا و بەسەر فرمێسکەکانم دا دەگری. بۆی دەگێرمەو کە چۆن کاتێ منداڵبووم، کوێرەوەری و کلۆلّی دایکم چۆن خەو و خۆراکی لێ هەراسان کردبووم. خەو و خەیالّم دایکم بوو نەوەك داری نوئێلّ. ئەم ژنە، هەر ئەم ژنە، دایکم، ئەو ژنەی هەژاری هەتا سەر ئێسقانی ڕۆچۆتە خوارێ، ژنێك لە زۆر دۆخ دا، لە چۆلەوانی ژیانی دا هاوار دەکا، ژنێك کە بە دوای ڕسقەوەیە، ژنێك ئەوەی بەسەری هاتووە لێیەوەدەدوێ، بەلّێ، ئەو، ***ماری لوگران دوورویە***، باسی بێ گوناهی خۆی دەکا، باسی بژێوی ژیانی باسی ئارەزوەکانی.

لە پشت کەلێنەکانی کەڕکەڕە دارینەکەوە، شەو دیارە. غەلّبە غەلّبەکە فرەتر بووە، ئێستا کپ نیە، باش دەبیسترێ. چرا"شنگرفی"یەکان کە سەرپۆشیان هەیە هەلّکراون.

له دەرەوەی هۆدەکە. شاپۆ پیاوانەکەم، به نەواره ڕەشەکەیەوه لەسەر ناوەتەوه. پێڵاوه قەراخ زەردەکانم دەپێدایە، ماتیکی سووری توندم له لێو داوەو وکراسی ئاوریشمم دەبەره، پیر بووم، ئەمه له پڕ هەست پێ دەکەم، ئەویش هەست بەمه دەکا، دەڵێ:ماندووی.

له سەر شۆستە، خەڵك له هاتوچۆدان. ئەم خەڵکه جاری وایه لەسەرەخۆ و جاری وایه به پەله ڕێگەی خۆیان دەکەنەوه. حەشامەتەکه له سەگی هارو بەرەڵا دەچێ، وەك دەرۆزەکەری کوێر. حەشامەتی چینی، ئەم کۆمەڵه خەڵکەی له وێنه ئەمرۆییەکاندا هەن وبەختەوەرییان پێوه دیاره دەبینین، لەشێوەی ڕێگا ڕۆیشتنیاندا، بێ ئەوەی بەپەله بن، له تەنیا بوونی هەر یەکەیان لەنێو قەرەبالغییەکەدا، لەو روخسارانەی بەختەوەرییان تێدا بەدی ناکرێ، غەم و زیرەکیان پێوه دیار نیه، بەو هەنگاوانەی هەڵی دێنەوه، بێ ئەوەی ڕەغبەتی ڕێگه رۆیشتنیان بێ، ئامانج تەنیا بەرەو پێش رۆیشتنە، بەهەر لایەك دابێ، کۆمەڵێك له پێکەوه تەنیایەکان، کۆمەڵێك هەر تاکێکی کاتێ بۆخۆی له خۆیدا بێ تەنیا نیه، بەڵام له نێو ئەم کۆمەڵەیەدا هەردەم تەنیایە.

دەچینه رسیتورانێکی چینی خانوویەکی چەند قاتە، وەك فرۆشگه گەورەکان دەچێ. دەڵێی سەرباز خانەیە. قاتی سەرەوەی ئەم جۆره رسیتورانانه روەو شاره، هەیوانیشی هەیە. دەنگە دەنگی ئەم رسیتورانانه لای ئووروپاییەکان سەیره، خزمەتکارەکان به دەنگێکی بەرز داوای خواردن له چێشت لێنەرەکان دەکەن وپاشان له چێشتخانەوه لیستی خواردنه ئاماده

بووەکان بە هەمان شێوە دەنێرنەوە. لەم رسیتورانەدا موشتەرییەکان بێ دەنگن. مۆسیقا ژەنە چینییەکان لە هەیوانن. ئێمە دەچینە قاتی سەرەوە کە لە شوێنەکانی تر بێدەنگترە. شوێنی ئوورووپاییەکانە، هەر ئەو لیستی خواردنەی خوارەوەی هەیە، بەڵام دەنگە دەنگ لەم بەشەدا کەمترە. لێرە پانکەشی لێیە، پارەڤێتی پارچەی ئەستووریشی بۆ پێش گری لە هاتنی دەنگ لێدراوە.

داوای لێدەکەم پێم بڵێ باوکی چۆن ولە چ ڕێگەیەکەوە دەوڵەمەند بووە. دەڵێ باسی پارە ئازاری دەدا، بەڵام ئەگەر زۆر حەز بە زانینی بکەم، ئەوا ئامادەیە لەبارەی سەروەتی باوکییەوە ئەوەی دیزانێ پێم بڵێ. گشت شتێ لە شولێنەوە دەستی پێکردوە، بە دروستکردنی هۆدەی گچکە بۆ خەڵکی ناوچەکە. نزیکەی سێسەد دەست لەم خانوانەی دروست کردون. هەروەها چەند کۆلانێکیش بەشێکن لە ملکەکەیی. پیاوە شولێنییەکە بە زاراوەی پاریسی تۆخ قسەدەکا. باوکی خانووی هەبوون و فرۆشتوونی و بە پارەکەیان لە باشووری شولێن عەردی بۆ خانووبەرە دروست کردن کریوە. وەك دەڵێ مەزراکانی برینجی سادکیشی فرۆشتون. لەمەڕ نەخۆشی وەبا پرسیاری لێ دەکەم. دەڵێم ئەو کۆلانانەم بینیون کە خانووەکانی قەرەنتینە بوون. چوونکە وەبا بلاو بووبووە دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکان تەختەیان لێدرابوو. دەڵێ وەبا لەم ناوچەییە کەمتر بلاوبۆتەوەو هەوڵی پێشگری لەو مشکانەی هلگری ئەم نەخۆشییەن لێرە فرە زیاترە لەناوچەکانی دەڤەری دارستان. پاشان چیرۆکێکم لە بارەی ماڵە هژارەکان بۆ وەسەر یەك دەخاتەوە، دەڵێ نرخی ئەم خانووانە گەلێ

هەرزانترە لە ماڵی ئاسایی‌و ئەو ماڵانەی خاوەنی خۆیان هەس. ئەیژێ ئەم ماڵانە لە چاو ماڵی سەربەخۆ، پێداویستی گەڕەکە هەژارەکان باشتر دابین دەکەن. نیشتەجێی ئەم ماڵانە حەزیان لێیە بەیەکەوە بژین، بەتایبەتی ئەمانەی هژارترن‌و لە لادێوە هاتونە وێندەرێ فرتر حەز ئەکەن لە کەشی ئازادا لە کۆڵان وسەر شەقامان بژین. پاشان دەڵێ نابێ داب و نەریتی هەژارەکان لە نێو بەرین. باوکی ئەم دواییانە کۆمەڵێك ماڵی بۆ هەژاران ساز کردوون کە هاڵە سەر داپۆشراوەکانیان دەکەوێتە سەر کۆڵان، بەم کارە کۆڵانەکان رووناك بوون و دیمەنیان جوان بووە. خەڵکەکە ڕۆژانە لەم هاڵانەی کە بە رووی دەرەوەدان دادەنیشن و ئەگەر هەواش گەرم بێ هەر لەوێ دەخەون. پێی دەڵێم حەز دەکەم منیش لە یەکێ لەم هاڵانەدا بژیم. لە دەرەوە خەوتن یەکێك لە حەز و هیواکانی سەردەمی منداڵیم بووە. لە پڕ هەست بە ئازار دەکەم، بەلام ئازارەکە کەمە. هەست دەکەم دڵم بە زامێکی ناسك و نوێوە لێدەدا، زامێك ئەو بەرهەمی هێناوە، ئەو کەسەی دەگەڵم دەدوێ، ئەو کەسەی تامی خۆشی دوانیوەڕۆی پێ چێشتم. گوێم لێ نیە دەڵێ چی، گوێی بۆ ناگرم. هەست دەکا، بێ دەنگ دەبێ. پێم خۆشە دوبارە بدوێ ئەویش دەدوێ. ئەم جارەیان گوێی بۆ دەگرم. دەڵێ زۆر بیر لە پاریس دەکاتەوە، بەرای وی من دەگەڵ ژنەکانی پاریس جیاوازیم هەیە، لەوان کەمتر سۆزداری دەنوێنم، دەڵێم دروست کردنی خانووەهەژار نشینەکان نابێ ئەو قازانجەیان هەبێ تۆ باسی دەکەی. ئێتر وەلامم ناداتەوە.

لە ماوەی ساڵ و نیوێك دا، گشت ئەو ماوەیەی بە سەر ئەم رووداوە دا تێپەر دەبێ، کرۆکی قسەکان لە مەڕ ئەم شتانە بوون. هەرگیز باسی خۆمانمان نەدەکرد. هەر لە هەمان رۆژی یەکەمەوە دەمانزانی دوارۆژێکی هاوبەشمان نابێ. هەر بۆیە قەت باسی داهاتومان نەکرد. قسەکانمان زۆرتر لە چوارچێوەی شتی رۆژانەدا بوون.

پێی دەڵێم سەفەرەکەی بۆ فەرانسە بە ناچاری بووە. خۆشی دان بەمە دادەنێ. دەڵێ لە پاریس گشت شتێکی کریوە ژن، زانیاری هەروەها ئەندێشەکانیشی. دوازدە ساڵ لە من گەورەترە، ئەمە نیگەرانی کردوە. گوێی بۆ دەگرم، گوێم لە قسەکانیەتی کە بە رێك وپێکی دەیانکا، هاورێ و دڵسۆزە، هەڵەش دەکا، منیشی خۆش ئەوێ.

پێی دەڵێم گەرەکمە بە بنەماڵەکەمانی بناسێنم، دەیەوێ لە ژێری دەرچێ، پێی پێدەکەنم.

تەنیا بە گاڵتەو گەپەوە دەتوانێ هەستی دەربڕێ. دەزانم ئەو ئازایەتی و لە خۆبردویەی نیە هەتا منی لە جێگەی باوکی خۆش بوێ، هەڵم بژێرێ‌ودەگەڵم بژی. هەست دەکا خۆشەویستەکەی ئەوەندە نیە بتوانێ بە سەر ترسەکەی دا زاڵ بێ، هەر بۆیە دەگری. بوێریو زیرەکیەکەی هی منە نزمییەکەی ماڵ و سەروەتی باوکیەتی.

هەر کە باسی براکانم دەکەم تووشی هەمان ترس دەبێ ، ترسەکەی بە ئاشکرا لێ دیارە. وادەزانێ گشت ناسیاو هاورێکانم چاوەڕێن بێتە داخوازیم.

ئێستا ئیتر، دەزانیٚ لە بەر چاوی ئەندامانی بنەماڵەکەم ڕیسوا بووە. بە ڕای وان ئەو هیچی لە دەست نایەت جیا لەوەی لە پێشدا خۆی لەمەزیاتر تووشی ڕووڕەشی بکا پاشان منیش.

دەڵیٚ خولی قوتابخانەی بازرگانی لە پاریس تەواو کردوە، پاشانیش دان بە ڕاستیەکەی دا دەنیٚ و دەڵیٚ هیچی تەواو نەکردوە و، باوکیشی پارەی لیٚ بڕیوە دواتر بلیتی گەرانەوەی بۆ ڕەوانە کردوە. ئەویش ناچار بووە فەرانسە جیٚ بێڵیٚ. مووسیبەت و ڕۆژ ڕەشییەکەی هەر لێرەوە دەستی پێکردوە. قوتابخانەی بازرگانی پیٚ تەواو نەکراوە. دەڵیٚ تەمایەتی هەر لێرە لە ڕێگای موکاتیبە کردنەوە خوێندنەکەی درێژە پیٚ بدا.

دیدارەکانی دەگەڵ بنەماڵەکەم لە نان خواردنی رستورانەکانی شولێنەوە دەستی پیٚ کرد. دایك و براکانم کە دێنە سایگۆن داوای لیٚ دەکەم بۆ ریستورانە ڕازاوە چینی یەکان بانگ هێشتنیان بکا. ئەو جێگەیەی بۆ وان نەناسراوە و هەرگیز ڕێیان تێنەکەوتووە.

کۆتایی ئەو ڕێورەسمانەی شەوانە دەچووین گشت جاریٚ یەك جۆر بووە. براکانم بیٚ ئەوەی تاکە یەك وشەش دەگەڵی بدوێن بە ملچە ملچ و خێرا خێرا خواردنەکە ڕۆدێڵن. تەنانەت سەیریشی ناکەن، ناتوانن سەیری بکەن، توانای کارێکی وا لە خۆدا نابینن. ئەگەر توانای ئەم کارەیان هەبایە، ئەگەر زەحمەتی ئەو کارەیان وەبەر خۆ دەنا، بیٚ شك ئەگەر لە شوێنێکی تر لێهاتووی خۆیان نیشان دەدا، خوێندنیان درێژە دەدا و دابە سەرەتاییەکانی ژیانیان لە نێو خەڵك

دا وەبەرچاو دەگرت. کاتی نان خواردن تەنیا دایکم دەدوێ، دیارە زۆر کەم. ئەویش هەر لە سەرەتادا و لە مەڕ جۆری خواردنەکان و نرخەکەیان چەند ڕستەیەك دەیژێ و پاشان بێدەنگ دەبێتەوە. پیاوە چینی یەکە جاری یەکەم و دووهەم کە دەچێتە ریستوران پێش دەکەوێ و هەوڵ دەدا چیرۆکی سەرکەوتنەکانی پاریس بگێڕێتەوە، بەڵام بێ هوودەیە، دەڵێی یەك قسەشی نەکردوە و کەسیش گوێ بیسی هیچ نەبووە، وەك پەلەقاژەیەك دەچێ لە بێ دەنگی دا دەخنکێ، براکانم درێژە بە ڕۆهێشتنی خواردنەکەیان دەدەن، کەسم نەمدیوە وەك وان نان بخوا.

پیاوە چینی یەکە پارەی خواردنەکە دەدا، لە پێشدا پارەکە دەژمێرێ پاشان لە سەر مێزەکەی دادەنێ. نیگاکان روو لەون. باش لە یادمە یەکەم جار، حەفتاو هەشت *پیاسترا* لە سەر یەك دادەنێ، دایکم لەبەر پێکەنین ژانی کرد. خۆساز دەکەین برۆین، بێ وەی سوپاسی بکەین، کەس نرخ بۆ ئەم پێشوازی و خواردنە دانانێ. نە چاك و خۆشییەك و نە ماڵ ئاواییەك لە ئارادا نیە. دەنگیان لە بەر دەرنایەت.

براکانم قەت دەگەڵی نادوێن، دەڵێی لە سەر ئەم دنیایەش نیە، لە چاوی وان بوونی وا نیە هەست پێ بکرێ و سەرنجیان ڕاکێشێ. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەشیان لە بەر ئەوەیە بۆنیان کردوە خولیای منە و، منیش بە ڕاستی خۆشم ناوێ و تەنیا لە بەر پارەیە دەگەڵی دام، ناتوانم خۆشم بوێ ئیمکانی نیە، لەوانەیە ئەویش گشت شتێکی من تەحەموول بکا بێ ئەوەی

باسی خۆشەویستی لە ئارادابێ. هەروەها چینی بوونیشی دەردی سەر باری هەموو دەردانە، سپی پێستیش نیە. لە هەڵس وکەوتی برا گەورەکەم و بێ دەنگی و گوێ پێ نەدانی بە دلدارەکەم وادەردەکەوێ ئاگاداری گشت شتێ بێ. ئێمە گشتمان پێشوازی لە هەڵسوکەوتی براکەمان بەرامبەر بەو خۆشەویستە دەکەین. ئەم قسەیە منیش دەگرێتەوە، کە ئەوان لەوێ بن منیش قسەی دەگەڵ ناکەم. ئەگەر ئەوان لەوێ بن بۆم نیە دەگەڵایا بدوێم. تەنیا ئەو کاتانە نەبێ دەبێ ببمە تەتەریان. بۆ وێنە براکانم پاش خوانی شەو پێم دەڵێن پێیان خۆشە بۆ سەما وخواردنەوە بچنە گازینۆی *لاسۆرس*. لە سەر شانی منە پێی بڵێم خراپ نیە بچینە لاسۆرس بۆ سەما وخوادنەوە. لە پێش دا وا دەنوێنێ گوێی لە هیچ نەبووە. منیش وەك برا گەورەکەم کە عادەتیەتی قەرار نیە قسەکەم دوبارە بکەمەوە یان داوای لێ بکەمەوە، ئەگەر داوای لێ بکەمەوە بە هەڵەیەکی گەورە دەژمێردرێ، کەواتە بێ دەنگ دەبم‌وچ ناڵێم. پیاوە چینییەکە پاش ماوەیەك وڵام دەداتەوە. بە دەنگێکی سووك کە میهرەبانی پێوە دیارە دەیژێ فرە حەزی لێیە ماوەیەك بە تەنیا بەیەکەوە بین. بەم قسەیە دەیەوێ داواکارییەکە پشت گوێ بخا. کەواتە وەك دەینوواندو لە قسەکانییەوە دیار بوو گەرەکی بوو بە جۆرێك پێشنیاری برا گەورەکەم بخاتە پشت گوێ، منیش دەگەڵیا راست نابم، منیش دەبێ وا دەرخەم باش گوێم لە قسەکەی نەبوە، بۆ وەی هەمان وڵامم دابێتەوە. ئەویش درێژەی دەدا وغیرەت وەبەر خۆی دەنێ و دەڵێ:وادیارە دایکتان ماندوە. لە راستی دا دایکتان پاش ئەم

ڕێورەسمە شكۆدارەی ئەم شۆ لە ناو چینییەكانا خەو دایگرتوە. ئیدی چ نالێم. لەم كاتەدا گوێم لە دەنگی برا گەورەكەم دەبێ شتێكی دەڵێ، ڕستەكەی كورتوتاڵە. دایكم هەمیشە دەیوت لە نێو ئێوە دا ئەو باشتر دەدوێ. براكەم پاش قسەكەی چاوەڕوان دەبێ. بێدەنگی زاڵ دەبێ. هەست بە ترسی عاشقەكەم كەم دەكەم، ترسەكەی لە ترسی برا چكۆڵەكەم دەچێ. كابرای چینی خۆراگری لە خۆی پێشان نادا، بەرەو لاسۆرس دەكەوینە ڕێ.

خۆشەویستەكەم لە بەر چاوی براكەم ئیدی ئەو مرۆڤەی جاران نیە. دیارە هەر ئەو كەسایەتییەی جارانی هەیە بەلام لای من نا، لای من هیچە، دەڵێی جێی سوتاوە. بێ مەیل نیم گوێڕایەلی برا گەورەكەم بم بەرامبەر بە دڵدارەكەم. هەر جارەی كە بەیەكەوەن كەسەیریان دەكەم، تاقەتی سەیر كردنیانم نیە. دڵدارەكەم بەم ئەندامە لاوازەیەوە، بەو ترسنۆكییەوە كە خۆشی هێنیەرە، گیانلەبەرێكی حاشا لێكراوە. كابرا چینییەكە لە بەر چاوی براكەم ریسوا بوویەكی حاشا هەڵنەگرە.  هەر باشترە لێیەوە نەدوێم، هۆی شەرمێكە دەبێ بشاردرێتەوە. توانای خۆراگریم بەرامبەر ئەو فەرمانانەی برا گەورەكەم بە ئاماژە دەیاندا نیە. كاتێ شتەكە پێوەندی بە برا چكۆڵەوە هەبێ ئەم كارەی دەكەم. بەڵام كاتێ باسی خۆشەویستەكەم لەگۆڕێدابێ بەرامبەر بە خۆم چم لە دەست نایەت. هەنووكەش ئاخاوتن لەم بارەیەوە دەمخاتەوە یادی ئەو ڕیاكارییەی كە لە ڕوخساری دا دیار بوو و ئەو دۆخە ئاڵۆزەی مرۆڤێك كە سەیری دەوروبەرەكەی دەكا، كە زەینی بە شتێكی ترەوە خەریكە، بەڵام هەر لە

ددانانی کە کەمێك بە توندی لە سەریەکی داناون دەتوانی تێ بگەی کە ئازار دەکێشێ لەوە کە دەبێ مل کەچی سەبووری و لەسەرەخۆیی بێ بە ئازارەوە دەتلێتەوە، عەزاب دەکێشێ لەبەر ئەو هەڵس و کەوتە نەشیاوەی لە کاتی نان خواردن لە ریستورانێکی ناودار دا بەرامبەری کرا، کە دەتوانرا زۆر ئاسایی تووشی ئەم دۆخە نەبێ. لە کەناری بیرەوەریدا، رووناکی سپی بریقەداری شەوی ڕاوچی، وە زایەڵەی مەترسی دەچوو، وەك زیقەی منداڵ.

لە کازینۆی لاسۆرس یش کەس دەگەڵی نەدوا، گشتمان داوای ***مارتل پریتە*** دەکەین. براکانم گلاسەکانیان یەك بین دەخۆنەوە و سەر لە نوێ داوای گلاسی تر دەکەنەوە. من و دایکم بەشی خۆمانیان دەدەینێ. هەردووکیان زوو دەیان گرێ، هەروا لەگەڵ پیاوە چینی یەکە نادوێن، بەڵام دەستیان کردوە بە قسەی خراپ کردن و قۆریات، بەتایبەتی برا چکۆڵەکەم بە گلەییە بۆ چی داهێزراوە، بۆچی ئەو ژنانەی هاتوچۆی گازینۆ دەکەن دیار نین. لاسۆرس لە رۆژەکانی نێوەڕاستی حەوتوودا چۆڵە. دەگەڵ ئەو، ئەو برا چکۆڵەیەم سەما دەکەم، دەگەڵ خۆشەویستەکەشم سەما دەکەم، بەڵام دەگەڵ برا گەورەکەم نا، هەرگیز سەمام دەگەڵ نەکردوە. هەردەم ترسێکی نادیار لەمەترسییەك کە ئەگەری روودانی هەیە بەرگری لێکردوم، مەترسی لە ئەگەری ڕاکێشانێکی شووم کە لە گشت ئیسانەکاندا هەیە، مەترسی بەریەك کەوتنی جەستەمان.

زۆر وێك دەچین، بەتایبەتی روخسارمان.

پیاوی چینی شولێنی قسانم بۆ دەکا. ئیستا کاتی ئەوە هاتوە بگری.

دەڵێ خۆ من خراپەیەکم بۆ وان نەبووە. پێی دەڵێم:بیریشی لێمەکەوە. هەر وا بوون، لە ماڵەوەش هەر وان، ژیانمان هەر ئاواهی ئەروا.

سەرەرای تەنیایمان لە هۆدەکەدا، دەڵێم هۆکاری تووند وتیژی و قسەناڕەواکانی براگەورەکەم هۆی جۆری ئەو پێوەندییە ئێمەیە بە یەکتریەوە هەمانە. ئەوەی لە دەست براکەم دێ و دەیکا ، تاوان کردنە، وهەروها بریناركردنی ژیان، وبەکەم گرتن و ئاژاوە نانەویە و هیچیتر. پێم دەڵێم نابێ بترسێ، هیچ مەترسییەك هەرەشەی لێناکا، چونکە تەنیا کەسێك ترسی تێدا پێك دێنێ منم، ترسی براکەم لەمنە.

نەچاكو چۆنییەك، نەشەوباشێك، نە ساڵی نوێ پیرۆز پێوتنێك و نەتەنانەت سوپاسێك، بێ دوان تەنانەت پێویستییەك بە دوان نیە. هەموو شتێ وەستاو ونادیارە. بنەماڵەیەکی وەك بەرد، بنەماڵەیەکی بە بەرد بوو. بەردێکی سەخت وبێ روح. بەردەوام لە بیری لە نێو بردنی یەکتری داین، بەڵێ وێران کردنی یەکتری. نەك قسە لەگەڵ یەکتری ناکەین بەڵکو سەیری یەکتریش ناکەین. دەگەڵکوو هەست بە بوونت دەکەن ناتوانی سەیر بکەی. سەیر کردن کردەوەیەکە لە مەڕ حەز کردن بە زانینی شتێك. سەیر کردن ئەو نرخەی نیە. هیچ مرۆڤێك ئەو نرخەی نیە سەیر بکرێ. ئەمەش هەردەم هۆی حەیا چوونە. دوان وشەیەکی دابڕاوە. بە ڕای من ئەم وشەیە مانای ڕێسوایی‌وخۆپەرستی دەگەیەنێ. هەر پەیوەندییەك جا چ بنەماڵەیی بێ یان لە دەرەوەی بنەماڵە بۆ من نەفرەت لێکراوو، ریسواکەرە. گشتمان شەرمەزارین لەوەی بەناوی ژیانەوە

بۆمان بڕاوەتەوە. لەم بوارەوە ئێمە لە جەرگەی سەربردەی هاوبەشمان دا هەڵکەوتووین، سەربردەی هاوبەشمان ئەوەیە کە هەرسێکمان منداڵی مرۆڤێکی رووح سوکین، منداڵی دایکمان، دایکێك کۆمەڵ روو ڕەشی کرد. ئێمەش سەر بەم کۆمەڵەین دایکمانی لە نائومێدیەوە گلاند. بە هۆی وەی بە سەر دایکی سۆزدارو لە خۆبردوویانەوە هێناین، ئێمەش بووینە دوژمنی ژیان، دوژمنی یەکتری.

دایکم پێش بینی بۆ نەدەکرا پاش ئاشکرا بوونی بێ ئومێدییەکەی چمان بە سەر دێ، بە سەر منداڵەکانی، بە تایبەتی کوڕەکانی. وامان دانا دەیزانی چمان بە سەر دێ بۆ دەیتوانی ئەوەی بوو بووە بە سەرهاتی ژیانی داپۆشێ ؟بۆ دەیتوانی روخساری داپۆشێ، نیگاو دەنگی یان بۆ وێنە خۆشەویستییەکەی بگۆڕێ؟ئەو تەنیا دەیتوانی مەرگ هەڵبژێرێ، خۆی لە نێو بەرێ و ئەو پێوەندییەی تەحەموول نەدەکرا لێکی هەڵوەشێنێ، کارێکی وا بکا کوڕەگەورەکەی لە دوومنداڵەکەی تری دوور بێ. بەڵام وای نەکرد، ژنێك نەبوو بیر لە داهاتوو بکاتەوە، بێ بیربوو و بەرپرس نەبوو. ئەم سیفەتانەی هەبوونودەوامیشی هێنا. ئێمە هەر دووانوسێیانمان، هۆگری بووین، هەتا سنوری پەرستین خۆشمان دەویست هەر بەم هۆیەوە بوو نەیتوانی، توانای نەبوو نائۆمێدییەکەی بیشارێتەوە یان درۆ بکا. و ئێمە هەرسێکمان، ئەگەر چی لە گەڵ یەکتری دا جیاوازیمان هەبوو، بەڵام ئۆگرییەکی هاوبەشمان بە دایکمان هەبوو.

ئەو سەردەمە لەسەرەخۆ تێپەڕ بوو. حەوت ساڵان درێژەی کێشا. دە ساڵە بووم کە دەستی پێ کرد. پاشان بووم بە دوازدە ساڵوپاشان سێزدە ساڵ. تەمەنی چواردە ساڵیش تێپەڕ بوو، پاشان پانزدە ساڵی و پاشان بوومە حەڤدە ساڵ.

ئەم گشتە رووداوە لەم ساڵانەدا روویاندا، لەم حەوت ساڵەدا. پاشانیش ئومێد لە دەست چوو و چووە خانەی فەرامۆشیەوە. رووبەرووبوونەوە دەگەڵ دەریاکانیش لە یاد چوونەوە. لەژێر سێبەری هەیوان دا سەیری چیاکانی *سیام* دەکەین. چیا تەم داگرتووەکان لەم هەتاوە بە تینەدا ڕەش دەچنەوە. ئێستا دایکم ئارامە، دڵ نیگەرانیشە. ئێمە منداڵی خۆ بەخت کەرین، منداڵی بێ ئۆمێد.

برا چکۆڵەکەم لە دیسامبری 1942دا، لە سەردەمی داگیرکردنی ژاپۆنییەکاندا دەمرێ. من لە ساڵی 1931دا پاش وەرگرتنی بڕوانامەی پۆلی یەکەمی دواناوەندی، سایگۆنم جێ هێشتبوو. لە ماوەی دەساڵ دا تەنیا یەك جار نامەی بۆ نووسیم، هەرگیزیش نەمزانی بۆ چی. نامەیەکی نوێ نووس کراوبوو، بە خەتێکی خۆش و ڕێكوپێك نووسرابووەوە. نووسیبووی گشتمان باشین، قوتابخانەش هەروا بەردەوامە. نامەیەك بە تێرو تەسەلی نووسرابوو، دوولاپەڕەی تەواوبوو. دەست خەتە منداڵنیەکەیم دەناسیەوە. نووسیبووی بۆتە خاوەنی ئاپارتمانێك و ماشێنێك. جۆری ماشێنەکەشی نووسیبوو وای باسی کردبوو یاری تینیسی دەست پێ کردبووەوەو تەندروستی باشەو گشت شتێ

باش دەڕوا بەرێوە. پاشانیش منی خۆش دەویٚ، زۆریش‌و، ماچم دەکا. بەڵام باسی شەڕی نەکردبوو، باسی برا گەورەکەشمانی نەکردبوو.

زۆرتر ناوی براکانم وەك یەك یەکە دێنم، هەر وەك ئەو ژنە دەیکرد، دایکم دەڵێم. دەڵێم براکانم. ئەویش لە دەرەوەی ماڵ دەیوت کوڕەکانم. باسی بوێری کوڕەکانیشی بە جۆرێك سووکایەتی پیٚ کردن دەکرد. لە دەرەوەی ماڵیٚ باسی هەموو شتێکی نەدەکرد. نەیدەوت کوری یەکەمم لە هی دووهەمم شەڕانی ترە. دەیوت:ئەویش لە براکانم دەچیٚ، شەڕانیە. براکانی لە ناوچەی باکوور وەرزێر بوون. لەوەی کە کوڕەکانی بە هێزن هەستی بە لە خۆبایی بوون دەکرد، لە مەڕ براکانیشی هەستێکی وای هەبووە، ئەو هەستەی هەر وا مایەوە. ئەویش وەك کوڕە گەورەکەی سووکایەتی بە ئینسانی لاواز و بیٚ دەسەڵات دەکرد، لە مەڕ خۆشەویستی شۆلێنی یش هەر ئەو وشانە بەکار دەبا کە برا گەورەکەم بەکاریان دەبا. من باسی ئەو وشانە لێرەدا ناکەم، ئەو وشانەی بۆنی کەلاکی بۆگەنی کەویریان هەبوو. دەڵێم براکانم هەر وەك پێشتریش وام دەوت. بەڵام دواتر شتێکی تر دەڵێم، دواتر کاتیٚ برا چکۆڵەکەم گەورە بوو، کاتیٚ بوو بە قوربانی.

نەك هەر هیچ جێژنێك لە ماڵی ئێمە بەرێوە نەچوو، تەنانەت باسی داری نوئێلیش لە ئارادا نەبوو، نە دەسماڵی گوڵدۆزی کراو، نە گوڵێك، نە مەرگ، نە کۆچ بەر[2] و نە بیرەوەرییەك، هیچ شتیٚ نەبوو. بەڵام دایکە هەبوو. برا

---

[2] کفن

گەورەکەم هەروا تاوانبار بوو، برا چکۆلەکەم لە داخیوی لە گیانی وەڕەز دەبێ. من جێم هێشتن، فەرامۆشم کردن. برا گەورەکەم هەتا مرد دایکی چەوساندەوە.

لەوسەردەمەدا، باسەکەی شولێن، ئەویندارى شولێنی و گوومانە دێرینەکەم سەرلەنوێ دایکم شێت دەکاتەوە. ئەو لەوەی لە شولێن روویداوە بێخەبەرە. دیارە هەر لە ژێر چاوەدێری وی دام، بۆیە وا لێم بەد گوومانە. کچەکەی، ئەم کچەی دەناسێ، هەستی کردوە ماوەیەکە دۆخێکی سەیر داوێنگری کچەکەی بووە، جۆرە رازدارییەك شتێکی نوێ کە سەرنج ڕاکێشە، هێدی تر لە حاڵەتی ئاسایی دەدوێ، لە گشت شتێ دەکۆڵێتەوە، ئارامیشە. بیری گۆڕاوە، چاوەدێری دایکیەتی، چاوەدێری ڕۆژ ڕەشییەکەی، دەڵێی دڵی بە دایکی دەسووتێ. ژیانی دایکم تووشی ترسێکی زاڵ بووە:کچەکەی ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورەیە، ترسی بە تەنیا مانەوەی بۆ هەمیشە، مەترسی بێ مێردی لە کۆمەڵدا، دابڕان لە کۆمەڵ، تەریك کەوتنەوە، ڕوو ڕەش بووە. لە کاتی ئەم کێشەو ئاڵۆزیانەدا، دایکم پەلامارم ئەدا، دەرگاکەم لە سەر گاڵە دەدا، بە مستوپێلاقە دەکەوێتە گیانم، زللەم لێ دەدا، رووتم دەکاتەوە، پێمەوە دەنووسێ بۆن بە جەستەو بەرگی ژێرەوەم دەکا. دەڵێ بۆنی عەتری پیاوە چینی یەکەم لێ دێ. بەوەندەش واز ناهێنێ، بە مەبەستی پەڵەی جێگەی شك سەیری بەرگی ژێرەوەم دەکاو بە سەرم دا دەقیژێنێ، قیژەیەك گشت خەڵك گوێی لێ دەبێ، کچەکە بەڕەڵایە، دەیەوێ لە ماڵ وەدەری نێ، بریا نووقستان بایە، هاوار دەکا کەس ڕووی خۆش بە کچەکە نیشان نەدا، چونکە کچەکەی بێ ئابڕوویەو لە سەگ کەمترە. پاشان بەدەم گریانەوە دیوت نازانێ چ ڕێگەیەك بگرێتە پێش

جیا لەوەی کچەکە لە ماڵ وەدەرنێ هەتا ئەم فەسادەی ئەو تۆوشی هاتووە ماڵەوە نەتەنێتەوە.

برا لە پشتی دیوارەکانی هۆدەی دەرگە داخراوەوەیە.

براکەم ئەم رەفتارەی دایکم پەسند دەکا، دەڵێ باشی کردوە لە کچەکەی داوە. دەنگی گیراوە، بە دڵسۆزییەوە دڵی دایکە دەداتەوە. دەڵێ دەبێ راستییەکەیان بۆ ئاشکرا بێ، هەر چۆنێکی بێ دەبێ لە رووداوەکە بگەن هەتا پێش بە ریسوا بوونی کچەکەیان بگرن، هەتا ئیزن نەدەن دایکیان بەم ئازارەوە بتلێتەوەو لە مەراقان بمرێ. دایکە هەتا دەتوانێ لێی دەدا، براچووکە هاوار دەکا ودەڵێ واز لە کچەکە بێنێ. پاشان دەچێتە باخچەو لە پەنایەك دادەنیشێ، دەترسێ تێدا بچم، دەترسێ لەونەناسراوە، لە براگەورەکەم دەترسێ. ترسی براچووکەم دەبێتە هۆی دڵارامی دایکم. دایکێك کە بۆ قەدەرەکانی ژیانی و بۆ منداڵە ئابرووچوەکەی دەگری. منیش دەگەڵی دەگریم، درۆش دەکەم، سوێند بە ژیان و بەبوونم دەخۆم کە چ رووینەداوە، تەنانەت ماچێکیش. دەڵێم ئەمە چ قسەیەکە؟من ، ئەویش لەگەڵ چینییەك؟چۆن بروا دەکەی شتی وا لە من روو بدا، ئەویش لەگەڵ چینییەکی نەخۆش و دەردەدار. دەزانم براگەورەکەم لە پشت دەرگەیەو گوێی راداشتوە، ئاگای لێیە هەڵسوکەوتی دایکم چۆنە بەرامبەر بە من ، دەزانێ کچەکە رووتە، لێدانی خواردوە. حەز دەکا کێشەکە درێژ بێتەوە، تەنانەت ترسناکیش بێ، دایکم لە مەبەستی گلاّوو، وەحشەتناکی برکەم غافڵ نیە.

هێشتا تەمەنمان کەمە، وردین، شەری براکانم هەر وا درێژەی هەیە، بێ وەی بەروالّەت بەهانەیەك لە گۆریدا بێ مەگەر هەمان ئەو بەهانە دێرینەی لە لایەن براگەورەوە کە بە براچوکە دەڵێ:لاچۆ لێرە، موزاحیم مەبە، هاوکات لێشی دەدا، دەکەونە گیانی یەکترییەوە، بێ وەی قسەدەگەڵ یەکتری بکەن. تەنیا دەنگی هەناسەو نالّەکانیان دەبیسرێ، ئەو دەنگە کپەی لێدانی دلّیان، دایکم وەك هەمیشە سەکۆیشانۆ بە هاواری ئۆپێرا بەرێوە ئەبا.

هەردووکیان تووڕەن، تووڕەییەکی کوێرانەو مەرگ ئاسا. کە تەنیا لە برا و خوشك و دایکاندا ئەم تووڕەییەم دیوە. برا گەورەکەم بەداخە بۆچی ناتوانێ خراپە کردن بگەیەنێتە لووتکە. نەك لە ماڵێ دا بەڵکوو لە دەرەوەش وایە، دەیەوێ ناحەزی بگەیەنێتە ئەو پەڕی خۆی، برا چکۆڵەکەم توانای نیە خۆی لە نزمی ئەو دۆخەی برا گەورە بۆی پێك هێناوە، قووتار بکا.

هەر جارەی دەکەوتنە گیانی یەکتری، مرۆ لەوە نیگەران دەبوو نەوەك یەکیان ئەوەی تریان لەپەلوپۆ بخا. دایکم دەیوت ئەوان هەمیشە شەڕیان دەکرد، یاریان دەگەڵ یەکتری نەدەکرد، قەت قسەیان دەگەڵ یەکتری نەبوو، لایەنی لێك چوویان ئەو بووە، مەبەستم دایکمە، پاشانیش ئەم خوشکە چکۆڵەیانو، ئەم هاوخوێنیەو، هیچی تر.

ئەگەر هەڵەم نەکردبێ دایکم تەنیا بە کوڕە گەورەکەی دەوت:کوڕم جاری واش بوو هەر بەم ناوە بانگی دەهێشت. بە دوومنداڵەکەی تری دەوت منداڵەکان.

له دەرەوەی ماڵەوە باسی ئەم شتانەمان نەدەكرد، هەر له سەرەتای فام كردنمانەوە فێر كرابووین سەبارەت به ژیانی راستەقینەمان، سەبارەت به ڕۆژ ڕەشییەكانمان بیّ دەنگ بین. پاشانیش سەبارەت به هەر شتێكی تر هەروا بووین. دلّدارەكانمان یەكەمین ڕازەدارەكانی، نهێنی یەكانمان بوون، وا دادەنێن وشەی رازدار زێده ڕۆیی تێدا كرابیّ، ئەو دلّدارانەی له چاوپێكەوتنەكان لەدەرەوەی گەرەكە كۆلۆنی نشینەكان، یەكەم جارەكان له گەڕەكەكانی سایگۆنوپاشانیش له كەشتیە بار هەلّگره جەنگییەكان و دواتر له شەمەندەفەرەكان و دواجار له گشت شوێنیّ

دایكم دەمەو ئێواریّ، ئەویش لەم وەرزە سارده دا له پڕ دەست دەكا به مالّ خاوێن كردنەوە، خۆی وتەنی، به مەبەستی پاكوخاوێنی سەروبنی مالّی دەبەر ئاو دەنیّو دەیشوا. خانووەكه له سەر تەپۆلّكەیەك دروستكراوه و له باخەكه جیایه، چواردەورەی خانووەكه قامیشەلاّنه و دوپشك و مێرووه سوورەشی هەن، بەرز بوونەوەی ئاوی رووباری مكونگو هەروەها ئەو گەرده لوولانەی زەریای هیندیش رووی تێدەكەن. به هۆی بەرزتر بوونی مالّەكه له رووی ئاوی دەریاوه دەبیّ به سەتلّ ئاو هەلّێنجینو مالّەكه وەك باخەكه تێر ئاو بكەین. گشت ئەسكەملەكان له سەر مێزەكانن. ئاو به گشت لایەكی مالّیّ دا هەلّدەڕژیّ. ئاو گەیشتۆته پایەكانی مێزی پیانۆكه كه له سالۆنه گچكەكەیه. و هەروەها به پلیكانەكانی خانووەكەدا دێته خواریّو دەچێته حەوشه چكۆلەكەی لای چێشتخانه. قووتابیەكانی مالّی قووتابخانه شادن ئەوان یارمەتیمان دەدەن.

گشت لایەکی ئاو پرژێن دەکەین، پاشان عەرزی ماڵەکە بە سابوون دەشۆین، بە سابوونی مارسی. گشتمان پیێ پەتین، دایکیشم، گشتمان پێدەکەنین. گشت کارەکان بە دڵی ئەوە. ماڵەکە پڕ بووە لە بۆنی خۆش، بۆنی گڵی باران لێدراوی پاش باوگژ، بۆنێکی هۆش رفێن. ئەویش کاتێ تێکەڵ بە بۆنی سابوونی مارسی بوو بێ، بۆنی پاکی، بۆنی ئیمان، بۆنی مەلافە، بۆنی خاوێنی، بۆنی دایکمان، بۆنی پاکی دایکمان، بۆنی پاکی دایکمان گشت لایەکی ئاخنیوە. ئاوەکە هەتا رێگە باریکەکانی نێودارەکان شۆردەبێتەوە. بنەماڵەی قووتابییەکانیش دێن. ئاشناکانیشیان دێن. ئەم ماڵ شۆردنە دەبێتە هۆی شادی دایکم، جاری وایە زۆر دڵخۆش دەبێ بۆ وێنە لە ساتەکانی فەرامۆشی دا.

ماڵ شۆری دەتوانێ هۆیەکی گونجاو بێ بۆ شاد بوونی دایکم، دەچێتە هۆدەی پێشوازی، لە پشتی پیانۆکە رۆدەنیشیێو، ئەو چەند دانە ئاوازەی لەبەری کردون لێیان دەداتەوە، ئەوانەی لە قووتابخانە فێریان بووە، گۆرانیش دەڵێ. لە کاتی لێدانی پیانۆدا جار جارە پێدەکەنێ پاشان هەڵدەستێ گۆرانی دەچڕێو سەما دەکا. هەر یەکە لە ئێمەو خۆشی لە خەیاڵی وەداین لەم ماڵە بێ روخسارەش دا دەکرێ بەختەوەر بین، ماڵێك کە وە مەزرایەك لە قەارخ رووبارو، وە بەستێنی ئاو و کەناری دەریا دەچێ.

دوو منداڵە چکۆڵەکەی بنەماڵە، کچەکەوبرا چکۆڵە باشتر لەوانی تر بیرەوەرییەکانیان لە یاد دا ماوە، لە پڕ بزە لەسەر لێویان دەرەوێتەوەو دەچنە باخەکە، ئەو شوێنەی ئێوارە بەڕێوەیە.

لەیادمە، تەنانەت هەنووکە کە خەریکی نووسینم، کاتێ ماڵەکەمان بەم گشتە ئاوە دەشووشت برا گەورەکەم لە وێنەڵۆنگ نەبوو، چووبووە لای وەکیلی بنەماڵەکەمان کە قەشەی لادییەك بوو لە ناوچەی ***لوت ئێگارۆن***.

جاری وابوو ئەویش بزەی دەهاتە سەر لێوان، بەڵام هەمیشە نا، بەقەدەر ئێمەش نا، گشت شتێکم لە بیر چۆتەوە، لە بیرم کرد بڵێم ئێمە منداڵ دەم بە خەندە بووین، ئەوەندە پێ دەکەنین هەتاکو هەناسەمان دەبڕاو، بێتاقەت دەبووین.

شەڕ بۆ من هەمان تامویۆنی هەیە کە لە سەردەمی منداڵیم دا هەمبووم، سەردەمی شەڕم دەگەڵ دەسەڵات داریەتی برا گەورە پێ یەکە. شك لەمەدانیە، چونکە هەر لەم سەر دەمی شەڕەدا برا چکۆڵە ماڵئاوایی لە دنیا کرد. دیارە لەوە پێشتریش باسم لێوە کردبوو، دڵ لە لێدان راوەستاوەو بێ دەنگ بووە. دڵنیام براگەورەکەم بۆ جارێکیش لەو کاتەدا ئەوی نەیدیبوو. ئیتر بۆم گرنگ نەبوو بزانم زیندووە یان نا. شەڕ بۆ من لە بوونی وی دا خۆی دەرخستووە. شەڕ سێبەری بە سەر گشت شوێنێ دا کێشاوە، رۆ چۆتە گشت جێگایەك، دەڕفێنێ، دیل دەکا. لە گشت شوێنێ هەیە، لە ئەندێشەو لە بە ئاگاییدا، لە خەودا، هەردەمو لە هەر شوێنێ، تێکەڵ بە هەواوهەوەس، لە بۆ سەدایە بە مەبەستی داگیر کردنی بێستانی دڵ بزوێنێ کیژ، جەستەی مرۆڤی غەمبار، خەڵکە شکست خواردوەکان، ئەمانە هەموویان هێمای دڵ ڕەقین لێرەدا لە پشت دەرگاکانەوە، لە سەر پێست.

دوبارە دەچینەوە شوێنەکەی خۆمان. ئێمە لە ڕیزی ئەو ئاشقانەداین ناتوانین واز لە خۆشەویستی یەکتری بێنین.

شەوی وایەکە نەچمە پانسیۆن لە وێ دەمێنمەوە، لە هۆدەیەك دا، بەڵام ناچمە لای. جاری وایە لە جیاتی ئەوەی بچمە پانسیۆن پێکەوە دەچینە شار بۆ نان خواردن، دیارە شەوانە. کاتێ دەمشوا دێتە جۆش، قژەکانم ڕێك دەکاو بەرگەکانم دەبەر دەکاتەوە. شەیدام بووە. بوومەتە تاقانەی ژیانی. لە دڵەخوورپەیەکی وا دایە هەست دەکەم دەگەڵ کەسێکی تر بەرەو ڕووم. بەڵام من وانیم، هیچ شتێ نیە تووشی ترسم بکا، هەرگیز. دیارە ترسەکەی لە شتێکی ترە، ئەوە نیە کە من سپی پێستم، لە تەمەنم دەترسێ، لەوەی کە لەوانەیە کێشەی بۆ پێك بێنن. داوام لێدەکا ئەم بابەتە بە نهێنی وەمێنێ و لە دایکم شاردراوە بێ و بەتایبەتیش لە براگەورەکەم. لەلای کەس هیچ نەدرکێنم. منیش بە قسەی دەکەم و درێژە بە نهێنی کاری دەدەم. ترسەکەی وەپێکەنینم دەخا، پێی دیژم دەست کورتیوبێ دەرەتانی بنەماڵەکەمان ئەوەندە زۆرە دایکم ناتوانێ سکاڵا بکا، ئەوەشت پێ بێژم دایکم وازی لە سکاڵا نامەکانی تریش هێناوە، سکاڵاکانی دژ بە ئیدارەکانی (نیشتە جێ کردن) دژی کار بە دەستەکان، دژی قانون. دایکم لەم بارەیەوە هیچ نازانێ، ناتوانێ لەسەرەخۆیی خۆی بپارێزێوچاوەڕوان بێ ولە چاوەڕوانی دا وەمێنێ. هەر هاوار دەکا، جوێن بە بەختوچارەنووسی خۆی دەدا. دڵنیا بە ئەم بابەتەی ئێمەشی بۆ گرنگ نابێ، کەواتە ترسان بێ هوودەیە.

ماری کلودکارپانتە خەڵکی ئەمریکا بوو، ئەگەر لە هەڵە دا نەبم خەڵکی بۆستۆن بوو، چاوەگەشەکانی شینی خۆڵەمێشی بوون.ساڵی 1943بوو. قژی بۆر بوو، ڕەنگوڕوویەکی زەردی هەبوو کە لە چاوی منەوە شیرین دینواند. بزەی کورتی بوو، بە کورتە نیگایەك سوور هەڵدەگەرا بەڵام هەر زوو دەهاتەوە سەر خۆی، دەنگە کپەکەی لە کۆتایی ڕستەدا. ئێستاش باش لە یادم ماوە، دەنگی تیژ دەبووەوە و هاوئاهەنگی نەدەما، چلوپێنج ساڵ تەمەنی بوو، ئەمەش بۆخۆی تەمەنێك بوو، تەنانەت بە ساڵداچوو بوو، دانیشتوی گەڕەکی پازدەهەمی پاریس بوو، نزیك شەقامی *ئاڵما*. خانووییەکی گەورە بوو لە قاتی ئاخیری، ئاپارتمان دا کە بە سەر رووباری سین دا دەیڕوانی. لە زستان دا، جار بەجار شەوانە دەچووینە ماڵی ئەم ژنە، خوانی شەومان دەخوارد لە هاوینانیش دا نیوەڕۆیانمان دەکرد. خواردنیان لە باشترین تالارەکانی پێشوازی پاریسەوە دێنا. دەکرا بڵێین خواردنێکی خۆش بوو، ئەوەندەش بوو بەشی گشتمانی دەکرد. ئەم ژنە جیا لە ماڵەکەی خۆی لە هیچ شوێنێکی تر نەدەهاتە بەر چاوان، لە دەرەوەش نەدەبینرا. هێندێ جار یەکێك دەهاتە وێ موریدی مالارمە بوو. ئەو سەر بە کۆمەڵەی ئەدیبان بوو. دوسێ کەسیش هەمیشە لەوێ بوون، جەماعەتێك هەبوون تەنیا جارێك دەهاتنە وێ و پاشان نەدەبینرانەوە. نەمدەزانی لە کوێ دەیدۆزینەوە، لە کوێ دەگەڵیان ئاشنا بوو بوو و، بۆچی بانگ هێشتنی دەکردن، لە کەسیشم نەبیست شتێکیان لە بارەوە بڵێ، لە بارەی وانە کەس نە شتێکی بیستبوو نە هیچی خوێندبووەوە.

خواردنەکە زوو تەواو دەبوو، قسە لە سەر شەڕ زۆر بوو، لە سەر ئێستالینگراد. ئەو ساڵە کۆتایی زستانی 42 بوو ماری کلودکارپانتە هەر گوێی رادەگرت‌و زانیارییەکانی فرە تر دەکردو کەم دەدوا. جاری وابوو سەری سووڕدەما چۆن بووە لەم رووداوانە غافڵ بووەو، پێدەکەنی. هەر پاش خواردن داوای لێبوردنی دەکردوبە پەلە دەڕۆیشت، کاری هەبوو، وای دەوت، بەڵام نەی دەوت چ کارێك. هێندێك جار ئەو کاتانەی زۆر بووین، پاش ڕۆشتنی خۆی یەك دوو کاژێرێك دەماینەوە. دەیوت:چەندی پێتان خۆشە لێرە بن. کە لەوێ نەبایە کەس باسی وی نەدەکرد، پێم وایە لەبەر ئەوە بوو کەس نەیدەناسی و ئەویش ئیزنی نەدەدا کەس لە بارەیەوە بدوێ. هاتوچۆی وێ هەردەم تێکەڵ بوو بە هەستێکی تایبەتی. ئەو ساتانەی دەگەڵ چەند نەناسیاو بە سەرم بردبوو دەتوت مۆتەکەیەکی وهماوی بوو، بەردەوام لە زەینم دا خۆی دەنواند. کەسایەتی تریش هەبوون ئیدعایان بوو زۆر لە من باشتر نەبوون. ئەوانیشم نەدەناسی. هەستم دەکرد ئەو ساتانەی کە لەوێ ژیاوم بێ ئاسو بووە، بێ ئەوەی پاڵنەرێکی ئینسانی یان شتێ لە ئارادا بووبێ. هەستێکی چەشنی وەدواکەوتنم هەبوو، دەتووت بە شەمەندەفەر سەفەرم کردوە، وەك چاوەروانی لە هۆدەیەکی پزیشك دا، لە گالێری میوانخانەوە سالۆنی فرۆکە خانەکان. لە وەرزی هاوین دا خوانی نیوەڕۆ لە هەیوانی گەورەی زاڵ بە سەر رووباری سین دا دەخورا و قاوەش لەو باخچەیەی دەخورایەوە کە گشت سەر بانی ئاپارتمانەکەی دادەگرت. حەوزێکی مەلەشی هەبوو، بەڵام کەس مەلەی نەدەکرد، سەیری دیمەنی پاریسمان دەکرد،

شەقامە چکۆڵەکان، رووباروکۆڵانەکان، لە کۆڵانە چۆڵەکاندا، گوڵەکانی ئەرکیدە پووشکووتبوون. لەوەی کە زۆر سەیری ماریم دەکرد پێی ناخۆش بوو، زۆر سەیرم دەکرد هەتا بزانم‌و تێبگەم ماری کلودکارپانتە چ جۆرە ئێنسانێکە، بۆچی لێرەیە. لە شوێنێکی دوورەوەهاتۆتە ئێرە، لە بۆستۆنەوە و ئەوە کە ئەم گشتە سەروەتەی لە کوێوە هێناوە، لەم بارەوە کەس هیچی نەدەزانی، کەسیش هیچی نەزانی. ئەم گشتە بانگ هێشتنە ناسروشتیانە هۆیەکەیان چ بوو، هەروەها هۆی ئەو هێمای مەرگەی لە قووڵایی چاوانی ئەو ژنەدا لە پشت نیگای ماری کلودکارپانتەوە دیار بوو چ بوو. نازانم بۆ چی لە هەموو کراسە جۆراوجۆرەکانی دا شتێکی سەیر هێلانەی کردبوو، شتێکی نادیار کە لێی تێنەدەگەیشتم، دەتوت پێوەندیان بەوەوە نەبوو، ئەو کراسانەی وەك دەڵێن دەبوو ئەندامی مرۆڤێکی داپۆشن، کراسی بێ زەرق‌وبەرق، بێ قەوارە، بە ڕەنگی گەڵێ رووناکیانەوە، سپی، بێ ڕەنگ وەك هەتاوی زستان.

ئەو بیرەوەرییانەی لە مەڕ پیاوانەوە لە بیرم دا دەمێنێتەوە هەرگیز ئەو درەوشاوەییەی ئەو بیرەوەرییانەیان نیە کە لە ژنانەوە لە بیرم دا ئەمێنێتەوە. بێتی فێرناندێزیش یەکێك لەم ژنانەیە. فەرانسەوی نیە. هەر کە باسی دەکەن، پەیدا دەبێ، بە یەکێك لە کۆڵانەکانی پاریس دا تێدەپەڕێ. چاوی کزو نزیك بینە، بۆ ئەوەی یەکێك ناسیاوێك بناسێتەوە چاوانی گچکە دەکاتەوەوبەجوڵانی دەستی مەرحەبایی دەکاءئەو کاتەتان باش. ئێستا دەمێکە مردووە، وابزانم سێ ساڵ دەبێ. میهرەبانییەکەم هەر لە یادە، وازوو لە یادم ناچێتەوە، چاکەو

ئینسانەتی هەر ماوەو دەشمێنێ، لە بارودۆخ، لە سەردەم، لەبرسییەتی، لە شکانی ئاڵمانو هەر وەها ئاشکرابوونی تاوانەکانیشی هەر پاشماوەیان دەمێنێتەوە. ئەم ژنە لە پشت مێژووی ئەم روداوە ترسناکانەوە، بەکۆڵانەکانا رەد دەبێ. لە پێش چاوانمە، رەنگی چاوەکانی روونن، کراسە چێرەییەکەی کۆنەیە، لێچکەی رەشی لە سەرە، لە بەر هەتاوی کۆلان دا دەڵێی تۆزی لێ نیشتوە، ژنێکی باریکەی باڵا بەرزە، وە تەرحێك ئەچێ بە مەرەکەبی چینی کێشرابێتەوە، نەخشێکی هەڵکەندراوە. رێبوارەکان هەنگاوەکانیان شل دەکەنەوە و بە سەر سووە ماویەوە سەیری ئەم ژنە بیانییە دەکەن کە وا نەترسانە تێ دەپەرێ. ژنێکی وێچووە، لە یەکەم نیگادا نازانرێ خەڵکی کوێیە، پاشان کە لێی ورد دەبییەوە گوماندەکەی بییانییە وە خەڵکی بۆ وێنە ئەو وڵاتەیە. ژنێکی جوانە، جوانییەکەی لەم شتانەدایە، جلوبەرگی قەدیمی ئورووپاییان دەبەر دەکا، بەرگی دوکانی کۆنە فرۆشییەکان، ئەوانەی مۆدیان بە سەر چووە، درومانەکەیان مۆدی کۆنە، گوڵوگوڵدۆزی کراوی قەدیمین، ئێخەکەیان لە پێستە، پێستی خۆشکراوی رێوی و سمۆرە. جوانییەکەی ئاوایە، جوانییەکی داهێزراو، سارد، لەبەر دڵان و غەریبانە. هیچ بەرگێکی پڕ بە بەری نیین، چی دەبەری کا بۆی گەورەیە، ئەمەش سرنج راکێشە. ئەندامێکی لاواز بە جلوبەرگی گوشاد داپۆشراوە. لیباسی بە بەری نابن و ئەم ژنەئاوا جوانە هەر ئەمەشی لێ جوانە، کەواتە هەر چی لەبەریبکا هەتا ئەبەد دەبێتە هاوتای جوانییەکەی.

بتی فرناندزیش میوانداریییەتی تایبەتی خۆی هەبوون، لە رۆژی تایبەت بە خۆیدا میوانداری خۆی دەکرد. جارجارە منیش دەچوومە وێندەرێ. جارێکیان *دریولا روشل* لەوێ بوو، خۆ پێزل بوو کەم دەدوا، دەتوت حەز ناکا رووخۆش بێ، دەنگی لەوە دەچوو قەرزی کردوە، رستەی کورتی بەکار دێنان دەتوت لە زمانێکی تر وەریاندەگێڕێتەوە. وابزانم *برازیلاکیش* لەویا بوو، باش لە یادم نەماوە، بەلام هرگیز *سارتەرت* لەوێ نەدەدی. شاعیرانی مۆنپارناس زۆربەیان لەوێ بوون، ناوەکانیانم لە یاد نەماوە. باسی ئالمانیییەکان لەئارادا نەبوو. کەس باسی سیاسەتی نەدەکرد. باس باسی ئەدەب بوو، رامون فیرناندزیش باسی بالزاکی دەکرد، شەوانە هەتا درەنگانێ گوێمان بۆ قسەکانی دەگرت. قسەکانی لەسەرچاوە فەرامۆش کراوەکانەوە وەرگیرابوون، ئەوەیان نەدێنا گوێیان بۆ بگرین، کەم زانیاری بوون، بۆچوونی خۆی بوون، وا باسی بەرهەمەکانی بالزاکی دەکرد دەتوت هی خۆنی، پێدەچوو تەقەلای کردبێ بۆ جارێکیش بێ خۆی لە بری ئەو دانی، لە شوێن بلزاك، خۆشی بەرز پێشان ئەدا، بە شێوەیەکی رێتێچوو و لە هەمان کاتا بە سادەیی زانیارییەکانی لە بواری زانستییەوە بە کار دێنا. بێ وەی وا بکا گوێگرەکەی هەست بە گرانی و قورسی بابەتەکە بکا. فرە جیدی بوو ئەگەر لە بوولێلی بەیانی دا بت بینیبا بەختێکی فرە مەزن بوو، بە دیدارت شاد دەبوو، لە دلەوە شاد دەبوو ، چاك و چۆنی لەگەل دەکردی. ئەمەی بە زمانی ئینگلیزی دەوت، بێ وەستانوبە پێکەنینەوەو، بەدەم پێکەنینو قسە فشەکانیەوە لە شەڕ دەدوا. لەو وێرانیەی لە شەڕ دەکەوتەوە،

پاشانیش باسی سەربردەی بزوتنەوەی خۆڕاگری، وباسی هاوکاران[3] ، باسی برسییەتی، سەرما، شەهید بوونو، وێرانکاری دەکرد. هاوسەرەکەی، بتی فەرماندز، تەنیا باسی ئەمو ئەوی دەکرد. ئەوانەی لە کۆلانانو سەرشەقام دیبوونی، ئەوانەی دیناسین، کامەیان ژیانو گوزەرانی باش بوووکامەیان ژیانی باش نەبوو. جاری واش بوو باسی ئەو ئەرزاقەی دەکرد کە لە دوکانەکان بۆ فرۆشتن دانرابووو، مابووەوە یان باسی ئەو شیروماسی یەی دەکرد کە مابووەوەوهەروەها لە ڕێگەی چارەسەری کەموکوڕییەکان دەدوا، باسی سەرماوئەم برسیەتیە بەردەوامەی دەکرد. ئەو هۆشیوبیری خەریکی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە بوو، نقووم بوو لەم شتانەدا، هەروەها خۆشەویستی تێکەڵ بە دڵسۆزییەوە و گەلێ میهرەبان بوو. هاوسەری فرناندیز سەر بەهاوکاران بوو، منیش دووساڵ پاش کۆتایی شەڕ بوومە ئەندامی حیزبی کۆمنیستی فەرانسە، لێك چوونێکی ڕەهایە. جیاوازییەکی نیە، بەهەمان سەر شۆڕییەوە، هەمان داماوی، هەمان لاوازی لە بەریوانی کردن، وهەمان ئەو وەهمانەی وەڵامی کێشە تایبەتییەکانی لە ڕێی چارەسەرییە سیاسییەکاندا دەبینی. بتی فرندیزیش وەك ماری کلودکارپانتە چاوی لەو کۆلانەیە هێرشی ئەڵمانییەکانی لێ نەماوە، سەیری پاریس دەکا، سەیری باخچەکان دەکاو وەك ماری کلود کارپانتە سەیری ئەو گوولە ئەرکیدانەی کە بە گوڵ داپۆشرابوون دەکرد. بتی فرنادیزیش ڕۆژی تایبەتی خۆی هەبوون، میوانداری دەکرد.

[3] فةرانسييةكان لة نيَوان سالَةكاني 40-44 هاوكاري ئالَمانييةكانيان دةكرد.

پیاوە چینی یەکە بە لیموزینی رەش کچەکە دەگەیەنێتە بەشی نێو خۆی. بۆ ئەوەی نەبینری نەگەیشتوو بە وێ ڕادەووستێ. شەوە، کچەکە دادەبەزێ، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، رادەکا. بە یەکەم زارك دا تێدەپەرێ، سەیر دەکا چراکانی حەوشە گەورەکە هێشتا دایسێن پاشان کە دەگاتە زارکی ڕاڕەوەکە هیلن لاگونل دەبینێ بێ بزە چاوەڕوانیەتی. لێی دەپرسێ:لە کێ بووی؟کچەکە دەلێ:بۆ خەوتن وەدرەنگ کەوتم. هۆکەی نالێ، ئەویش لێی ناپرسێ، کچەکە شاپۆی چێرەیی کە لە سەریەتی وەلادەباو وەك گشت شەوان قژی کۆکراوەی بلاودەکاتەوە. نەچوویتە قووتابخانەش، نەچووم. دەلێ بە تەلەفۆ ئەمەیان پێ ڕادەگەیەنم. پاشان بە کچەکە دەلێ بچێ بۆ لای بەرێوبەری بەشی ناوخۆییەکە و ئاگادار بکاتەوە کە تازە هاتۆتەوە. لە تاریکایی حەوشەدا چەندانە کەنیشکی لاو پیاسە دەکەن. سەرتاپێ سپی پۆشن. لامپی گەورە لە سەر دارەکان هەلۆاسراون. بەشێ لە چراکانی موتالا هەر دایسێن، ژمارەیەك قووتابی خەریکی موتالاو نووسینەوەن. ژمارەیەکیشیان بۆ زۆر بلێییویاری وەرەقوگۆرانیوگالتەوە گەپ لە پۆلەکاندا ماونەوە. کاتی خەوی قووتابیەکان دیاری کراو نیە. ڕۆژانە فرە گەرمە، هەر بۆیە شەوانە کارییان پێیان نیە و هەندێ ئازادن. دیارە دەبێ مەیلوئیزنی مراقیبەکانیشی دەگەلدابێ. لەم بەشە نێوخۆییەدا تەنیا ئیمە سپی پێستین، من و هێلن لانگۆل. زۆربەی کچەکان دوو ڕەگەن و زۆربەشیان باوکیان وەدەریان ناون، باوکیان یان سەربازن یان کرێکاری کەشتی و فەرمانبەری ئاسایی گومرك و ئیدارەوبنکەی دەولەتین.

زۆربەی ئەم کچانە لە لایەن هەتیو خانەکانەوە نێردراونە ئێرە، بیستوپێنج کەسێك دەبن. بە قسەی هێلێن حکومەتی فەرانسە ئەم کچانە بۆ کاری پێراگەیشتن بۆ کاری پەرەستاری لە نەخۆشخانەکان، هەتیو خانەکان، گولخانەکان و لە وانەیە بۆ شێتخانەکانیش رادێنن. هێلێن باوەری وایە ئەمانە دەبرێنە شێتخانەو قەرنتینەکان، بۆ لای تووش بووەکانی وەبا، تاعوون لێدراوەکان، ئەو ئەم قسانە بە گوومانەوە دەکا، دەگری ، چوونکە حەزی بەم کارە نیە، سەر و بنی قسەی ئەوەیە خۆ لەم بەشی نێوخۆییە قوتار بکا.

خۆم بە بەرێوەبەر ناساند. ژنێکی لاوازی دوو رەگەزە بە بەردەوامی چاوەدێریمان دەکا، ئێمە، منوهێلێن. دەڵێ:تۆ نەچویتە قوتابخانە دوێشەویش درەنگ بۆ خەوتن هاتوویتەوە بەشی نێوخۆیی، ئێمە ناچارین ئەمە بە دایکتان را بگەیەنین. ئەیژم بە دەست خۆم نەبوو، لەمەو بەدوا هەوڵ ئەدەم ئەمە دوبارە نەبێتەوە، هەوڵ دەدەم بۆ خەوتن بێمەوە، وا باشترە ئەمە بەدایکم نەڵێن، ژنە گەنجەکە لێم دەنۆری و بزە دێتە سەر لێوی.

کەچی من سەرم بە هەنیسکەوە هەڵدەقەندرێ، دایکم ئاگادار دەکرێ و دەچێتە سەردانی بەرێوەبەری بەشی نێوخۆیی. دایکم داوایان لێ دەکا شەوانە سەربەست بم و کۆنترۆڵم نەکەن کە چ کاتژمێرێك دەچمەوە، هەروەها داوایان لێ دەکا جەختم لێ نەکەن بۆ گەرانی رۆژانی یەکشەمان دەگەڵ قوتابییەکان بچمە دەر. وەك دایکم دەێژێ من هەمیشە منداڵێکی سەربەست بووم. دەڵێ ئەگەر وا نەبێ سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەروا، ئەو دەڵی من دایکی ئەویشم

ناتوانم پێشی پێ بگرم، ئەگەر گەرەکم بێ رایبگرم دەبێ سەربەست بێ. بەرێوەبەر ئەمەی لێوەردەگرێ، چونکە من کچێکی سپی پێستم، چونکە بوونی کچێکی سپی پێست لە نێو دووڕەگەکاندا نرخ دەدا بە قووتابخانەکە. دایکیشم پێی وتون ئەگەر من سەربەست بم باشتر بە دەرساکانم رادەگەم. پاشان بۆ بەرێوەبەری گێراوەتەوە کە ئەوەی بەسەر کورەکانی هاتوە ئەوەندە تاڵە، تەنیا ئاوات و ئارەزوی خوێندنی ئەم کچەیەتی.

لەوەبەدوا بەرێوەبەر وازی لێ هێنام و مانەوەم لەوێندەرێ وەك مانەوە لە میوانخانە دەچوو.

بەم زووانە ئەنگوستیلەی برلیان لە پەنجە دەکەم. ئیتر مراقیب و نازم ناخەنە ژێر چاوەدێرییەوە. بێ شك بەد گوومان دەبن لەوەی کە مارە کرابم. هەرچۆنێکی بێ ئەنگوستیلەیەکی گران باییە و کەس شك لەوە ناکا ئەسڵ نەبێ و بە هۆی گرانی ئەم ئەنگوستیلەشەوە گوومانیان نابێ یەکێك ئەم ئەنگوستیلەیەی داوە بەم کیژە.

دەچمە لای هێلێن لە سەر تەختەکەی پاڵ کەوتوەوفرمێسکان هەڵدەوەرێنێ، وا دەزانێ بەشی نێو خۆیی جێ دێلم. لە لای دادەنیشم. بە جوانی ئەم کچەی لەسەر تەختەکە پاڵکەوتوە حەیرانم، خەوتووی ئاسوودە کراسێکی لێ هالآوە، نوێترن دیاردەی بوون، ئەم هـ. لولونل یە ، رێك و جوانکیلە.

دوو هەناروبیٚ وێنە، لەم دنیایە لەمانە سەرسوورهێنەر تر نیە. خڕییەکی بەرجەستە بوو بەرەو هەردوو قۆڵ. تەنانەت لەش‌ولاری قەرەجانەی براچووکەکەم لە چاو شکۆی جەستەی ویدا چ نیە. جەستەی پیاوان ناتەواوە، پەرەنەسەندوویە. جەستەی پیاوان پیر نابیٚ. جەستەی هیلن لاگونل زیانی پیٚ دەگا، جەستەیەك کە، ئەوپەری تەنیا وەرزێك دەوام دێنیٚ و زیاتر نا. ئەو، هێلێن لاگونل، لە دایك بووی دەشتە پانەکانی ***دالاتە***، دەشتەکانی ویتنامی باشوور. باوکی لە ناوچەی کۆلۆنی نشین دا فەرمانبەرێکی ئاساییە. کچەکە ئەم دواییانە هاتۆتە ئێرە، لە نێوەندی ساڵی خوێندن دا. کچێکی ئاڵۆزەو، بە هۆی ئەم ئاڵۆزییەوە، خۆت پێوە دەنووسێنیٚ، بیٚ ئەوەی یەك قسە بکا، لەم دۆخەدا دەمێنێتەوە. جاری واشە لەخۆیەوە دەگری. روخساری دەڵێی گوڵە، قاوەییە وەك لادێییە چیاییەکان، ئەو روخسارەی کە لێرە لە نێو منداڵە ڕەنگ پەریوەکاندا دیارە، ئەو منداڵانەی لەبەر کەم خوێنیو گەرمای سووتێنەر روخساریان رەنگی زەیتوونی یە. هێلێن ناچێتە قووتابخانە، ئامادەی چوون بۆ قووتابخانە نەبووە. هێلێن لاگونل هیچ فێر نابیٚ، هیچ لە زەینی دا نامێنێتەوە. دەرسەکانی پۆلی ئێواران دەخوێنیٚ، دیارە کەڵکی نیە. پاڵی وەمن داوە، دەگری. دەستەکان‌وقژی دەلاوێنمەوە پێی دەڵێم لە لای لە بەشی نێوخۆیی دا دەمێنمەوە. هێلێن . ل. خۆشی هەست بە جوانیەکەی خۆی ناکا. بنەماڵەکەشی نازانن چی دەگەڵ بکەن، بە تەمان هەتا زوویە بە شووی بدەن. هێلێن هەر مێردێکی حەزی لیٚ بیٚ دەتوانیٚ پەیدای بکا، بەڵام بۆ خۆی حەزی

بەمە نیە. هێلێن مل بۆ شووکردن نادا، حەز دەکا بگەڕێتەوە لای دایکی. سەرئەنجام هێلێن لە سەر خواستی دایکی ڕەزامەندی دەردەبڕێ. فرە لە من جوانترە، لە منێك شاپۆی یاری زانانی سیرکم لە سەرەو پێلاوی قەراخ زەردم دە پێیەو فرەتر لەو حەزم بە شووکردنە، لە هێلێن لاگونل، ئەو کچەی هەر پیاوێك دەتوانێ شووی بێ، بە کێشی سنووری ژنومێردایەتی بکا، ترسی بەخاتە گیانیەوە، بۆی ڕوونکاتەوە چ شتێك بۆتە هۆی ئەم ترسەی‌و ئەو نازانێ، پاشانیش فرمانی پێ دا لەماڵەوە چاوەڕوانی بێ.

ئەو، هێلێن لاگونل، هێشتا ئەوەی من دەیزانم ئەو نایزانێ، ئەگەر چی کچێکی تەمەن حەڤدە ساڵانەیە، شتەکە بۆوی بەو جۆرەیە من پێم وابوو. لەوانەیە هەرگیز ئەوەی من دەیزانم ئەو هەستی پێ نەکا.

جەستەی قوورسی هێلێن لاگونل هێشتا تووشی هیچ گووناهێك نەبووە. ئەگەرچی کچێکی حەڤدە ساڵەیە. پێستێکی گەلێ ناسکی هەیە، وە پێسی هێندێ میوە دەچێ کە بە دەست بە زەحمەت دەگیرێ. هێلێن مرۆ هاندەدا بۆ کوشتن، هاندەری ئەم خەیاڵە غەریبەیە بە دەستەکانی خۆت، تامی مەرگی پێ بچێژێ. ئەم ڕەوشە هۆش ڕفێنیەی بێ ئەوەی هەست بکا لە خۆیدا هەیە. ئەم دوو شتە سپییەی دەرخستوون هەتا دەست یان لێوی یەکێك بیانگرێ یان رایانموسێ، بێ وەی بزانێ ئەمانە چن، بێ وەی هەست بە بوونیان بکا، بێ تێگەیشتن لە هێزی سەرسوورهێنەریان و چ حەز و مەیلێك لەمانەدایە سەری گۆی مەمکی هێلێن بخۆم وەك چۆن چینییەکە منی وا لێکرد، لەشەوانی ئەم

شارە چینییە کە هەموو شەوێ دەچووم بۆ ئەوەی کونجێك بێ بۆ قووڵ بوونەوەو ئاشنایی خواوەندی. شادم بە بوونی ئەم هۆش رفێنە.

هێلێن تووشی داماوی کردوم.

داماوی ئەم حەزەم.

خۆزگە لە شولێن بوایە.

حەزێك هەتا سنووری مەرگ.

ئەو لە لای من دا هەمان شولێنییە، بەڵام لە جلیوەیەکی درەوشاوەدا، پاكوبێ گەرد، پووشکووتن لە هەر جولانێکی دا لە هەردلۆپە فرمێسك یێك دا، لە گشت خانەکانی لەشی داو لە بێ ئاگاییەکانی دا. هێلێن لا گونل دەبوو ژنی ئەم شولێنیە ئازار دیتوەبایە، ئەو پیاوەی تامی ئازاری پێ چێشتم. حەزێکی رەها. ئەو پیاوە بێ ناوە شولێنیەیە. پیاوە چینی یەکە. هێلێن لا گونل یش چینی یە. هێلێن م لە یاد ماوە، ئەو پیاوە ئازار دیتوەشم لە یاد ماوە، لەو کاتەوە ئەوم جێ هێشت، هەتا دوو ساڵان تەنیا بووم. دیارە ئەو وەفادارییە دەرونیەم زۆرتر لە مەڕ خۆم بوو.

هێشتاش دەگەڵ ئەم بنەماڵیە دەژیم، شەوو ڕۆژم لێرە بە سەر دەچێ لە هەر کەس بە هەر کەس ئەم بنەماڵەیە دا، لە مەڕ دڵ ڕەقی ترسناکیان دەزانم ڕۆژێکی دەست دەدەمە نووسین لە مە دڵنیام، بڕوام هەیە.

ئێرە ئەم چۆلەوانییە، جیاواز لە هەر شوێنێکی تر، دواتر رۆژێکی بە هەنووکەی بە فیڕۆ وەچوومە گرێ دەدات. ئەو ساتانەی لە شولێن بە سەریان

دەبەم دواتر لە بەر تیشکێکی ڕووناکو درەوشاوەدا خۆی دەردەخا. ئێرە ئەم شوێنە شوومە، دەروازەی مەرگ، تووندو تیژی، ئازار، بێ هیوایی‌و ریسواییە. شولێن شوێنێکی وایە، شوێنێ لەو بەری رووبار، ئەوێ، ڕاست پاش تێپەڕین بە پانایی رووباردا.

هیچ هەوالێکم لە بارەی هێلێن لاگونلەوە نیە، نازانم چی بە سەر هاتووە، لەوانەیە نەمابێ. ئەو زووتر لە من بەشی نێوخۆیی جێهێشت. زۆر پێش ئەوەی من بگەڕێمەوە فەرانسە، گەرایەوە *دالات*. ویستی دایکی ئەوە بوو بگەڕێتەوە دالات. ئەگەر لە هەلّدا نەبم باسی زەماوەند لە ئارادا بوو. لەوە دەچوو شوو بکا بە کەسێك تازە هاتبووە کۆلۆنی . لە وانەشە وا نەبێ‌و لە هەلّەدا بم‌و لەوەی بەسەر هێلێن هاتبوو گەڵ ئەوە لێم تێك چووبێ، چونکە دایکی بە خواستی خۆی و بە زۆری بردیەوە.

باسی کەسێکی ترتان بۆ بکەم، باسی برا گەورەکەم کە چلۆن مرۆڤێ بوو. ئەو بۆ وەدەست هێنانی پارەی تریاك کێشان دەچووە مالّی قووتابیان بۆ دزی. دزی لە دایکیشمان دەکرد. لە دۆلابەکەی دەگەڕا، دزی دەکرد. قوومار باز بوو. باوکم پێش لە مردنی لە ناوچەی بەحری ئوورووپا خانووی کریبوو، تەنیا بوون‌و نەبوونمان هەر ئەمە بوو. براکەشم قوومار باز بوو، کەواتە دایکم ناچار بوو بۆ دانەوەی قەرزو قۆلّەکانی مالّەکە بفرۆشێ. فرۆشتنی مالّەکە بەشی دانەوەی قەرزەکانی نەدەکرد. براکەم تەمای بوو بمفرۆشێ بە مووشتەرییەکانی گازینۆی کوپول. دایکم هێشتاش لە بەر خاتری وی خوازیای زیندوو مانەوەیە،

دەیەوێ برسی نەبێ و جێگەی گەرم بێ‌و گوێی لێ بێ کەسێك بە ناو بانگی دەکا. دایکم بە پاشەکەوتی دەساڵەی ماڵێکی لە نزیکی ***ئامبۆئاز*** بۆ کڕیووە. بە شەوێکی لە قووماردا گشتی دادەنێ‌و گشت شتەکان هەڕاج دەکا، پارەی دارەکانی دارستانیش بەم دەردە دەبا. پێشتر پێم وتبوون دەچێتە گیرفانی برا گەورەوە. ئەویش بە شەوێکی هەمووی دەدۆڕێنێ. دزی لە دایکم دەکا کاری ئەوەیە ئێرەو ئەوەێ بگەڕێ بۆ ئەوە زیرەکیەکی خاسی هەبوو. باش دەیزانی چۆن بگەڕێ، هەموو شوێنێکی" بوخچەو مەلافەو کونو قوژبنان. ئالقەو ئەنگوستیلەی زێڕو زۆر شتی بە نرخ‌و تەنانەت ئازوقەشی بردوە. لە ***دوو*** لە ماڵی قووتابیەکان‌و لە برا چکۆڵەکەم دزی کردوە. لە من دەیان جار. ئەم ژنە، دایکیمیشی فرۆشتووە. لە کاتی مەرگی دایکم لە نێوان پرسەو ئازاردا بێ دواکەوتن فەرمانبەرانی نیشتەجێ کردن ئاگادار دەکاتەوە. چاك دەزانێ لە شینی مەرگ بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ. فەرمانبەری نیشتەجێ کردن دەیڤێ ئەم وەسیەت نامەیە موعتەبەر نیە. دەیڤێ بەشی برا گەورە لە هی من فرەترە. جیاوازیەکە ئاشکرایە، چەندەش بۆ گاڵتە پێ کردن دەشێ. چونکە ئاگاداری نێوەڕۆکی وەسیەت نامەکە هەم یان دەبێ پەسندی بکەم یان دەبێ رەدی بدەمەوە. بە ئاماژەی رەزامەندی، شاهیدی دەدەم ئیمزای دەکەم، ئیتر پەسندم کردوە. براکەم بە لێك نانی پێڵوی چاوانی سوپاسم دەکاو لە پرسەو ماتەمینی دایکمان دا شین دەگێڕێ، چ شینێك. لە جەریانی ئازاد بوونی پاریس دا، لە پەنایەك دەگەڕا بۆ خۆشاردنەوە، هۆکەشی بە دڵنیاییەوە

هاوکاری کردن دەگەڵ داگیرکەرە ئاڵمانییەکان لە باشوور بوو. پەنای بۆ هێنام، پاشانیش خۆی لە مەترسیەکە دەرباز کرد. نەمزانی چ هۆیەکی هەبوو. دوور نیە یەهوودیەکانی ئاشکرا کردبێ. مرۆڤێکی لە سەر خۆیە وەك ئەو کاتانەی لە تاوانەکان دەبێتەوە یان قەرارە خزمەتێکت پێ بکا، خۆشەویستی دەنوێنێ. سەبارەت بە مێردەکەم کە لە دوور خراوەیی دا دەژی خۆشەویستی پێشان دەدا، سێ شەوو ڕۆژان لە ماڵەکەم مایەوە. لە بیرم چووبوو کاتێ لە ماڵ دێمە دەر هیچ کوێ داناخەمو هیچ قایم ناکەمو ئەویش گشت شوێنێك دەگەڕێ. بۆ ئەو کاتەی قەرار بوو مێردەکەم لە دوور خراوەیی بگەڕێتەوە هەندێ شەکرو برنجی بایەعیم کۆ کردبۆوە. ئەویش وێڕای سەرو بن کردنی ماڵەکەم ئەم ئازوقەیە بە تالآن دەبا. دۆلآبە چووکەکەی هۆدەکەشم دەپشکنی، گشت ئەو پارەیەی پاشەکەوتم کردبوو کە زیاتر لە پێنج سەد فرانك دەبوو دەدۆزیتەوەو دیبا. تەنانەت یەك فلسی ناقابیلیشم بۆ جێ ناهێلێ. ئەو پاش ئەم کارانەی دەڕوا. زۆر دواتر کە دەیبینم سەبارەت بەم کارانە هیچی پێ نالێم. پاش وەسیەتنامە دروستکراوەکەشی، ئەو ماڵەی لە کۆشکی لوویی چواردەهەم دەچوو بۆ پارەوە نانێك دەفرۆشێت. چۆن فێڵی لەوەسییەت نامەکە دا کردبوو لە فرۆشتنی ماڵە کەشدا هەمان فێڵی کردبوو .

کاتێ دایکم دەمرێ ئەو بە تەنیا دەمێنێتەوە. ڕەفیقو برادەری نین، قەت نەیبوون. جارو بار هێندێ ژنی لە بەر دەست بوون کە لە مونپارناس کاریان بۆ دەکرد. جاری واش بوو، دیارە سەرەتاکانی، نەیدهێشت کاری بۆ بکەن. دەگەڵ

پیاوانیش کاری دەکرد،  ئەم جارەیەن لە سایەی وانەوە نانی دەخوارد. لە گۆشە گیریو دابراویەکی تەواو دا  دەژیا، پاشان پیریشی لیٚ زیاد بوو. بوو بووە کلاّو چیەکی تەواو عەیار. پالنەرەکانی ژیانیشی هیچ بوون، تەنیا دەبووە هۆی ترس لە نزیکەکانی دا، پاشایەتییە ڕاستەقینەکەی، و ئێمەشی، بە یەك جار لە کیست چوو. شەقاوە نەبوو، ئەندامیێکی بێکەڵکی بنەماڵە بوو، هەڵگێرەوەی دۆلاّبەکانو قاتلێکی بیٚ چەك بووو خۆی لە مەترسی نەداویشت. فیلّبازەکانیش ژیانی ویان هەیە، ژیانێکی هەلّوەشاوەو بیٚ مالّ تیٚکەلّ بە ترس. ئەویش دەترسا. پاش مەرگی دایکم ژیانی ڕەوتێکی سەیری دەبڕی. لە شاری *توور* تەنیا دەگەلّ خزمەتکارانی گازینۆکان ئاشنایی هەبوو، ئەویش بۆ *زانیاری نهێنی* و موشتەرییە سەرخۆشەکانی مێزی پوکری سووچی گازینۆکان بوو. پاشانیش دەبێتە هاودەمیان، زۆری دەخواتەوە، چاوانی سوور هەلّدەگەڕێن، بە دەمولێوێکی هەڕەشەیان پێوە دیارە. لە *توور* گشت شتێکی لە دەست دەدا، هەردوو موولکەکان، هیچی بۆ نامێنێتەوە. لە ئەمبارێکی چکۆلّە کە دایکم بە کرێی گرتبوو سالێکی شەوی تیٚدا ڕۆژ دەکاتەوە. سالێکی ڕەبەق شەوانە لە سەر موبلّ دەخەوەیٚ، هاتنی بۆ ئیرە بۆ لای ئێمە، بە رەزامەندی ئێمەوە بوو، سالێکی لیٚرە دەمێنێتەوە پاشان وەدەر دەنرێت.

لە ماوەی ئەم سالّ دا قەرار بوو قەرزەکانی ئەو مالّەی بە کرێی گرتبوو بداتەوە. کەلو پەلی ئەنبارەکەی دایکمی دانە بە دانە فرۆشتووە، پەیکەری بودا برۆمزییەکان، کەلوپەلە مس یەکان، دۆلاّبو تەختە خەوەکانو پاشانیش

مەلافەکان، پاشانیش وەك بۆ ئینسانی لەم جۆرە دێتە پێش هیچی نەما جگە لە کۆتەکەی بەری، بەس ئەمەو هیچی تر، مرۆڤێکی تەنیا بوو. لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا کەس هەواڵی نەپرسی، نامە دەنوسێ بۆ هاورێ پاریسیەکەی کە لە گەرەکی مالزروبەو دەڵێن هۆدەیەکی هەیە.

پاش پەنجا ساڵ تەمەن بۆ یەکەمین جار کاری دەست دەکەوێ، تەنیا داهاتی ژیانی هەر ئەوەیە. لە شیرکەتێکی بیمەی دەریاوانی دادەمەزرێ، ئەم کارە ئەگەر لە هەڵەدا نەبم، یانزدە ساڵ درێژەی دەبێ، پاشانیش دەکەوێتە نەخۆشخانە، لەوێ نامرێ. لە نێو هەمان هۆدەی خۆی دا دەمرێ.

دایکم هەرگیز لە بارەی ئەم منداڵەیەوە قسەی نەدەکرد. قەتیش گلەیی نەدەکرد. قەت باسی پشکنەری دۆلابەکانی لای کەس نەکرد. ئەو بەڵگەی تاوانی ئەم جۆرە رەفتارە دایکانەیە بوو، دایکم ئەوەی دەشاردەوە، ژنێکی بێ بیر بوو. نەدەکرا ئەمەت لای کەس وتبا، ئەویش بۆ کەسێکی لە ناسینی عەولادەکەی دا وەك دایکم بێ، دەکرێ تەنیا ئەمە بە خواوەند بڵێی، تەنیا بەو.

لەم پەیوەندییەدا دایکم هەر دەم شتی کۆنی دێنایەوەو دووبارەی دەکردنەوە. بۆ وێنە دەیوت ئەگەر منداڵێکی رێگەیەکی وای گرتبێتە بەر هۆکەی ئەوەیە لە منداڵەکانی تری بە هۆشتر، هونەرمەندترو، هەست ناسکترە و هەروەها ئۆگرییەکی فرەی بە دایکی هەیە. گوومانی لەوەش نەبوو بڵێ ئەم منداڵەی باشتر لەوانی تر لە دایکی دەگاو دەرکی دەکا. دەیوت نازانی چۆن دەکرێ ئەم گشتە چاوەروانییە لە کوریژگەیەك هەبێ بەم گشتە هەستو تێگەیشتنەیەوە.

جارێکیان کە برا گەورەم بینی، باسی مردنی برا چکۆڵەی بۆ کردم، وتی:مەرگێکی ترسناك بوو، مەرگی برا چکۆڵەمان کارەسات بوو، برا چکۆڵەکەمان پائۆلۆ.

لە پێوەندی بنەماڵەیی دا تەنیا وێنایەك لە زەینم دا ماوە: ئەویش کاتی نان خواردن لە سادکە. هەرسێکمان لە سەر مێزی چێشتخانە نانمان دەخوارد، ئەوان لە تەمەنی حەڤدەو هەژدە دان. دایکمان لامان نیە. ئەو سەیرمان دەکا. سەیری منو برا چکۆڵە. پاشان چەنگاڵەکەی دادەنێو لە برا چکۆڵە رادەمێنێ. ماوەیەکی درێژ سەیری دەکا پاشان بە ئارامی ڕستە وەحشەتناکەکەی دێتە سەر زمان. لە بابەت خواردن پێی دەڵێ دەبێ وریا بێ کەم بخوا. برا چکۆڵە هیچ نایژێ. ئەویش درێژە بە قسەکانی دەداو ئاگاداری دەکاتەوەکە پلە گۆشتە گەورەکان بەشی ئەونو ئەو نابێ ئەمە لە بیربکا. دەڵێ:گۆشت بێ گۆشت. لێی دەپرسم بۆ چی گشتی بۆ تۆ؟دەڵێ ئەوەی وتم هەر ئەمەیەو بۆ چی تێانیە. دەلێم وا باشترە شەرم بتگرێو ببیتە دلۆپێك ئاو بەم عەرزەدا بچیتە خوار. ئیتر ئیشتیام نابا. برا چکۆڵەکەشم هەر وایە، ئەویش چاوەڕوانە برا چکۆڵە قسەیەك لە دەمی بێتە دەر تەنانەت یەك وشەش. مستەکانی لە سەر مێزەکە ئامادەن هەتا سەرو سەکتی بێنێتە خوار، برا چکۆڵەکەم هیچ ناڵێ، ڕەنگی تێك چووە و، دلۆپە فرمێسکێك لە سەر مژۆڵیەتی.

ڕۆژی مەرگی ولات ڕەش داگیرابوو، بەهار بوو، بە گومانم مانگی ئاپریل بوو. بە تەلەفۆن پێم ڕادەگەیەنن. هەواڵەکە کورت بوو. بە مردوویی

دیبوویانەوە، لە سەر عەردی هۆدەکەی. زۆر پێش لەوەی چارەنووسی کۆتایی پێ بێ تەواو بوو بوو. کە دەژیا مردبوو. مەرگی درەنگتر لە کاتی خۆی گەیشتێ. پاش مەرگی برا چکۆڵە ئەویش مرد بوو. بە کورتی، گشت شتێ تەواو بوو.

دایکم وەسیەتی کردبوو ئەم منداڵەی لای ئەو بنێژن لە ناوچەی *لوئار*. نازانم لە کوێنو لە کامە گۆڕستانەن. بەڵام دەزانم هەردووکیان لە گۆردان، بەڵێ، هەردووکیان، شکۆی وێنایەکی وا کە بە دووره لە خەیاڵ.

خۆر ئەو ڕۆژەش وەك گشت ڕۆژەکانی ساڵ ئاوا بوو. ئاوابوونێکی زوو رابرو بێ دەنگ. لە وەرزی باراندا چەندانە حەوتوو ئاسمانم نەدی. تەمێکی چڕ ئاسمانی دادەپۆشیو تریفەی مانگە شەوی دەشاردەوە. ئەو ڕۆژانەی باران نەدەباری ئاسمان ساماڵ بووو سەرتاسەر روتو زولاڵ دەینواند. ئەگەر مانگیش نەدرەوشابایەوە شەوەکان ڕووناك بوون، وێنەی سێبەری شەو بە سەر ئاوو خاكو ڕێبوارو دیوارەکاندا کشابوو.

ڕۆژەکانم ئەوەندە نایەنەوە یاد. درەوشانەوەی ڕۆژ جوانی رەنگەکانی دەکوشت. بەڵام بە پێچەوانەوە شەوەکانم باش لە یادن، ڕەنگی نیلی لە ئاسمان قوولتر بوو، ڕەنگێك لە پشت گشت تاریکیەکانەوە، ڕەنگێك قووڵایی دنیای دادەپۆشی. ئاسمان بۆ منیش درەوشانەوەیەکی زوڵاڵ بوو کە لە پشتی شینی نیلی بەدی دەکرا، لە پشتی ئەم تواوە سارد بووەوەی هەڵچونی هەرچی ڕەنگە. کاتێ لەوینەلونگ دایکم غەم دایدەگرت، ئەسپو کالسکەی دوو کەسی ئامادە

دەکردو بۆ سەیری شەوانی بارانی دەچووینە قەراخ شار. لە سایەی ئەو شەوانەو ئەو دایکەم، بەخت یاری من بوو. ڕووناکی بە سەر سپییەتی بلوورینی تاقگەو ستوونو سەکۆکاندا دەدرەوشایەوە. بۆشایی شین بوو شینی نیلی، دەکرا بە دەست هەستی بکەی. ئاسمانی لێدانی بەردەوامی روونیو ناسکی رووناکی بوو، شەو گشت شوێنێکی، گشت لادێکەی لەمبەر ئەو بەری رووبارەوە هەتا ئەو جێگەیەی چاو هەتەری دەکرد رووناك کردبووەوە. هەر شەوێك تایبەت مەندیەکی خۆی هەبوو، هەر شەوێك دەتوت بۆ زەمەنی مانەوەی خۆی هەڵبژێردرابوو. تەنیا دەنگ لە شەودا، دەنگی سەگەکانی بیابان بوو کە بە ڕەمزەوە دەیان لوراندو، دێ بە دێ بە لورە لور وەڵامی یەکتریان دەدایەوە هەتا زەمانو بۆشایی شەو بەرەونەمان بەرن.

لە ڕێگە باریکەکانی حەوشەدا، سێبەری دارە دارچینەکان وەك مەرەکەبی ڕەش دەنوێنیێ. باخ، لە بێدەنگی بەرد ئاسا سەر تاپێ بەستوویەتی. ماڵەکەش هەر وا، گەورەو غەمبارە. ئەمەش برا چکۆڵەم لە لامەوە هەنگاو دەنێ، و نیگای بڕیوەتە لای دەرگە گەورە کراوەکەی کە بەرەو ڕێگەی کەویرە.

ئەم جارە لە بەردەم قووتابخانە چاوم پێی ناکەوێ. دەنێو ماشێنە ڕەشەکەدا تەنیا لێخوڕەکە دەبینم. دەڵێ باوکی نەخۆشەو ئاغای لاو چۆتەوە سادك. دەڵێ ئەوی ڕاسپاردوە، واتە لێخوڕەکە لە سایگۆن بمێنێتەوە، بۆ گەیاندنی من لە قووتابخانەوە بۆ بەشی نێوخۆیی. چەند ڕۆژ دواتر ئاغای لاو گەڕایەوە. سەر لە نوێ لەوێ لە کورسی پشتەوەی ماشێنەکە دانیشتووە. ڕوی وەڕسووڕاندبوو

هەتا کەم چاوەڕوانی بکێشیٚ، ئەو ترسەی جارانی هەر لەگەڵ بوو. بە بێ دەنگی لای یەکتر دانیشتبووین. لە لای یەکتری، لەویٚ، لەبەردەم قووتابخانە بە دوور لە گشت شتیٚو لە لای یەکتری. دیلاواندمەوەو، دەگریا. باوکی رووحی هاتبووە وەبەر، بەڵام دوایین هیوای خۆی لە دەست دەچوو. داوای لە باوکی کردبوو، لێی پاڕابووەوە رازی بیٚ هەتا کوڕەکەی من داڵدە بدا، لە لای یەکتری بژین. بە باوکی وتووە هەوڵ بدا لێی تێبگا، لەوانەیە ئەویش ڕۆژێك لە ڕۆژان تەنانەت بۆ یەك جاریش بووبیٚ لە ماوەی ئەو ژیانە دوورو درێژەیدا دوچاری ئەم پەرێشانییە بووبیٚ، پاشان وتی هیچی لە دەست نایە، تکای لێکردوەو پێی‌وتووە ئیزنی بدا بە دڵی خۆی بژی، تەنیا یەك جارو، لە بەر ئەو پەرێشانییە، یەك جارو، بە خاتری ئەوینی شێتانەی بۆ کچێکی سپی پێست. داوای لێکردوە سەربەستی بکا، هەتا پێش گەڕانەوەی کچەکە بۆ فەرانسە، هەلێکی تر بیٚ بۆ خۆشەویستی، سەر لە نویٚو لەوانەیە ساڵێکی تر، چونکە ئیتر مەحاڵە چاو پۆشی لەم خۆشەویستیەی بکا، عەشقێکی تازە پشکووتووو پڕ لەوزە. عەشقێك بە حەزێکی نویٚوە. وتوویەتی جیابوونەوەی لە گیانو جەستەی من ئەستەمە، گەلیٚ سەختە. ئەویش واتە باوکی، ئەمانەی گشت زانیون، زانیویەتی ئەم شتانە هەرگیز دوبارە نابنەوە. باوك لە وڵامدا وتوویەتی مەرگی کوڕەکەی پیٚ لە گشت ئەمانە خاسترە.

بە ئاوی فێنکی گۆزەی گڵ خۆمان شتوە. لە پەنا یەکتری گریاوین. سەر لە نویٚ هەتا سنووری مەرگ، بەڵام ئەم جارەیان تێکەڵ بە هەستێکی دەستەمۆ

نەکراو. پاشان قسەم بۆ کرد، قسەکەیم بیر هێنایەوە، وتم نابێ غەمان بخۆی. پێم وت لە هیچ شوێنێ بەند نابم، ئەمەش لە دەستی خۆما نیە. دەیوت لەمەبەدواوە ئەم شتانەی بەلاوە گرنگ نیەو جیاوازییەکیان تیا نابینیٚو گشت شتێ بۆ وی کۆتایی هاتووە. پێم وت دەگەڵ ڕای باوکی یەکم، وتم ئامادە نیم لای بمێنمەوە، بەڵام هۆیەکەم نەوت.

ئێرە یەکێك لە شەقامە درێژەکانی وینەلۆنگە کە بە مگۆنگ کۆتایی دێ، شەقامێك کە شەوانە چۆڵە. ئەمشۆش وەك شەوانی تر، چراکان کوژاونەوە. ڕووداوەکە لێرەوە دەست پێ دەکا. هەرکە پێ دەنێمە شەقام، هەرکە دەرگا گەورەکە لە پشتەوە دادەخەم، تاریکایی دەست پێ دەکا. دەست دەکەم بە ڕاکردن، لە تاریکایی دەترسم، هەر بۆیە ڕادەکەم. تووند. لە پڕ لە پشت سەرمەوە گوێ بیستی دەنگی پێ دەبم. دەڵێی کەسێ دوام دەکەوێ. لە ناکاو دڵنیا دەبم کەسێك بەدوامەوەیە. بە دەم هەڵاتنەوە ئاوڕدەدەمەوە، دەیبینم. ژنێکی باڵابەرزو لاوازە، لاواز وەك مردووان. مردوویەك بە دەم ڕاکردنەوە پێبکەنێ. پێ پەتییە، بەدوامەوە بمگرێ. دەیناسم. هەر ئەو شێتەی ناوچەی کۆلۆنییە، ژنە شێتەکەی وینەلۆنگ. بۆ یەکەمین جار گوێم لە دەنگی دەبێ، لە قوڵایی شەودا دەدوێ. زۆربەی کات ڕۆژانە هەر لەم شەقامە دەخەوێ. بەرامبەر بە شاخ، هەروا ڕادەکا، بە زمانێك کە تێی ناگەم شتێکی بە قەو دەڵێ. ترسەکەم ئەوەندە زاڵە دەنگم دەرنایە. تەمەنم نزیکەی هەشت ساڵانە. گوێم لە دەنگی قاقاکەی دەبێو ئەو هاوارانەی لە خۆشیانە. بێ شك بوومەتە

مایەی گەمە کردنی. بیرەوەری، بیرەوەری ترسە. قسەی خۆڕایی نیە گەر بڵێم ترس لە تاقەتو توانایی بەدەر بوو. خۆشترین بیرەوەریم، بیرەوەری دڵنیا بوونێکە لەو پەڕی پێگەیشتوویی دابوو، دڵنیا بوون لەوە کە ئەگەر ئەم ژنە هەر بە حاڵ بەرم کەوتبا، تەنانەت دەستیشی بەرم کەوتبا تووشی دۆخێك دەهاتم گەلێ لە مردن دژوارتر، شێت دەبووم. لە باخی هاوسێکەمانەوە خۆم لە ماڵێ هاویشتەوە. لە پلیکانەکان سەر کەوتم کە گەیشتمە بەردەرگە کەوتم. زۆری بە سەرداتێ پەڕیبوو توانام نەبوو ئەوەی بە سەرم هاتبوو بیگێڕمەوە.

ماوەیەکی زۆری بە سەر دا تێپەڕ بووو دەترسام نەکا حاڵەتێکی وا بە سەر دایکم دا بێتەوە ئەو حاڵەتەی هێشتا ناودێرم نەکردوە. ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەی وی لە منداڵەکانی. ئەگەر ئەمەش رووبدا، لە ئەستۆی منە چی روودەدا، نەك لە ئەستۆی براکانم. ئەوان توانای تێگەیشتنی ئەم شتانەیان نیە.

چەند مانگێك بە سەر جیابوونەوەی یەکجاریماندا تێپەڕ بوو، لە سایگۆن بووین. هەتا نیوە شەو لە هەیوانی گەورەی ماڵە بچوکەکەی ***تەتار*** دانیشتبووین. ***دوو*** ش لەوێ بوو. سەیری دایکم کرد، نەم ناسییەوە. پاشان، لە جۆرە فەرامۆشییەکی کتو پڕدا، لە جۆرە بەرەو نەمانێك دا، ئیتر هیچ نیشانەیەکم بۆ ناسینەوە تێدا بەدی نەکرد. لە پڕ لەوەێ، لە لای من، دەتوت دایکم نا کەسێکی تر دانیشتووە. دایکم نەبوو لەو دەچوو، دایکم نەبوو. پێدەچووە برە گێلییەکی لێ وەدەرکەوتبوو. سەیری لای باخەکەی دەکرد،

شوێنێکی دیاری کراو لە باخەکە. دەتوت چاوەڕوانی ڕووداوێکی ناوەخت بوو کە من هیچم لە بارەیەوە نەدەزانی. سیمای لاوی تێدا بەدی دەکرا. ڕووخساری بەختەوەری تێدا دیار بوو کە بە هۆی ئەو شەرمو شکۆ تایبەتیەویەوە لە خۆیدا کوشتبووی. ژنێکی جوان بوو. *دوو* لە لای بوو، تێکچونی پێوە دیار بوو، ئەوەی لە بارەی ئەم ژنەوە دەیڵێم، لە هەمبەر دنیای لاوی، جوانیو بەختەوەری وی، واتای ترس مەبەستی بابەتەکە ناپێکێ. ئەو حاڵەتانە، ئەو گۆڕانە بەردەوامە، هی ژنێك بوو جێی دایکمی گرتبووەوە. منیش دەزانم ئەو ژنەی لەوێ بوو جیا لە دایکم کەسی تر نەبوو، دایکم خۆی بوو. باش لێم روون نەبوو ئەو کەسایەتییەی کە بە دیلی نەبوو، ئیتر فەوتاوە. دەمزانی ناتوانم کارێکی وابکەم ئەم کەسایاتییە بگەڕێتەوە دۆخی جاران و سەر لە نوێ وەدەر بکەوێتەوە. ئیتر زەینم یارمەتی دەرم نەبوو هەتا ئەو وێنایە لە خەیاڵم دا جێگیر بکەم. لەو پەڕی ئاقڵەتیدا دوچاری شێتی بوو بووم. کاتی هاتبوو هاوار بکەم، هاوارم کرد. هاوارێکی خنکاو، بانگێك بوو بە مەبەستی ڕزگار بوون لەو سەهۆڵبەندانەی فەزای بەرەو بەستنێکی مەرگ ئاسا برد بوو.

ئەم ژنە سواڵکەرە کۆڵان گەڕەم بە گشت شارەوە گرێ داوە. پێوەندیم داوە بە دەست کورتەکانی گشت شارەکان، کێڵگەکان، هەروەها هەژارو بێ ماڵەکانی سەر ئەو ڕێگایانەی بە سیام کۆتاییان دێو پێوەندیم داوە بە فەقیرەکانی دەڤەری مێکۆنگ ، ئەم ژنە هەژارەی ترسی خستە دڵمەوە. ئەو ژنە گەلێ شوێن گەڕاوە، هەمیشە لە *کلکەتەوە* وەدەرکەوتووە، ئەوە کە لە

کوێوە هاتووە گرنگ نیە. هەر چۆنێکی بێ لە *کەلکەتوە* هاتووە. هەمیشە لە بەر سێبەری دارە دارچینەکان لە سەر سەکۆی نێو باخەکان دەخەوێ. دایکە گەلێ جار چۆتە لایو بەردەوام لاقەکانی دەرمان کردوە، جێ برینی دەعبای زیانباری دەرمان کردوە کە مێشو مەگەس لێی هالڵاون. کچیی ئەم سەر بردەیە، لای ئەوە. لە ڕێگەیەکی دووهەزار کیلۆمەترییەوە بە کێشی دەکا. ئیتر نایەوەێ. ئامادەیە وازی لێ بێنێ _ها، بۆ تۆ بێ. ئیتر هەوالی مندالان لە گۆڕێ دانیە. عەولادێکی بۆ نەماوەتەوە یان ڕۆیشتوون یان مردوون. لە ئاخرو ئۆخرەکانی تەمەندا حەشامەتێك لە مندالێ. ئەم دانەیەیان، ئەو کچەی لە ژێر داری دارچین دا خەوتووە هێشتا نەمردووە. ئەم دانەیەیان زیاتر لەوانی تردەژی، ئاخرەکەی لە مالەوە دەمرێ، بە کراسێکی حەریرەوە، بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە.

لە سەر دێراوەکانی کێلگەی دەڤەری ڕێگە دانیشتووە. هاوار دەکاو بە دەنگێکی بەرز قاقا لێدەدا، زایەلەکەی مردووان خەبەر دەکاتەوە، هەروەها هەر کەسەی گوێی لە دەنگی پێکەنینی مندالەکانیش بێ. ڕۆژانە لە بەرامبەر کۆلیت دەمێنێتەوە. چەند پیاوای سپی پێست لە کۆلیتەکەدا بوون کە هێشتاش لە یادی ماون کە خواردنیان دەدایە سوالکەرەکان. ئاخرەکەی ڕۆژێکی کازیوەی بەیانی بەخەبەر دێ، سەری هەلدەگرێو دەڕوا. بۆ کوێ؟کەس نازانێ. ڕێگای بەروە چیا بادەداتەوە، لە دارستان تێ دەپەڕێ، باریکە ڕێگەکانی دەچنە ڕێگەی سەرەکی زنجیرە چیای سیامیش بەجێ دێلێ. پاشان لە

پڕ ئاسمانی زەردو سەوزی ئەو بەری مەزراکانی لێوار دەریا کە چاوانی هەتەری لێدەکردو نەدەکرد دەبینێ. هەوڵی بینینی ئەو دەڤەرە دەدا. نێوان بڕ بەرەو ئەوێ هەنگاو دەنێ، لە سەرەو لێژان شۆڕ دەبێتەوە بەرەو ڕێگەیەك کە دەچێتە سەر دەریا، کۆتایی ڕێگە. بە لاقە درێژو باریکەکانی لە سەرو لێژی دارستان دێتە خوار. بە لارێیان دا دەڕوا. ئەمەش دارستانی ترسناك، هەرێمی گەلێ گەرم. شنەی تێکەڵ بە خوێی دەریا نایە، ئەوەی گوێ بیستی دەبێ وزە وزی بەردەوامی دەعباکانە، منداڵانی مردووو، ئەم بارانەش گشت ڕۆژێ دایدەکا. پاشان دەگاتە زەویەکانی کۆتایی رووبار، کە پانترین زەوییەکانی ئەم گۆی زەوییەن. ئەو ڕووبارانەی کە پڕن لە قەوزەو پیسایی ڕەش کە بەرەو شیتاگۆنگ شۆڕ دەبنەوە. ڕێگەکان، دارستانەکان، کێڵگەکانی *چا* وهەروەها خۆری سووورداگیراوی دەمەو ئێوارەی، جێ هێشتوون. بە بەستێنە پانەکانی بەرامبەری دا تێدەپەڕێ. ڕێگەی پڕ هەورازو نشێوی دنیا دەگرێتە بەر، هەمان ڕێگەی بێ کۆتایی‌و ئەستەمی ڕۆژهەڵات. سەرئەنجام خۆی لە بەرامبەر دەریادا دەبینێتەوە. هاوار دەکا. بەلەمێکی بایەوان لە *شیتاگۆنگ* وەدەردەکەوێ هەتا لە رووبار بیپەڕێنێتەوە. ماسیگرەکان وەخۆی دەگرن. ئەویش دەگەڵ ئەوان لە خەلیجی بینگالەوە تێ دەپەڕێ. پاشانیش لە نزیکی ئیسکلەی بار داگرتن دا دەیبینم، لە دەڤەری کەلکەتە. پاشانیش لە بەر چاوان بزر دەبێ، هەنێ دواتر دەیبینمەوە لە پشتی خانووی باڵوێزخانەی فەرانسە هەر لەم شارەدا. لە پارك دا نووستووە تێر بوو لە خۆراکێکی لە براِن نەهاتوو. شەوانە لێرە بە ڕۆژ

دەکاتەوە. دواتر دەگەڵ هەڵاتنی خۆر، دەچێتە کەناری رووباری مێکۆنگ، بە هەمان پێکەنینی دەڵێی بە سۆغرە گیراوە. ئیتر بۆ هیچ شوێنێ کۆچ ناکا. خەو و خۆراکی هەر لێرەیە، شەوانە لێرە هێدییەو، لەوێ، لە نێو گیاو گوڵی باخچەکە دەحاوێتەوە.

سەرەنجام سەرو سەکتی من پەیدا دەبێ. رێم لێرە دەکەوێ. حەڤدە ساڵەمو لێرەم لە گەڕەکی ئینگلیزییەکان. باخەکانی باڵوێزخانەکانیش لێرەن. لە کاتی هەڵکردنی"با"وەرزییەکاندا، مەیدانەکانی تێنیس چۆلن. کەناری ڕووباری گۆنگ پڕە لە گولەدەمبەبزەکان. لە وێستگە وەستاوین، کەشتی جەنگی تووشی ڕاوەستان بووە و ئێمەش هەتا کەشتییەکە ساز دەبێتەوە، شارەکە دەگەڕێین، ئێوارەی ڕۆژی دوایە وەڕێ دەکەوینەوە.

پازدە ساڵو نیو. دەنگۆ خێرا لە گەڕەکی سادك بڵاودەبێتەوە. ئەم جلو بەرگەو سەرووەزعە بەسە بۆ حەیا چوون. دایکم لە هیچ نازانێ، تەنانەت لە پێگەیاندنی کچێك دا، ئەم کچە بێ کەسە. نا، بڕوا مەکەن. ئەم شاپۆیە بێ خەتا نیە، ماتیکی سووری لێوانیش هەر وەتر. ئەمانە مانای خۆیان هەیە، هێمای پاکی نین. دیارە مەبەست سرنج ڕاکێشانە، ڕاکێشانی پارە، براکانم لە تاقمی سپڵەو بێ سفەتەکانن. دەڵێن ئەو چینی یە منداڵی ئەریستوکراتانە، باوکی خاوەنی ویلای مێکۆنگەو ویلایەك کە بە بەردی شین کاشیکاریکراوە. باوکە، شانازی بەم شتانەوە ناکا، تەنانەت کوڕەکەشی لێ بێ بەش کردوە. بنەماڵەیەکی بێ سفەتی سپی پێست.

بە خاتوون بانگیان دەکرد، خەڵکی *ساواناکت* بوو. مێردەکەی نەقڵی وینەلۆنگ کرابوو. ساڵێك دەبوو کەس لە وینەلۆنگ نەیدیبوو. کوڕێکی گەنج دەستی تێدا بوو، هەمان جێگری بەڕێوەبەر، پێنەدەچوو پێوەندی خۆشەویستیان پێکەوە هەبێ. پاشانیش کوڕەکە بە دەمانچە خۆی کوشت. هەواڵەکە گەیشتە گەڕەکی تازەش، گەڕەکی وینەلۆنگ. گەنجەکە ڕۆژی ڕۆشتنی ژنە لە ساواناکت بەرەو وینە لونگ، گوللەیەك بە سەر دڵی خۆیەوە دەنێ، ئەویش لە مەیدانی گەورەی گەڕەکی تازەو، بە ڕۆژی ڕووناك. ژنەکە لە بەر کچە چکۆڵەکەی و هەروەها مێردەکەی کە نەقڵی وینەلونگ کراوە، بە گەنجەکەی وتووە کە دەبێ کۆتایی بە پێوەندییەکەیان بێنن.

سەر لە نوێ ئەم ڕووداوی شەوان لە گەڕەکە بەدشوومەکەی شولێن و ئەو کچە خاوو خلیچکە ئیزن دەدا پیاوە چینی یە چڵکنە دەوڵەمەندە بۆن بە جەستەیەوە بکا. کچەکە دەچێتە هەمان قووتابخانە کە کچە سپی پێستەکانی تریش دەچن. ئەو کچە سپی پێستەوەرزشوانەی کە لە مەلەگای "نادی وەرزشوانان" مەلەی کراڵ فێر دەبێ. پاشانیش ڕۆژێکی پێیان ڕادەگەیەنن نابێ دەگەڵ کچی خانمە مامۆستای سادك قسان بکەن.

پشووی نێوان دەرسەکانەو کچەکە پاڵی وەدیواری حەوشی قووتابخانەوە داوەو، چاوی بڕیوەتە لای کۆڵان. بە تەنیایە. لەم بارەیەوە هیچ بە دایکی ناڵێ. هەروا بە ماشێنە لیمۆزینە ڕەشەکەی پیاوە چینی یە شولینی یەکە دێتەوە قووتابخانە. کیژە قووتابییەکان ئەم هاتوچۆیە دەبینن، هەموویان. ئیتر هیچ

کچێك قسانی دەگەڵ ناکا، تەنانەت یەك‌و شەش. ئەم تەنیایە بیرەوەری خاتوونی وینەلۆنگی بۆ دەژیەنێتەوە، ئەو ژنەی ئەو کاتەی پێی نابووە تەمەنی سی‌و هەشت سالێیەوە ، کچەکەش دە سالانە بوو، هەنووکە کە ئەم ئەو سەربردەیەی دێتەوە یاد تەمەنی شازدە سالە.

خاتوونم، لە کاتی گەڕنەوەی لە دەرسە ئاییتی یەکان دەگەڵ براکەم، لە هەیوانی ماڵەکەی دەبینم، چاوی بڕیوەتە شەقامەکانی داوێنی مێکۆنگ. هۆدەکە لە نێوەڕاستی خانوویەکی گەورەی ئاغایانە هەڵکەوتووە، هەیوانێکی سەر گیراوی هەیە. ئەم خانووە کە لە هی ئاغایان دەچوو لە نێوەندی باخێك دا هەڵکەوتووە پڕ لە دار خورماو دەوەنی کەرکوژە جیاوازییەك کە خاتوون‌و شۆڕە کچە لاوە شاپۆ لە سەرەکە لە خەڵکەکەی تری گەڕەك جیا دەکاتەوە، جیاوازییەکی یەکسانە، جۆری سەیر کردنیان بۆ شەقامەکانی دەڤەری ڕووبار لێك دەچێ، هەردووکیان هاوسروشتن. هەردووکیان دابڕاون. گۆشەگیر. تەنیا دوو شاشەنگە کیژی تەنیا. بێ بەشییان ئاشکرایە، هەردووکیان قۆچی قوربانی هەوێنی جەستەیانن، جەستەی لاوێندراوەی دەستی ئاشقان، لێوە ماچ کراوەکانیان جەستەی لێواو لێو لە ڕیسوایی. خۆشییەك سەرئەنجامەکەی مەرگە، مەرگێکی گلاو بە مەرگی نەهێنی ئاشقانی بێبەری لە خۆشەویستی، کێشە کە لێرەدایە، سەودا سەری مەرگ، ئەوەش شتێکە لە دەرەوەی دەسەلاتی وان دا، لە دەرەوەی چوار دیوارییەکەیان. مەرگێکی دیار کە بوونی لە هەموو شاردا هەست دەکرێ، لە ئیدارە دەوڵەتییەکانی ناوچەی دارستان دا،

لە کۆڕی گەورە پیاوانا، لە میواندارییەکان، لە ڕێوڕەسمی سەما، سەمای هێدیدا هەست دەکرێ. خاتوون هاتوچۆکانی وەك ڕابردوو بۆ ئەم کۆڕە رەسمییانە وەك جاران دەست پێ دەکاتەوەو پێی وایە باسەکە کۆتایی هاتووە. وا دەزانێ، لاوەکەی ساواناکت لە یاد کراوە. خاتوون شەونشینییەکانی دەست پێکردۆتەوە، ئەو شەونشینیانەی هۆکەیان ئەوە بووکە وەختوناوەخت بووبوونە هۆی ئەوەی خەڵکی دیداری یەکتری بکەن، کاتوبێ کات لە دابڕانی روح ئەستینی زاڵ بە سەر ناوچەی دارستان خۆ قوورتار بکەن، قوورتار بن لە ئیدارە دەوڵەتییە ون بووەکان، لە پانتایی کێڵگە بەش بەش کراوەکان دەرباز بن، ون بوون لە ترسا، لە شێتی دا، لە دڵە ڕاوکێ دا، لە فەرامۆشیا.

هەموو ئێوارەیەم کاتی دەرچوون لە قووتابخانە، کچەکە بە هەمان لیمۆزینی ڕەش، هەمان شاپۆی نەگونجاوو دیمەنی مندالانەو کەوشی قەراخ زەرد، دەگەڵ دەوڵەمەندە چینی یەکەدایە. ئەو دەچێ هەتا ئەم چینییە دەوڵەمەندە رووتی کاتەوە و سەر لەنوێ بە ئاوی فێنکی گۆزەی گڵ بیشوا، هەر وەك چۆن هەموو ئێوارەیەکیش کچە لە ماڵی دایکی بە ئاوی گۆزەی گڵ خۆی دەشووت، پاشان بە تەڕی هەڵی دەگرێ و دەیبا لە سەر تەختەکە ڕادەکێشێ و پاشان چینی یەکە پانکەی پێ دەکا و ئەو جار گشت گیانی ماچ دەکا و کچەش داوای زۆرتر دەکا، پاشانیش دەگەڕێتەوە بەشی نێوخۆیی، بێ ئەوەی کەس سزای بدا، لێی بدا، بریندار بکاو جوێنی بداتێ.

کاتێ شەوە کۆتایی هاتووە، لاوەکە لە گۆڕەپانی گەورەی کۆلۆنی نشین دا، لە بەر تیشکی خۆر خۆی کوشتووە. ژنەکەش ئەو کاتە خەریکی سەما بووە، پاشانیش ڕۆژ هەڵاتووە. لاشەی پیاوەکە ملۆچە بووە. پاشانیش بە تێپەڕینی کات تیشکی خۆر تەرمەکەی لە شکڵ بردووە. کەس غیرەتی نەبووە لێی نزیك ببیتەوە، پاشان پۆلیس تەرمەکەی دەبا. نیوەڕۆی پاش هاتنی بەلەمە سەفەرییەکان، ئاسەواری لێ جێ نامێنێتەوە، گۆڕەپانەکە پاك دەبێتەوە.

دایکم بە بەڕێوبەری بەشی نێوخۆیی دەڵێ:قەیدی ناکا، ئەم شتانە گرنگ نیە، سەیری کەن، ئەم کراسە کورتە، ئەم شاپۆچێرەبییەو ئەم پێڵاوە قەراخ زەردانەی چەندە لێ جوانن. دایکە، کاتی باسی عەولادەکەی لە گۆری دابێ لە پێستی خۆی دا ناگونجێ. لەم کاتانەدا شیرینوخۆشدوێ دەبێ.

مراقیبەکانی بەشی نێوخۆیی بە ئیشتیاوە گوێ بۆ قسەکانی دایکم دەگرن. دەڵێن گشتیان کچەکەیان خۆش گەرەکە، گشت پیاوانی گەڕەكو ئیدارە دەوڵەتییەکان، سەڵتو ژندار چاویان لە کچەکەیەتی، خوازیاری ئەم کچەن، کچێکی گچکە کە هێشتا وەك دەبێ پێ بگا پێ نەگەیشتووە، دەزانن هێشتا منداڵە. لەوانەیە خەڵك ئەمە بە ڕیسوایی بزانن. بەڵام قسەی من ئەوەیە بێگوناهی بۆچی دەبێ ببێتە هۆی ڕیسوایی.

دایکم قسان دەکا. ئەو بە ئاشکرایی باسی فەساد دەکاو پێ دەکەنێ. باسی ریسوایی، رووڕەشی، شاپۆی نابەجێ، باسی ئەدەبو شکۆی ئەم کچەی بەرووباردا تێدەپەرێ، دەکا. پاشانیش باسی مەسەلە حاشا لێنەکراوەکانی

کۆلۆنییەکانی فەڕانسە دەکاو پێدەکەنیٚ، باسی_وەك دەڵیٚ_ئەو پێستە سپی یەی دەکا، باسی ئەم کچە لاوەی ناوچەی دارستان دەکا کە هەتا ئێستا خەڵك نەیاندیوە کە چی ئێستا بە ڕۆژی رووناك بە بەرچاوی خەڵکی دا دیٚو دەچیٚ، دەگەڵ دەوڵەمەندێکی نزمی چینیو، وەك ئەشرافییەکان ئەنگوستیلەی برلیانی لە پەنجە دایە. دایکم بە دەم قسە کردنەوە دەگری.

کاتیٚ کە دایك ئەنگوستیلەی برلیانی دەبینیٚ بە دەنگێکی نەوی دەڵیٚ:ئەمە من دەخاتەوە یادی ئەو سەردەمە کورتەی تەریك ژیام. کاتی هاوسەریم دەگەڵ مێردی یەکەمم. دەڵێم:ئاغای ئوبسکور. پێدەکەنین. دەڵیٚ، بەڵیٚ وایە، . ناوی ئەسڵی هەر ئەوە بوو.

چەند ساتێك نیگامان گۆڕیەوە، پاشان بزەیەکی هێدی هاتە سەر لێوان، بزەیەکی تێکەڵ بە برێك تەنزو دەربڕی ناسینێك بە گومانی خۆی قوول لە مەڕ منداڵەکانیو، چاوەڕوانی. چاوەڕوانی ئەوەی چی بە سەر منداڵەکانی دیٚ، چاوەڕوانی ئەوەی قەرار بوو دواتر لە بارەی رووداوی شولێنەوە بۆی باس بکەم. بەلاّم من وام نەکرد، هەرگیز لەم بارەوە قسەیەکم دەگەڵی نەکرد.

ماوەیەکی زۆری چاوەڕوانبوو پێش ئەوەی دەگەڵم بدویٚ ، پاشانیش ئەمەی وت ، ئەویش بە شەوقێکی زۆرەوە:دەزانی هەموو شتیٚ کۆتایی هاتووە، ئیتر هەرگیز ناتوانی لێرە، لەم کۆلۆنیانەدا ژیانی هاوسەری پێك بێنی. شانان هەڵدەتەکێنم. پێدەکەنم. دەڵێم:گەر حەزم لیٚ بیٚ لە گشت شوێنیٚ دەتوانم مێردی بکەم. دایکم بە ئاماژە تێم دەگەیەنیٚ کە وانیە. دەڵیٚ:لێرە گشت شتێك

ئاشکرا بووە، لێرە ناتوانی. سەیرم دەکا. ڕستەیەکی لە بیر نەکراو دێتە سەردەمی. حەزیان لێتە ، وانیە؟دەڵێم وایە، هەرچۆنێکی بێ حەزم لێ دەکەن. یەکسەر دەڵێ، بوویە جێگەی ڕابواردنیانو هۆکەشی، بێ لە هەر شتێکی تر لە بەر خاتری خۆتە.

پاشان باسی بابەتی پارە دەکا، دوو دڵم لەوەی وەڵامی بدەمەوە. بەڵام پاشان دەڵێم بەڵێ، ئەمەش لە ئارا دایە. سەرلە نوێ سەیری یەکتری دەکەینەوە، بڕوام پێ ناکا، دەڵێ: من هەرگیز لە تۆ نەچووم، لە کاتی خوێندنم دا باری ژیانم زۆر لە هی تۆ خراپترو دژوارتر بوو، بەڵام گەلێ جیدی بووم، ئەم سووربوونو جیددی بوونەم ماوەیەکی زۆر پاراست. پاشانیش گەلێ دواتر، حەز بە چێژم تێدا مرد.

ئەم قسانەی لە یەکێك لە ڕۆژەکانی پشوودانمدا لە سادك دا وتبوو. لە سەر ئەسکەملەی راحەتی پاڵ کەوتبوو ولاقی لە سەر چرپایەکی نەوی دانابوو. دەرگەکانی تالارو هۆدەی نان خواردنی خستبووە سەر گازی پشت، شنەیەکی فێنکی دەهات. بێ دەنگ بوو، بەڵام نێوچاوانی تاڵ نەبوو، دەتوت تازە سرنجی بۆ کچەکەی راکێشرابووو حەزی کردبوو قسەی دەگەڵ بکا و قسەی دەگەڵ کردبوو.

ڕۆژگاری کۆتایی، ڕۆژگاری لە دەست دانی زەوییەکانی پشت دەربەند، هێشتا نەهاتبوو و، ئەوەندەشی نەمابوو بگەرێمەوە بۆ فەرانسە.

سەیرم دەکرد خەریك بوو خەو دەیبردەوە.

دایکم جار بە جار ڕایدەسپارد وێنە بگرین:بەیانی دەچینە لای وێنەگر. لە گرانی نرخی وێنە بە گازندەیە، بەڵام هەرچۆنێکی بێ دەرەقەتی پارەی وێنەی بنەماڵەیی دێ. سەیری وێنەکان دەکەم. سەیری خۆم ناکەم، دانە بە دانە سەیریان دەکەم، بێ قسەو شیکردنەوە، تەنیا سەیریان دەکەم. خۆم دەبینم، ئەندامانی تری بنەماڵەش. وێنەی تاكو و هێندێ جاریش بەیەکەوەمان هەیە. لە وێنە کۆنەکاندا خۆم دەبینم، ئەو کاتەی گەلێ گچکە بووم. پاشان ئەم وێنەیەی دواییم سەیر دەکەم. لە نێوان ئێمەدا، منو وێنەکانم، هەتا گەورەتر بووم جیاوازیش فرەتر بووە. پاش ئەوەی سەیری وێنەکان دەکەم لە دەسماڵێکیانەوە دەپێچمو لە نێو دۆلابەکەیان دەنێمەوە. دایکم وێنەمان دەگرێ بۆ وەی هەر کاتێ ویستی سەیرمان بکا. هەتا بزانێ گەورەبوونمان سروشتیە یان نا. ماوەیەکی درێژ سەیرمان دەکا، وەك دایکەکانی تر، کاتێ سەیری وێنەی منداڵەکانی خۆیان دەکەن، وێنەکان پێکەوە بەراورد دەکا، بە تایبەتی گەورەبوونی هەریەکەمان. شتێکی دەڵێ بەڵام وەڵام وەرناگرێتەوە.

دایکم تەنیا وێنەی منداڵەکانی ئامادە دەکا، وێنەی کەسی تری لانیە. وێنەی وینەلۆنگم نیە، هی باخەکەشیم نیە، وێنەی رووبار، شەقامە راستەوخۆکان کە داپۆشراون بە داری تەمەر هیندی لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی فەڕانسەدا، وێنەی هیچ کامیانم نیە. وێنەی ماڵەوەشمانم نیە، ئەو هۆدانەی دەتوت پۆلی قووتابخانەنو ئەو لامپانەی لە لامپی سەر شەقام

دەچوون کە شۆقێکی تاریکیان هەبوو. سەر قاپی چراکان ئاسن‌و ڕەنگیان سەوز بوو. من هیچ وێنەو وێنایەکم لەوان نیە، لەو شوێنە دوورلە خەیاڵو کاتیانەدا، بە گشت ناحەزییەکانیەوەو بە گوومانی خۆپاراستن لە نیشتەجێبوون لەو شوێنانەی دایکم لێیان حەساوەتەوە و بە قسەی خۆی، چاوەڕوانیان بووە هەتا لە جێگەیەك، دیارە لە فەڕانسە، جێگربێ، لەو ناوچەو هەرێمانەی هەموو تەمەنی وێردی سەر زمانی بوون، بە سرنج دان بە خووو خدەو، تەمەن‌و نەهامەتیانەی بە سەری هاتبوون، دەکرا هەست بکەی ئەم ناوچەیە دەبێ جێگەیەك بێ لە نێوان ***پادوکا*** لە نێوان دوو بەحرا. زۆر دواتر کاتێك بۆ هەمیشە خانەنشین دەکرێ، کاتێ لە ***ئالوار*** نیشتەجێ دەبێ، هۆدەکەی سەر سوورهێنەرانە لەو هۆدەیە دەچوو کە لە سادك هەیبوو، دیارە خۆی لە بیری کردوە.

ئەو وێنەی شوێنانی نەدەگرت، وێنەی هیچ دیمەنێکیشی نەدەگرت، تەنیا وێنەی ئێمە منداڵەکانی نەبێ. زۆرتریش ڕایدەسپاردین وێنەی پێکەوە بگرین، چونکە هەرزانتر تەواو دەبوو. چەندانە وێنەشمان بوون کە دۆستانی دایکم‌و ئەو هاوکارانەی تازە هاتبوونە کۆلۆنی، گرت بوویانن. ئەوان فرەتر وێنەی ناوچەکانی هێلی یەکسانیان دەگرت، وێنەی دارەکانی نارگیل‌و قەرەچییەکانی هیندو چین، پاشانیش بۆ بنەماڵەکانیان دەناردنەوە.

دایکم حەزی بەوە دەکرد لە کاتی بێ کاریدا وێنەی منداڵەکانی پیشانی خزمەکانی بدا. ئێمە ئەوەندە حەزمان بە بینینی ئەو خزمانە نەدەکرد. براکانم

ئەوانیان نەدەناسی. لە سەرەتاوە کە گچکە بووم منیشی بە زۆری دەبردە لایان. پاشانیش نەمدینەوە، باسی پوورەکانمە، چونکە ئەوان هەڵسو کەوتەی منیان پیێ مایەی ڕیسوایی بوو، ئامادە نەبوون ئیزن بدەن کچەکانیان هاتوچۆی من بکەن. کەواتە دایکم چارەیەکی نەبوو جیا لەوەی وێنەی ئێمەیان نیشان بدا. هەر بۆیە نیشانیان دەدا. هۆو پاساوانیش دێنێتەوە، وێنەکان پێشان خالۆزاکان دەدا بۆ ئەوەی بزانن ئەویش مندالّی هەن. ئەمەش بە پێویست دەزانیێ. واش دەکا. لە بنەماڵەو تایفە هەر ئەمانەی بۆ ماونەتەوە، بۆیە وێنەکانیان نیشان دەدا. لەم جۆرە بوونە تۆ بلێی هیچ لەم ژنە دەست بکەویێ؟لە خووو هەڵسوکەوتی، ئەوەکە حەز دەکا گشت شتێکی هەتا ئاخرەکەی درێژە دەدا، بیێ ئەوەی بزانیێ ڕۆژێکی جێیان دێڵیێ، لێرە بە جێیان دێڵیێ، ئەوانە، ئەم پوورانە، ئازارو ڕەنجو بەدبەختی. بەڵام لە سەر ئەو بڕوایەم. ئەم جۆرە بوێریانەی، ئەگەر چی ناماقووڵن، گەورەییەکی بەهێزیان تێدایە.

کە دەگاتە تەمەنی پیری، بە قژی سپیەوە، دەچێتە لای وێنەگر هەتا وێنەی خۆی بگریێ، بە تەنیا چووە، بەو کراسە جوانەیەوە کە سووری تێرە، دوو پارچە زێڕیش لە خۆ داوە، گەردن بەندێكو قژگیرێکی زێڕ کە نەقیمەی لە سەرە. دایکم لە وێنەکەدا سەرو قژی ئارایش کراوی هەیە، چینو چروکی ڕوخساری دیار نین. وێنەیەکە کە دەمو چاوێکی چاك کراوەوە، خەڵکە دەوڵەمەندەکەی وێندەرێش دەچوونە لای وێنەگر، بەڵام تەنیا یەك جار، ئەویش ئەو کاتانەی هەستیان بە بوونی مەرگ دەکرد. وێنەکان گەورە و، بەقەدەر یەکتری بوون کە

لە قالبی جوانی ئاوەزێڕ کراودا بوونو لە نوێژخانەکانی بابو باپیرانیان دا هەڵواسراو بوون. وێنەی گشتیان یەك جۆر بوو، گەلێ وێنەم دیتوون، لێك چوونی وێنەکان لە خاوەنەکانیان خەیاڵی بوو و ئەمە، نەك تەنیا بە هۆی لێك چوون لە پیری دا، بەڵکوو هاوکات هۆی دەستکاری کردنی ڕوخسارەکانی نێو وێنەکان بوو. ئەگەر چرچو لۆچەکانی ڕوخساریان لە وێنەکانیادا مابان، جیاوازییەکە ئەوەندە نەبوو هەست بکرێ. دەتوت گشت ئەم وێنە لێکچوانە ئەبەدی بوونیان پێ بەخشرابوو، روخساری دەستکاری کراو بە یەکسانی، بە لاو کراو. داخوازی خاوەن وێنەکانیش هەر ئەمە بووە. ئەو لێك چوونە_یان با باشتر بڵێم ئەم داپۆشینە_بەرگێك بوو دەبەر یادەوەرییەك دەکرا کە ئەندامانی بنەماڵە بۆ یەکتریان بە جێدەهێشت، هەروەها دەتوت شاهیدێك بوو لە یادەوەری کۆدا لە لێبراوی یادەوەری دا. لێك چوونی ئینسانەکانی نێو وێنەکان، هێمای پێوەندییەکی قووڵی ڕەگەزی بنەماڵەیی بوو. لە وێنەکان دا پیاوەکان پێچی وەك یەکیان لەسەر بوو، ژنەکان دەمو چاویان وێك دەچوو، قژیان لە پشتەوە کۆکردبووەوە، کراسەکانیشیان وەك هی پیاوەکان ئێخەڕاست بوون. گشتیان وێك دەچوون، بەڵام من لێکم جیا دەکردنەوە، دایکم بەم کراسە سوورەیەوە لەم وێنەیەدا لەوان دەچێ. بە قسەی هێندێکان دایکم لە ئەشرافییەکان دەچوو، هی واش هەیە دەڵێ دایکم دڵ مردووییە.

ئەوان هەرگیز دەگەڵ یەکتری نادوێن، ئاشکرایە پیاوە چینییەکە لە بەرامبەر باوکی دا توانای نیە باسی ژن خواستن بکا. باوکیشی دڵی بۆ

ناسووتێ، دڵی بۆ هیچ کەس ناسووتێ. لە نێو خێڵی چینییە کۆچ کردوەکان کە لە ئیدارە نێودەوڵەتیەکاندا کار دەکەن دانەیەکیان. ئەوەی لە"بلوو"یە لەوانی تر وەحشەتناکترە، گەلێکیش دەوڵەمەندە. زەوی یەکانی تەنیا بە ناوچەی سادك کۆتایی نایە، لە شۆلێن، ئەو شارە گەورەیەی سەر بە هیندوچینەو لە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسەدایە ملکی هەیە. پیاوە چینییەکە دەزانێ هەر بڕیارێکی لە لایەن باوکیەوە، بۆ ئەویش وەك عەولادی، پێویستە بەرێوە بچیۆ ئەویش سەرپێچی لێ بکا. بە شێوەیەکی نادیار بەم ئاکامە گەیشتووە کە ڕۆشتنی ژنەکە، جیابوونەوە لێی، کۆتایی خۆشیو بەسەرهاتی هاوبەشیانە، هەروها ئەم ژنە ئەو کەسە نیە شیاوی ژیانی هاوسەری بێ، هەر بۆیە واباشترە وازی لێبێنێ، لە بیری بکاو بی سپێرێتە دەستی سپی پێستەکان، دەستی براکانی.

لەو کاتەوە پیاوەکە خولیای بوو بوو، کچەکەش خەفەتی بەوە نەدەخوارد ئەندامی گزو لاوازە، تەنانەت دایکیشی بە پێچەوانەی جاران، لەم بارەوە نیگەران نەبوو، ئەویش وەك کچەکەی بەم ئاکامە گەیشتبوو ئەندامێکی وا جێگەی پەسندەو، وەك هەر ئەندامێکی تر داواکاری خۆی هەن. ئەو، ئەو پیاوە شۆلێنییە دەزانێ کچە سپی پێستەکە بە گەرمای توندی ناوچەکە وا زوو هەڵی داوە. خۆشی لێرە لە دایك بووە. و لەم گەرمایەدا گەورەبووە، لەم بارەیەوە تایبەت مەندی هاوبەشیان هەن، بڕوای وایە کە کچە لاوەکە چونکە دەمێك ساڵە لێرە، لەم ئاوو هەوا تاقەت پڕوکێنە دا ژیاوە، دەبێ سەر بەم ئاوو

خاکەی هیندو چین بژمێردرێ. مەچەکە ناسكو جوانەکانی لە هی خەڵکی ئیرە دەچن. هەمان قژی، قژی تەنکی دەڵێی گشت هێزیان لە خۆیان دایە، قژە درێژەکانی لە قژی وان دەچێ، بە تایبەتی پێستی، گشت پێستی لەشی باران شۆردویەتیەوە. لێرە ناهێڵن ئاوی باران بە فیڕۆ بڕواو بۆ شوشتنی ژنو منداڵ کەڵکی لێ وەردەگرن. پیاوە چینی یەکە دەڵێ:ژنە فەڕانسەویەکان لە چاو ژنەکانی ئیرە پێستیان تووندو تورتە. پاشان دەڵێ:خۆراکی سادەی ناوچەی گەرمێن ماسیو میوەیە کە کاریگەری خۆیان هەیە، هەروەها پارچەی بەنو ئاوریشمیش کاریگەریان هەیە، بەرگەکانیان ئاوریشمو بەنو فراوانیش درواون کە پێیانەوە نانووسێنو لەشو لاریان تێیاندا سەربەستو رووتە.

شەیدای شولێنی ئەفسوونی بالغ بوونی کچە سپی پێستەکەیە، نغرۆی ئەم بالغ بوونەیە، بوونی کچەکە شەوانو ژیانی پڕ دەکاتەوە. دەگەڵیشی نادوێ، لەوانەیە پێی وابووە ئەگەر شتێکیش بدرکێنێ کچەکە تێ ناگا. بۆ وێنە سەبارەت بە ئەوین، ئەوینێك بۆخۆشی نەناسراوەو، هەنووکەش نازانی چی لە هەمبەریەوە بێژی. لەوانەیە هەستی کردبێ هەتا ئێستاش لەم بارەوە نەدواون، جیا لەو کاتانەی ناوی یەکتری لە شەوان دا بە ئاواز دەچرپێنن. بەڵێ دەمزانی، ئەو ئەمەی نەدەزانیو هەنووکە هەستی کردوە ئەمەی نەزانیوە.

پیاوەکە سەیری دەکا، بە چاوانی لێك نراوەوە. بۆن بە دەمو چاویەوە دەکاو هەناسەی گەرم هەڵدەمژێ. جیاکردنەوەی سنووری ئەندامەکانی لەشی بۆ دژوار و دژوارتر دەبێ، ئەمەیان دەگەڵ ئەوانی تر جیاوازە، سنوورەکەی دیاریکراو

نیە، کاتێ لە هۆدەکەن بەرجستە دەبێ، زەقییەکان شکڵێکی دیاریکراویان نیە، هەر ساتێك لە گۆڕان دان. ئیتر ئەو شتە نیە کە لەبەر چاوانی ئەوە، لە گشت شوێنێ هەیە، باڵ بە سەر هەتا ئەو پەڕی ئاسۆدا دەکێشێ، هەتا شوێنە دوورەکانی ژیان، هەتا مەرگ. نەرمو چالاك، بالغ، لێواو لێو لە خۆشی، بێ خەوش، هوشیار.

سرنجم لای ئەو هەڵسوکەوتە بوو بەرامبەرم دەینواند، پێم وانەبوو کەس ئەوەندەی ئەو بە شتێ خۆشی بکەوێتە دڵیەوە، ئەوەندەی ئەو دەگەشایەوەو شاد دەبوو، بەو شێوەیەی. . . بەدەر لە تێگەیشتنی من بوو، لە جەرگەی خۆشی دا. دەتوت بوومەتە منداڵی ئەوی ئەویش بۆ من ببووە کەسێکی تر. لە پشت ئەو شتەی ئەو بوو، وردە وردە خووم بە ناسکیە لە وتن نەهاتووەکەی دەگرت. دەتوت تارمایی پیاوێکی تر هاتبووە هۆدەکەوە، تارمایی لاوێکی ئینسان کوژ، منیش بە چاکی نەمدەزانی کێیە، هیچی هەست پێکراوم نەدەهاتە بەر چاوان، لەوانەیە تارماییەکە هی ئەو ڕاوچیە لاوە بوو بێ ڕێگەی کەوتبووە ئەم هۆدەیەوە، من ئەو تارماییەم دەناسی، وەختو ناوەخت لە ماوەی ئەو ساتانەدا دیبووم. ئەم شتانەشم بەوی، بە شەیدای شۆلێنی وتبوو، باسی جەستەیشم بۆ کردبوو، باسی جوانیو ناسکی لە ڕادەبەدەریم بۆ کردبوو، باسی بوێریەکەی لە دارستان دا، لە ڕووبارەکانو بەستێنی پلەنگە ڕەشەکان دا بۆ کردبوو. هەموو شتێ بە ئارەزوو مەیلی وی بوو. کەواتە لە ئامێزی دەگرتم، شەوانە ببوومە منداڵی. جاری واش بوو تووشی ترس دەبوو، لە ناکاو نیگرانی

تەندروستی کچۆڵەکە دەبوو. دەتوت هەستی کردوە کچەکە دەمرێ، دەتوت بە بیری داهاتووە کچەکە لە کیست دەچێ. لاوازی لە ڕادەبەدەری کچەکە دەبووە هۆی ترسو دڵەڕاوکێی پیاوەکە، ترس دایدەگرت. سەرهێشە، کچەکەی، بە ڕەنگێکی شین هەڵاتووو جەستەی بێ جووڵەو قەراخ چاوی تەڕبوو، هەتا سەرەمەرگ دەبا. پاشانیش بێزاری کاتو بێ کاتی لە ژیان. هەر کاتێکیش تووشی ئەم دۆخە دەبێ دەکەوێتە بیری دایکیو هەموو جارێکیش هاوار دەکا، هاوارێك لە تووڕەییان. چونکە دەزانێ ناتوانێ ئاڵوگۆڕێك پێك بێنێو پێش لە مەرگی، دایکێکی بەختەوەر بێو هۆی ئەم گشتە نەهامەتیانە ڕامالێ. پیاوەکە دەمو چاوی بە روخساری کچەکەوە نووساندوە، ئەسرینەکانی دەسڕێتەوە. . . شێتی فرمێسك و تووڕەیی کچەکە بووە.

دەڵێی بۆتە منداڵی وی. لەوانەیە منداڵەکەشی ئاوا لە ئامێز دەگرێ. . . و سەیری چاوەکانی دەکا. هەمدیسان خۆی دەداتە دەستی دنیای چەند سات لەمەوبەر، بێ ئەوەی بدوێ. پیاوەکە دەگوڕێنێو داوای لێدەکات ئارام بێ. هاوار دەکا. مەیلی نیە. دڵە خورپە نامێنێ هەردووکیان شەڵاڵی فرمێسکو نائومێدی و دوبارە نغرۆی دڵەخورپەن.

شەو هەتا بەیانی لە بێ دەنگی دا بە سەر دەبەن. لە گەڕانەوەیاندا بۆ بەشی نێەخۆیی کچەکە لە نێو ماشێنە ڕەشەکە دا سەر وە شانی پیاوەکە دەکا، لای یەکن دەیوت بریا کەشتی فەرانسە هەنووکە دەگەیشتە ئێرەو ئەوی، کچەکەی، دەگەڵ خۆی دەبردو لێکی دادەبڕین.

لە ڕێگەدا بێ دەنگین. داوای لە لێخوڕەکە دەکرد بە ڕێگەکەدا بسووڕێتەوەو، بە قەراخ رووباردا بڕوا. کچەکە لە توانا و هێز کەوەتووەو پاڵی وە پیاوەکە داوەو، خەو بردویەتیەوە، پیاوەکە خەبەری دەکاتەوە.

رووناکی نێو بەشی نێو خۆییەکە شینە. بۆنی کۆندۆر دێ کە ئێوارانە دەیسووتێنین. هەوا گەرمو تاقەت پروکێنە، پەنجەرەکان کراونەوە، شنە بایەکیش نایەت. پێڵاوەکانم بە بێ دەنگی دادەکەنم، بەڵام ئەرخەیانم، چونکە دەزانم خەوی مراقیبەکە قورسە و ئیزنیشم پێ دراوە شەوانە کەی پێم خۆش بوو بگەڕێمەوە. ڕاستەوخۆ دەچمە لای هـ. ل. لە کوێیە، نیگەرانم لەوەی بە ڕۆژ ڕایکردبێ. هـ. ل. لێرەیە، خەوی قوورسە، خەوێکی تاڵم دێنێتەوە یاد، خەوێکی تێکەڵ بە تووڕەیی‌و سەرپێچی. قۆڵە رووتەکانی خستوونە ژێر سەری، ئەندامی خەوتووی ئارامی جەستەی کچەکانی تری نیە، ئەژنۆکانی نووشتاونەوە دەموچاوی دیار نیەو سەرینەکەی لە ژێر سەری خزاوە. دیارە چاوەڕێ بووەو، هەروا بە چاوەڕوانیەوە خەوی لێکەوەتووە. بە بێ سەبری‌و بە تووڕەییەوە. لەوانەیە گریابێش، پاشان چۆتە خەوەوە. حەز دەکەم خەبەری بکەمەوەو بە دەنگێکی نەوی قسان بکەین. ئیتر قسە دەگەڵ پیاوە شولێنییەکە ناکەم، ئەویش قسەم دەگەڵ ناکا. حەز دەکەم هـ. ل. پرسیارم لێ بکا. بە پێچەوانەی ئەوانەی گوێ ناگرن، ئەو بە وردی گوێ بۆ قسەکانم دەگرێ‌و لەم بارەوە بێ هاوتایە. پێم ڕەوا نیە لە خەوی هەڵستێنم. ئەگەر بێتو هـ. ل. لەم نیوە شەوەدا خەبەر بکەمەوە، ئەویش بەم جۆرە خەوەی دەزڕێ.

ئەگەر خەبەری بێتەوە هەوای ڕۆیشتن لە سەری دەداو دەڕوا. دەچێتە خوارێ، دەچێتە ڕاڕەوەکان، بە حەوشی گچکەکەو پاشانیش بە حوشی سەرەکی دا دەڕوا، ڕادەکا، بانگم دەکا. هـ. ل. مرۆڤێکی بەختەوەرە، حاشا لەمە ناکرێ. ئەگەر پێش لە گەڕانیشی بگیرێ چ نالێ، هەر ئەمەی گەرەکە. دوو دڵم، بەڵام نا، هەڵیناستێنم، لە ژێر تۆڕی مێشیشەوە گەرما هەڵت دەپڕەکێنێ ئەگەر تۆڕەکە داخەم ئەوە خراپتر. دیارە هۆکەی ئەوەیە تازە لە دەرەوە هاتوومە ژووری، لە کەناری رووبارەوە ئەو جێگەی شەوانە فێنکە. ڕاهاتووم. لە جێگەی خۆم ناجوولێم، چاوەڕوانم رابرێو، رادەبرێ. هەرگیز زوو خەوم لێ ناکەوێ، ئەویش ئێستا بەم ماندویەتیانەی تازەی ژیانم. لە بیری پیاوە شولێنی یەکە دام. هەنووکە دەبێ لە یەکێك لە کازینۆکانی شەوانەی دەوروبەری لاسۆرس بێ، دەگەڵ لێخوڕەکەی. لەوانەیە هەردووکیان لە بێ دەنگی دا دەخۆنەوە، ئەگەر بە یەکەوە بن داوای ئارەقی برینج دەکەن. لەوانەشە چووبێتەوە ماڵێو بێ ئەوەی دەگەڵ کەس دوابێ، وەك هەردەم لە بن ڕووناکی چراکەدا خەوتبێ. ئیتر ئەمشۆ تاقەتم نیە بیری لێ بکەمەوە. تاقەتم نیە بیر لە هـ. ل. بکەمەوە. وا هەست دەکەم ژیانی ئەم دووانە خێرو بێری تێدابێ، خێرو بێرێکی کە لە دەرەوەی بوونی وان دایە، بەڵام من لەم شتانە بێ بەریم. وەك دایکم دەڵێ:ئەمەیان، ئەم کچە دڵی بە هیچ خۆش نیە، وەك دەڵێ، ژیان ڕووی ڕاستەقینەی بۆ وەدەر دەخا. پێم وایە دەبێ ئەم قسانە بۆ خۆم دووبارە بکەمەوە، بێژم حەزێکی نادیارم بۆ مردن هەیە. لەمە بەدوا ئەم وشەیە لە خۆم

بە بێگانە دانانێم، حەزێکی نادیارم بە تەنیایی هەیە، لە هەمان کاتدا دەزانم، لەو کاتەوە منداڵیم جێ هێشتو، پاش جێ هێشتنی بنەماڵە فیلّبازەکەم، تەنیا نیم. نووسینی کتێبەکە بەم زوانە دەست پێ دەکەم. ئەوەی بۆ دوارِۆژم بەدی دەکەم هەر ئەمەیە، لە بیابانێکی بێ کۆتایی دا کە لە هەر شوێنێکییەوە پانتایی ژیانمی لێ ئاشکرا دەبێ.

رستەکانی ئەو تێلێگرافەی لە سایگۆنەوە بۆم هاتبوو لە بیرم نیە، لە یادم نیەو وتبوویان برا چکۆڵەکەم مردووە. یان ئەوە کە:خودای لێ خۆش بووە:هەتا ئەو جێگایەی لە بیرمە ئەم رِستەیە"***خودای لێ خۆشبووە*** "بوو. لێم ڕوونە دایکم نەیدەتوانی تێلێگرافێکی وا بنێرێ. برا چکۆڵە خودا لێ خۆش بوو. لە سەرەتا دا هەواڵەکەم بۆ ڕوون نەبوو، پاشان بە جارێکی هەموو گیانم بوو بە دەردو ئازار. بەر چاوانم تاریك بوو. بیرو هۆشم نەما ژیانم بوو بە ئازار. نەم دەزانی چ ئازارێك بوو. هۆکەی ئەو کۆرپەڵەیە بوو چەند مانگ لەمەو بەر لە بارم چوو بوو، یان ئازارێکی نوێ بوو، نازانم. بەڵام بۆ چی ئێستا دەزانم ئامرازێکی نوێ بوو، منداڵەکە بە مردوویی لە دایك بوو بوو، نەشمبینی. پێشتر تەمای خۆکوشتنم نەبوو، بەڵام ئەم جارە ئەم تەمایەم هەبوو.

هەڵەمان کردبوو. ئەو هەڵەیەی ئێمە کردبوومان لە گشت شوێنێ دەنگی دابووەوەو ڕیسوایی گەیشتبووە پلەیەکی خواوەندی. برا چکۆڵەکەم مرۆڤێکی بە تواناو خۆڕاگر بوو کە ئێمە لێی بێ ئاگا بووین. توانای وی تا ئەو کاتەی ژیا لە رووحو گیان دا بووو ئێمە بێ ئاگا بووین لەوەی ئەو توانایيە

هێلانەی لە جەستەی داکردبوو و، جەستەکەشی مەرگ رفاندبووی، تواناکەش دەگەڵی مردبوو. پاشان ڕۆژو ڕۆژگارمان ئاوا بە سەر چوو، بێ ئەو، بێ ئەو جەستە بە مراد گەیشتووە. بێ مراد. ئێمەش تووشی ئەم هەڵەیە بوو بووین، هەڵەکە بە گوێی گشت کەس گەیشتبوو، ڕیسوایی بوو.

پاش ئەوەی برا چکۆڵە مرد، دەتوت مەقەدەر ئەوە بوو هەموو شتێ پاش ئەو بمرێ. پاش وی، مەرگ بە دوای مەرگ دا، مەرگی وی، مەرگی کۆرپەکە.

لەشی بێ گیانی کۆرپەکە، ئەو لەشەی بەرامبەر ئەم گشتە ڕووداوە کە خۆی هۆکاریان بوو هیچ هەستێکی نەبوو. لە ماوەی بیستو حەت ساڵ ژیان، توانایەکی لە خۆیدا پاراستبوو کە خۆی هیچی لەبارەیەوە نەدەزانی.

هیچ کەس زیرەکی منی نەبوو وا شتەکان ببینێ، لەو کاتەشەوە گەیشتمە ناسینێکی سادەی‌وا، هەستم کرد ئەندامی برا چکۆڵەکەم، جستەی خۆمە، ئیتر دەبوو مل بۆ مردن بدەم. مردبووشم. برا چکۆڵەکەم منی کردبووە هاوتای خۆی، لە نێو خۆیدا تواندبوومیەوەو، منیش مردبووم.

ئەم بابەتە دەبێ خەڵکی تریش لێیەوە ئاگادار بن، دەبێ لە خەڵك بگەیەندرێ نەمەریش دەمرێ، هەر وا بووەو هەر واش دەبێ. نەمریش هەرگیز لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا خۆنیشان نادا، ئەمە ڕاست نیە، نەمەری بوونی لە گشت دا ونە، نەوەك لە دابەشبووندا. هێندێك دەتوانن نەمری لە هەنووکە دا بگۆنجێنن، بەو مەرجەی ئاگایان لەمە نەبێ، هێندێکی تر دەتوانن هەنووکە لای کەسانی تر ئاشکرا بکەن، دوبارە بەو مەرجەی ئاگایان لە توانای

خۆیان نەبێ. هەتا ئەو کاتەی نەمری هەیە، هەتا ئەو کاتەی هێمای ژیانی تێدا بێ، ژیان بەردەوامە. مەقوولەی نەمری، بابەتێکی زەمەنی نیە، یان کەمو زۆر وانیە. لە ڕاستی دا بابەتی نەمری لە گۆڕێدا نیە، شتێکی تر لە ئارادایە، ئەو شتەی هەردەم بە نادیاری دەمێنێتەوەو هەڵەیە بڵێین نەمری شتێکی بێ سەرەتاو بێ کۆتاییە، سەرەتا وکۆتایی نەمری پێوەندی بەو ساتەوە هەیە تێدایە، نەمری تێکەڵی روح دەبێ. نەمری دوای بیهودە کەوتنە. لمی بیابان بێننە بەر چاوتان، یان لەشی بێ گیانی منداڵ کەواتە نەمری توانای نیە بە سەر ئەم شتانەدا زاڵبێ، هەربۆیە، خول دەخواتەوە.

برا چکۆڵەکەم سەرچاوەی نەمری ڕەها بوو، پاك، بە دوور لە خەیاڵاوی بوون، پاكو خاوێن. برا چکۆڵەکەم لەو چۆڵەوانیە ناڵەو سکاڵای نەبوو، نە لە ماڵێ نە لە دەرەوە. هیچ لە ئەدەبو دابو نەریتەوە فێر نەبوو بوو. هەرگیز نەیتوانی هیچ فێر بێ. قسە کردنی نەدەزانی، بە زەحمەت دەینووسی، بە زەحمەتیش دەیخوێندەوە. جاری وا بوو پێم وابوو هیچ تێگەیشتنێکی لە ئازاریش نیە. مرۆڤێکی تێگەیشتوو نەبوو، تەنیا دەترسا.

خولیای شێتانەم بۆی وەك نەهێنیەکی نەدرکاو مابووەوە. نازانم بۆچی ئەوەندە خولیای بوومو حەزم دەکرد پاش مردنی منیش دەمردم. لە کاتی ڕووداني ئەم ڕووداوەدا دە ساڵێك دەبوو لێی دوور بووم. لەو ماوەیەدا زۆر بە کەمی دەهاتەوە بیرم. خۆشم دەویستو هەردەم خۆشم دەوێ. هیچی نوێ

جێگەی ئەم خۆشەویستییەی بۆ پڕ نەدەکردمەوە. پاشان مردنیشم لە بیر چووەوە.

زۆر بە کەمی قسەمان دەگەڵ یەکتری دەکرد. باسی برا گەورەکەشمان نەدەکرد، باسی چارە ڕەشی دایک، دەشتو دەریشمان نەدەکرد. زۆرتر باسی ڕاومان دەکرد، باسی تفەنگو ماشێن. ماشێنی خراپو قۆڕازە تورەی دەکرد. باسی ماشێنی جۆراو جۆری بۆ دەکردم. دوایی باسی دەکرد دەبێتە خاوەنی چ ماشێنێك. ناوی گشت تفەنگەکانی ڕاو و، ماشێنەکان فێر بوو بوو. باسی ونجڕ ونجڕ بوونی بە دەستی بەورەکانیشمان دەکردو هەروەها ئەگەر کەمتەرخەمی بکەینو، ئاگامان لە خۆمان نەبێ لە نزیکی بەردەکانی ڕووباردا مەلە بکەین بریندار دەبین، ئەو دوو ساڵ لە برا گەورەکەم چکۆڵەتر بوو.

"با"هێور بووەتەوە، ژێر دارەکان لە ڕووناکییەکی بێ وێنە دا نووقمە. هەنووکە باران دەبارێ، باڵندەکان، ئەو لە دنیا بێ خەبەرانە، بە تاسەوە لە هەوای ساردا دنوکیان کردۆتەوەو دەخوێننو سەما دەکەون. ئەو چریکەیەی لە دنووکی کراوەیان دێتە دەر گوێیان پڕ دەکا.

پاپۆڕە گەورە تیجارییەکان بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕووباری مێکۆنگ ئاوەکەیان دەبڕیو پاشان بە مۆتۆڕی کوژاوەوە، پاشان پاپۆڕ کێشەکان هەتا دامەزراوەکانی بەندەری نزیك ئیسکلەکانی مێکۆنگ کە کەوتوونەتە سایگۆنی سەرو ڕایاندەکێشان. ئەم دەروازەی کراوەی مێکۆنگ ناوی رووبارە، ڕووباری سایگۆن. پاپۆڕەکە هەشت ڕۆژان لەنگەری گرت. بە هاتنی پاپۆڕکان بۆ

وێندەرێ دەستت وە فەڕانسە ڕادەگەیشت، دەتوانی بچیتە نێو پاپۆڕەکان خوانی شەوت خواردبا، سەمات کردبا، بۆ دایکە بەو وەزعەی هەیبوو بە گران تەواو دەبوو، خۆی وتەنی ئەوەندەی نەدێنا. ئەگەر چی دەگەڵ وی دەگەڵ ئاشقە شۆلێنی یەکە، دەکرا بچینە وێ، بەڵام نەدەهاتە وێ، لەوەکە دەگەڵ کچە سپی پێستێکی تازە لاودا لە وێندەرێ ببینرێ ترسی هەبوو. پیاوە شولێنییەکە هیچی نەوتبوو، بەڵام شۆڕە کچەکە ئەمەی دەزانی. ئەو سەردەمە، کە ئێستاش ئەوەندە کۆن نەبووە، بە زەحمەت پەنجا ساڵێك دەبێ، تەنیا پاپۆڕەکان، دەیانتوانی بچن بۆ هەر شوێنێکی دنیایە پێیان خۆش بێ. لە دابەشکردنی گەورەی قاڕەکاندا شتێك بە ناوی جادە نەبوو، ڕێگەی ئاسنیش ئەوە هەر هیچ. لەم دابەش کردنانەدا لە ماوەی هەزاران هەزار کیلۆمیتری دا نە باسی جادە هەبوو نە ڕێگەی ئاسن ئەوەی هەبوو پێوەندی بە سەردەمی پێش مێژووەوە هەبوو. پاپۆڕە زەبەلەحەکانی گواستنەوەی دەریایی، پاپۆڕەکانی قشوونی بەحری، *پورتوس، دارتانیا* و *ئارامیس* هاتوچۆی هیندو چینو فەڕانسەیان دەکرد.

ئەو سەفەرە بیستو چوار ڕۆژی خایاند. پاپۆڕە تیجارییەکان وەبازێرێك دەچوون گشت شتێکیان تێدا هەبوو، شوێنی خواردنو خواردنەوە، کتێبخانە، تالارو دیدارەکان، سۆزداریەتیو ژن هێنانو مردن. کۆمەڵگەیەك بوو بە هەڵکەوت کۆ بووبوونەوە، تەحەموول دەکرا لێی تێبگەی، لە بیریشی نەکەی، جاری وابوو ئەوەندە خۆش بوو لە بیر نەدەکرا. تەنیا وەسیلەی سەفەر بۆ ژنان

ئەم پاپۆڕانە بوون. مەبەستی زۆربەی ژنانو بەشێك لە پیاوانیش لە سەفەر کردن بۆ کۆلۆنییەکان کڕینو فرۆشتن بوو. دایکم ئەم سەفەرانەو هەروەها سەردەمی منداڵی ئێمەی پێ لە باشترین بیرەوەرییەکانی ژیانی بوون.

سەفەرەکان هەمان سەفەرە هەمیشەییەکان بوون، یەکەمین سەفەرەکان، لە ڕێگەی دەریاوە جێ هێشتنی خاك وردە ژانی بەدواوە بوو، بە هەمان ئەو نائۆمێدیە ناسراوەوە. بەڵام ئەم بابەتە هیچ کات پیاوانی، یەهودییەکانی، خاوەنەکانی ئەندێشەو دڵدارانی بە تەنیا ڕێگەی سەفەر = سەفەری دەریا= لە ڕۆشتنش نەدەگێڕاوە. ژنەکانیش هەرگیز پێشیان بە ڕۆشتنیان نەدەگرت، ئەو ژنانەی هەرگیز نەدەچوونە هیچ کوێ لەوێ دەمانەوەو پارێزەری زێدو مڵكو ماڵ بوون. هەروەها هۆی گەڕانەوەی مسافیرەکان بوون. لە ماوەی سەدەیەك بەدوای یەکەکاندا پاپۆڕەکان سەفەرەکانیان سەبرو لەسەرەخۆ بوونو گەلێ زیانبارتر لە سەفەرەکانی ڕۆژگاری ئێمە. ئەو ڕێگە دوور و درێژانە شتێکی سروشتی بوو زۆری پێدەچوو. ئیتر بەو جوڵانە لە سەرە خۆیەی دەریاو وشکانی کە بە خێرای هەنگاوی مرۆ تێپەڕ دەبوو ڕاهاتبووین، بە دواکەوتنەکان، چاوەڕوانی، باو گەردەلوول، شکانی پاپۆڕەکان، بە هەتاوو مەرگیش ڕاهاتبووین. ئەو پاپۆڕە جەنگیانەی کچە سپی پێستەکە هەتا ئەو کاتە دیبوونی، نوێترین ئامرازی هاتوچۆو گواستنەوە بوون. پاشان لە سەردەمی گەنجی وی دا یەکەمین هێڵە ئاسمانییەکان کرانەوەو وردە وردە سەفەرە دەریاییەکان لە کەمیان دا.

بێ پسانەوە هۆدەکەی شولێن و خۆشوشتن بە ئاوی گۆزەی گڵ.

بێ توانا، بێ بناغە. ئەگەر چی زۆری مابوو بۆ کاتی سەفەر. بەڵام کە بڕیاری ڕۆیشتن درا تواناو هێزی لە بەر بڕا. ئەمەش لە پڕو بێ ئەوەی خۆی هەست بکا هاتبووە بەرەوە. ئیتر ئەم جەستە بێ وەفایەی تەمای سەفەری بوو گەرەکی نەبوو. دیوت:ئیتر ناتوانم، پێم وا بوو کەدەتوانم، بەڵام ئیتر ناتوانم. بزەیەکی دڵسۆزانەی وەك داوی لێبوردن لە سەر لێوان بوو. دیوت ئەم شتانە هەرگیز لە ژیانیدا دوبارە نابنەوە. بە تاسەوە کە پرسیارم لێ دەکرد، بزەی دەهاتی و دەیوت:نازانم لەم ساتەدا لەوانەیە. سۆزو خۆشەویستییەکەی تێکەڵ بە ئازار بووو، باسی ئەم ئازارەشی نەدەکرد. هەرگیز تەنانەت وشەیەکیشی لە بارەیەوە نەدرکاند. جاری وابوو روخساری دەلەرزی، چاوانی لە سەر یەك دادەناو ددانی لێك توند دەکردن، دیارە لە بەر ئەو وێنایانەی لە پشت چاوە لێکنراوەکانیەوە بەدی دەکردن گشت ساتێك بێ دەنگ بوو. دەکرێ بڵێین خوازیاری ئازارێك لەم بارەیەوە بوو، کە حەزی پێ دەکرد. وەك چۆن حەزی بە من دەکرد، زۆریش، لەوانەیە هەتا سنووری مەرگ. پاشانیش مەرگی لە من لا گرنگتر بوو. جاری وابوو دەیوت هۆی ئەوەی کە من دەلاوێنێتەوە حەزی لە ڕادەبەریەتی بۆ من. دیوت لەو پەڕی شادی و دڵخۆشی دایە پێی خۆشە سەیرم بکا. واشی دەکرد، سەیری دەکردمو، ناومی وەك ئەوەی منداڵ بم دێنایە سەر زمان. قەرارمان بوو چی تر یەکتر نەبینینەوە. ئەمەش ئیمکانی نەبوو. گشت

ڕۆژێ کە ئێوارە دادەهات لە بەردەم قووتابخانە دەمدی، لە نێو ماشێنە ڕەشەکەدا، بە سەرێکی شۆڕ بووەوە لە بەر شەرمان.

کاتی سەفەر، بە سێ جار هۆڕنی پاپۆڕەکە گەیشت. هۆڕنێکی بەردەوامو گوێ کەڕکەر کە لە شاردا دەنگی دەدایەوە. ئاسمانی لای بەندەر ڕەش بوو. سەرئەنجام پاپۆڕکێشەکان لە پاپۆڕەکە نزیك بوونەوەو پاپۆڕەکەیان هەتا پانایی نێوەندی ڕووبار ڕاکێشا. پاشان گوریسی پاپۆڕکێشەکانیان کۆکردەوەو پاپۆڕکێشەکان گەڕانەوە بەندەر. پاشان پاپۆڕەکە بۆ دواجار هۆڕنیماڵئاوایی ژەنی، هەمدیس هەمان دەنگ کە غەمێکی نەهێنی هەبوو، نەك مسافیرەکانو ئەوانەی لێك جیا دەبوونەوە بەڵکوو ئەوانەی بۆ سەیر کردنیش هاتبوون دڵتەنگی دەکردن. ئەوانەی بێ هۆ لەوێ بوون. ئەو کەسانەی کەسیان نەبوو سەفەر بکا هەتا خەیاڵو بیریان پەرێشان بێ. ئەمجارە پاپۆڕەکە بە گشت هێزیەوە ئارامو لە سەرەخۆ لە دڵی ڕووباردا وەڕێکەوت. پەیکەری زەبەلاحی پاپۆڕەکە کە بەرەو دەریا شۆڕدەبووەوە ماوەی چەندین کاژێر لە چاوان بزر نەدەبوو. خەڵکێکی زۆر لەوێ دەمانەوە تا سەیری پاپۆڕەکە بکەن هەتا بە جولانی لە سەر خۆیان بە دڵی تاسەوە دەسماڵەکەیان ڕادەوەشێنن، پاشان پاپۆڕ لە کەوانەی گۆی زەوی دا لە بەر چاوان بزر دەبوو.

کچەکەش کاتێ پاپۆڕەکە یەکەمین هۆڕنی لێدا، کاتێ پردۆکەکەی نێوان پاپۆڕو بەندەریان وەلانا، کاتێ پاپۆڕ کێشەکەنیان لە وشکانی دوور دەخستەوە، ئەو کووڵی گریانەی ئەوکی گرتبوو تەقی. دەگریا بێ ئەوەی فرمێسکی بێن،

چونکە خۆشەویستەکەی چینییە و بە دابی وان گریان لە دوی خۆشەویست باش نیە. کچەکە نغرۆی ئازار بوو و نەیدەهێشت دایكو برا چکۆڵەکەی هەستی بکەن. هیچی لە خۆ دەرنەخست دەتوت بەڵنیان وابووە.

ماشێنی پیاوە شولێنی یەکە لەوێ بوو، درێژو ڕەش و لە کورسی پێشەوە لێخوڕەکەی بە کراسێکی سپیەوە دەبینرا. ماشێنەکە لەولاتری شوێنی ڕاوەستانی ماشێنەکانی گواستنەوەی دیار بوو و، لەوانیش جیاواز بوو. هەر بۆیە کچەکەش جیای کردبووەوە. لە کورسی پشتەوە ئەو بارستایەی بە دژواری دەبینرا کە بێ جووڵە بوو و لە پێ کەوتبوو، خۆی بوو. کچەکە وەك یەکەمین جار کە لە کەشتی یەکەدا یەکتریان بینیبوو پاڵی وە قەراغێك دابوو. دەیزانی ئەو سەیری دەکا. کچەکەش سەیری دەکرد، نەیدەدی، بەڵام هەروا سەیری ماشێنە ڕەشەکەی دەکرد. پاشان ئیتر نەیدیەوە، بەندەر لە بەر چاوانی بزر بوو، هەروەها وشکانیش.

دەریای چین بووو دەریای سوورو دەیاری هیندو گەروی سوئیز. بەیانی کە لە خەو هەڵستاین کار لە کار ترازا بوو، پاپۆڕەکە لە کار کەوتبوو کە زانیمان. بەرەو خیزەڵانەکە دەچووین. بەڵام پێشتر دەبوو بە دەریایەك دا تێپەڕ بین لە گشت دەریایەکان گەورەتر بوو کە دەگەیشتە بەستووی باشوور. درێژترین ماوەی نێوان لەنگەرگەکان ماوەی نێوان سیلانوسۆمالی بوو. جاری وابوو کە دەریا ئارام بوو و هەوا سافو خۆش بوو پێدەچوو ئەم سەفەرە، سەفەری دەریا نیەو سەفەرێکی ترە. پاشان گشت دەلاقەو کونێك کە هەیبوو کرایەوەو

دەرگەکان ئاوالّا کران. مسافیرەکان کابینە گەرمەکانیان جیّ هێشتو هاتنە سەر سەکۆی پاپۆڕەکە لیّی پالّ کەوتن.

لە ماوەی یەکێك لەم سەفەرانەدا، کاتی تێپەڕین بەم دەریایەدا لە قوولاّیی شەودا نەفەرێك مردبوو. بەلاّم ژنەکە نەیدەزانی لە کام سەفەرە ئەمە روویدابوو. لە بەشی دەرەجەیەکی پاپۆڕدا خەلّك سەر قالّی یاری وەرەق بوون. لە نێویان دا لاوێك لە پڕ بیّ ئەوەی هیچ بلّیّ، وەرەقەکانی جیّ هێشتوونو لە سالّۆن وەدەرکەوتووە، بە پەلە سەحنەی پاپۆڕەکەی بڕیوەو پاشان خۆی خستۆتە دەریاوە، هەتا وەکو پاپۆڕەکە ڕاوەستاوە ئەویش بەو خێراییە زۆرەی، لاشەکە ون بووە.

بەلاّم، ژنەکە کاتی نووسین وێنایەکی پاپۆڕەکەی لە زەینا دا نیە، شوێنێکی تری لە زەینایە، ئەو جێگەیەی لە ڕووداوەکە ئاگادار بوو بووەوە، شوێنێك بە ناوی سادك. لاوەکە کوڕی یەکێك لە کاربەدەستانی سادك بوو. ژنەکە دەیناسی، ئەویش قووتابی قووتابخانەی سایگۆن بوو. باش لە یادیەتی، بالاّبەرز، ڕوخسارێکی گەلیّ ئارام، گەنمی بووو چاویلکەیەکی دەسك سەدەفی لە چاو دا بوو. هیچ نیشانەیەکی لە کابینەی پایۆڕەکەدا لە پاش جیّ نامێنیّ تەنانەت، نووسراوەیەکیش. تەمەنی لە یاد ماوە، حەڤدە سالّەو ترساو. پاپۆڕەکە لە کازیوەی بەیانی دا وەڕێکەوتۆتەوە ئەمەش لە گشت شتیّ ترسناك تر بووە. هەلاّتنی خۆر، دەریای بەتالّ و، بڕیاری واز هێنان لە گەڕانو پاشان مالئاوایی.

جارێکی ترو سەر لە نویّ ڕووداوی هەمان سەفەرو لە هەمان دەریاداو لە نیوەشەودا، ڕووداوێکی وەك ئەو، بەلاّم ئەمجارەیان لە تالاری گەورەی بەندەری

ئەسڵی روویدابوو، دەگەڵ هەوای ئاوازی والس لە شوپێن کە ژنەکە لێزانییەکی کەمی لێهەبووەو، لە هەمان کاتدا حەزیشی لێ بووە، چونکە ژنەکە ماوەی چەند مانگێك هەوڵی دابوو فێری بێ، بەڵام سەرکەوتنی وەدەست نەهێنابوو بە چاکی بی ژەنێ، پاشانیش هەر بەم هۆیەوە دایکی ئیزنی دابوو پیانۆ وەلانێ. ئەو شەوە شەوێکی لە یاد چوو بوو لە نێو زۆربەی شەوەکانی تردا. ئەمەشی لێ ڕوون بوو، بۆ شۆڕە کچێکی لاو کە ئەو شەوەی، شەوی ڕوودانی ڕووداوەکەی، لە پاپۆڕدا بە سەر بردبوو، ئەو شەوەی کە مۆسیقی شوپێن لە ژێر ئاسمانی درەوشاوەی پڕ ئەستێرە زایڵەی دەهات. شنەیەکی نەدەهاتو مۆسیقا لە گشت شوێنی پاپۆڕی ڕەشی زەبەلاح دا، دەنگی دەدایەوە، وەك هاوارێکی ئاسمان کە لە ماناکەی نەگەی، یان فرمانێکی ئەزەلی کە ئەقڵی مرۆ لە بەرامبەری دا دەستە وەستانە. کچەکە لە جێی خۆی هەڵستابوو، دەتووت ئامادەی خۆ کوشتنە دەتووت گەرەکیەتی خۆی بخاتە دەریاوە. پاشان کە بیری پیاوە شولێنی یەکە کەوتبووەوە گریا بوو. دڵنیا نەبوو لەوەی ئۆگری بەو خۆشەویستییەکی کاتی بووە، خۆشەویستیەك وەك ئاو کە بە سەر خاکی تینوو دا بە تێپەڕینی کات نەمابێ‌و هەنووکە لە شادی زایڵەی مۆسیقاکە پانایی دەریای داگرتووە دەڵێی وە دەستی هێناوەتەوە.

گەلێ دواتر نەمری برا چکۆڵەی، لە ڕووبەروو بوونەوە دەگەڵ مەرگ دا، ئەزموونی هەمان زایڵە بوو.

خەڵکەکەی دەوروبەری لە ئاوازی موسیقی دا، بێ وەی خەبەرببنەوە ئارامیان گرتبووو خوتبوون. کچەکە هەستی دەکرد لە دیداری ئارامترین شەوێکەوە هاتۆتەوە کە دەریای هیند هەرگیز وێنەی وای بە خۆیەوە نەدیبوو. دەهاتەوە یادی کە ئەمشۆ برا شۆڕە لاوەکەی دەگەڵ ژنێك هاتبوونە سەکۆی پاپۆڕەکە. براکەی پاڵی وە نەردەکان دابوو، ژنەکە لای بوو، لای یەکتری بوون. کچەکە خۆی حەشار دابوو هەتا باشتر ئەم دیمەنە ببینێ. ژنە لاوەکەی ناسیبووەوەو بڕیاری دابوو هەتا هەن بە یەکەوە بن. لە دوو هاوسەری مردوو دەچوون، پێدەچوو هاوسەرەکەی چ نەزانێ. لە دوایین ڕۆژەکانی سەفەردا، برا چکۆڵەکە هەموو رۆژێ لە کابینەی پاپۆڕەکە دا دەگەڵ ژنەکە دەمایەوە، تەنیا شەوانە دەهاتە دەرێ لە دوایین ڕۆژەکاندا وا سەیری دایكو خوشکەکەی دەکرد دەتوت نایان نناسێ. دایکە بووبووە گیانلەبەرێکی شوومو بێ دەنگو حەسوود. ئەویش، ئەو کچە، فرمێسکی هەڵدەوەراندن. شادبوو. پێی وابوو شادەو لە هەمان کاتدا نیگەرانی ئەوە بوو لەوەی دواتر لەوانە بوو تووشی برا چکۆڵە ببێ، بیری دەکردەوە برا چکۆڵەی جێیان دێڵیو دەگەڵ ژنەکە دەڕوا، بەڵام وا نەبوو دەگەڵ گەیشتنیان بۆ فەڕانسە چووبووەوە لایان.

هەنووکە ژنەکە نازانێ کە پیاوەکە دوای ڕۆیشتنی کچە سپی پێستەکە چەند فرمانی باوکی بە جێ گەیاندوەو، دەگەڵ ئەو کچەی دە ساڵ لەمەو بەر بنەماڵەیان بۆیان دیاری کردبوو ژیانی هاوسەری پێك هێنا یان نا. کچێك سەر تا پێی لە زێڕو ئەڵماس دا، چینی یەکی ڕەسەن، خەڵکی باکوور، خەڵکی شاری ***فوشوئن*** کە دەگەڵ بنەماڵەکەی هاتبووە شار.

گۆیا پیاوەکە هەتا ماوەیەکی زۆر بۆی دژوار بووە دەگەڵی بژیو، ئامادە نەبووە ژنەکەی بکاتە خاوەنی ئەم گشتە سەروەتەی. بیرەوەری کچە سپی پێستەکەش لە مەر ئەم شتانەیە، بە ئەندامێکی خەوتوو لە سەر تەختەی خەو. بوونی کچە هەتا ماوەیەکی زۆر وێناو خەیاڵو سەرچاوەی ئارەزووەکانی بووە، شاهیدی تایبەتی پەرێشانییەکەی، سۆزەکەی، شاهیدی، قووڵاییە رەشو ترسناکە نەفسییەکانی بووە. پاشان ڕۆژێکی دادێ کە وێناو، خەیاڵ، دیمەنی ڕاستی بە خۆیەوە دەگرێ. ئەو حەزو ئۆگری دێرین کە لە پیاوەکە دایە، پێوەندی بە کچە سپی پێستەکەوە دەبێ. سەرنجام، ئەمە بێ تاقەتی دەکا، بە جۆرێك کە لە نێو پەرێشانیو دڵە خورپەیەکی دژواردا، ناچار دەبێ، نیگای خەیاڵو ئەوەی لە کچە سپی پێستەکە ویستبووی، لە ژنێکی تردا بیدۆزێتەوە، ژنێك کە کچە سپی پێستەکە نیە. لەوانەیە پیاوەکە چارەی نیە جیا لە خۆ فریودانی خۆی، ئەو کارەی بکا کە بنەماڵەو خواو خێڵی باکوور چاوەڕوانی بوون. ئەمانە گشتیان لە پێناوی مانەوەدا بووە.

ژنەکە کەمو زۆر ئاگای لە پێوەندی کچە سپی پێستەکە بووە، لەوانەیە خزمەتکارەکانی بۆیان گێڕابێتەوە. ژنە خزمەتکارە سادە دڵەکانی خەڵکی سادك کە لە ماڵەکەی کارەکەریان بوون. ژنە ئاگاداری گشت شتێك بووە هەردووکیان ژنەکەو کچە سپی پێستەکە، هاوتەمەن بوون. هەردووکیان شانزدە ساڵ بوون. تۆ بڵێی ئەو شەوەی گریانی مێردەکەی بینی بێ؟ئایا گریانی مێردەکەی سوکنایی دڵی ویشی داوەتەوە؟کچێکی شازدە ساڵانە، ژنێکی ماڵداری چینی لە ساڵەکانی سی دا، توانیویەتی بە بێ ئەوەی پەنا بەرێتە بەر

ڕووالّەت سازی، دەردو عەزابی پیاوێك کە هۆکەی بێ وەفاییە ئارام بکاتەوە، ئەویش ئەو بێ وەفاییەی گەورەترین زیانی بە ژنەکە گەیاندوە. کێ چ دەزانێ، لەوانەیە خۆی تاوانبار بێ، لەوانەیە پاش ماوەی شەوێ لە لای پیاوەکە، بێ ئەوەی دوابێ، فرمێسکی هەڵوەراندبن. فرمێسكو پاش فرمێسکیش سۆزداری. ئەم کچە سپی پێستە ئیتر نەیزانی سەربردەی وان بە کوێ گەی.

زۆر ساڵ دواتر، پاش شەڕ، پاش پێوەندییەکانی هاوسەری، پاش منداڵەکان، پاش تەڵاقەکانو پاش کتێبەکان، پیاوەکە دەگەڵ ژنەکەی دێتە پاریس. تەلەفۆن دەکا:منم. . . ژنەکە هەر کە گوێی لە دەنگی بوو ناسیبوویەوە، پیاوەکە وتبووی:تەنیا حەزم دەکرد گوێم لە دەنگت بێ. ژنەکەش لە وەڵامدا وتبووی خۆمم، ئەو کاتەت باش، پیاوەکە شەرم گرتبووی‌و وەك ئەو کاتانە ترسابوو، دەنگی لەرزی بوو، ژنەکە بە لەرزینی دەنگی زاراوەی چینی یەکەی ناسیبووەوە. پیاوەکە ئاگادار بوو بوو ژنەکە خەریکی نووسینی کتێبە، ئەمەی بە هۆی دایکی ژنەکەوە زانیبوو، لە سایگۆن چووبووە سەردانی. پاشان لە مەڕ برا چکۆڵەش هاودەردی دەربڕیبوو. پاشان نەیزانیبوو باسی چی بۆ ژنەکە بکا، دوا جار وتویەتی هەنووکەش وەك ڕابردوو خۆشی گەرەکە. وتویەتی ناتوانێ دڵ لە خۆشەویستی وی بەرداو هەتا ماوە خۆشی ئەوێ.

**نۆڤل نۆشاتۆ پاریس فیورییەی 1984 دۆراس**